ڕۆمان

# نزاکانی دایکم

بەرگی یەکەم

گەشبیر ئەحمەد

٢٠١٦

ناوی کتێب: نـزاکانی دایکـم.

ناوی نوسەر: گەشبیر ئەحمەد.

بابەت: ڕۆمان.

تـابلۆی بەرگ: هـوشیار سەعـید.

دیـزاینی بەرگ: ایبـراهیم صـالح.

دیزانی ناوەڕۆک: عومەر عوسمان.

هەڵەچنین: سۆما بابان.

چاپی یەکەم- ٢٠١٦

تیراژ: ١٠٠٠ دانە.

نرخ: ٦٠٠٠ دینار.

**لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣٤٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی پێدراوە.**

**" بەبێ ڕەزامەندی نوسەر، هیچ کەسێ مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبەی نییە. هەروەها بە بێ ڕەزامەنـدی نوسـەر، هـیچ کەسـێک مـافی ئەوەی نیـیە ئەم بەرهەمە یان بەشێکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتێکان بـڵاو بکـاتەوە، بە پـێچەوانەوە ڕووبەڕووی ڕێکاری یاسایی دەبێتەوە."**

## پێشکەشە بە:

* دایک و باوکم

* بە گیانی پاکی ئەو موسافیرانەی لەو ڕێگەیەدا ڕوحیان سپارد، گـۆڕ غەریب بوون و جەستەیان بوو بە خۆراکی گیانەوەرە دەریایەکان...

* بە هەموو ئەو کەسانەی کە لەم کتێبەدا ناویان هاتووە و ڕۆژێـک لە ڕۆژان بۆ چرکە ساتێک، کاتمـان بەیەکەوە بەسـەربردووە و بـوون ڕێبواری ڕێگەکەم..

* بەو کەسەی کە عەشقەکەی بوو بە خۆڵەمێش و ڕۆشت بەدەم باوە..

## پەیامی نووسەر:

خوێنەری ئازیز... کۆی ئەم بەسەرهاتە ڕاستی ژیانی خۆم و چەند کەسێکە؛ ئەم ڕووداوانە نە ئەفسانەیە و نە چیرۆکێکی خەیاڵی و دروستکراوە. کارەکتەرەکان هەموویان ڕاستن و زۆربەیان لە ژیاندان و هەندێکیشیان شایەتحاڵی ڕووداوەکانن؛ بەڵام بۆ هەندێك لە کارەکتەرەکان ناوی خوازراوم داناوە. دەزانم لەهەندێک شوێندا دەوەستیت و پرسیار لەلات دروست دەبێت، دەزانم حەز دەکەیت زیاتر قوڵبیتەوە و زیاتر لەبارەی ڕووداوەکانەوە بزانیت، بەڵام من هەوڵم داوە بە کورتی شتەکان باس بکەم. من حەزم بە درێژدادڕی و بەفیڕۆدانی وشە نییە. دەزانم کات بەنرخە لەبەر ئەوە ڕێزم لەکاتی تۆ گرتووە.. هەڵبەت کارێکی ئاسان نییە مێردمناڵێک لە تەمەنی پانزەساڵیدا سەفەر دەکات بۆ دووری چەندین میل ڕێگە دەبڕێت بەدەردەسەری و گرفتاری.

لە نووسینی ئەم کتێبەدا پەیامێکم هەیە و دەمەوێت ئەو پەیامە بگەیەنم. ژیان جەنگە، دەبێت بجەنگیت هەتا بژیت، لەهەر شوێنێک تفەنگی ورەو هیوات دانا، لەوجێگەیە دۆڕاویت. مرۆڤ دەبێت بەهیوابێت بۆ ئەوەی سەرکەوێت، هەمیشە جوانی بەدەست هێنانی ئامانجێک لەوەدایە کە ماندوو بیت بۆی، هەر شتێک بە ئاسانی بەدەستت هێنا، بەئاسانیش لەدەستی دەدەیت.

ژیان بە ماندووبوون وهەوڵدانەوە خۆشە. هەرگیز نائومێد مەبە کاتێک ڕووبەڕووی گرفتێک یان کێشەیەک دەبیتەوە. ژیان پڕە لە بەرزی و نزمی، هەوڵبدە لەگەڵ ئەو بەرزی و نزمیەدا ڕابێیت.

# نزاكانی دایكم

ســـاڵی ٢٠٠٠

## - ١ -

## سەفەر

بەیانی بوو، کە لە ماڵ چوومە دەرەوە باران بە خوڕ دەباری، کەش و هەوا زۆر سارد بوو. ناوەڕاستی وەرزی زستان بوو. لە شوێنی وەستانی پاسدا چاوەڕێ بووم، زۆری پێنەچوو پاسێکی (ڕیم) هات کە بۆ سەنتەری شار دەچوو، سواری پاسەکە بووم جمەی دەهات لە نەفەر، چەند کەسێکیش بە پێوە وەستابوون. لە ناو پاسەکەدا هەر باسی کۆچ بوو بۆ هەندەران، کوڕێک لە بەرامبەرم دانیشتبوو لەگەڵ نەفەرەکەی تەنیشتی قسەی دەکرد و دەیگوت: پارەم بۆ ڕێبەرێک خەواندووە و ئێستا دەچم لە بازاڕ هەندێک پێداویستی ڕێگە دەکڕم، (انشا اللە) ئەم هەفتەیە وەجبەکەمان دەردەچێت. تەنانەت لە ڕادیۆی پاسەکەشەوە هەر باسی کۆچی بە لێشاوی گەنجان بوو بۆ هەندەران. ئەوەی کە زۆر نیگەرانی کردم ئەو کچەبوو کە دەچوو بۆ زانکۆ لەگەڵ هاوڕێکەی قسەی دەکرد، بەدەم هەنسکەوە گوتی هەفتەیەک پێش ئێستا ئەو کوڕەی کە دوو ساڵە خۆشمدەوێت سەفەری کرد، بڕواناکەم جارێکیتر بیبینمەوە. چووبوومە ناو قووڵایی قسە و باسی نەفەرەکان و دەرەوەی پاسەکەم نەدەبینی چونکە بەهۆی هەناسەی نەفەرەکان پەنجەرەکان هەمووی هەڵمی کردبوو، زۆری نەبرد گەشتینە ناوجەرگەی شار.

بەژێر چەرداخی دوکانەکاندا دەڕۆشتم بۆ ئەوەی باران لێمنەدات، هەتـا گەشتمە شوێنی کارەکەم. هەموو ڕۆژێـک یەکەمـین شـت کە دەمکـرد. کاسێتێکی (عبدالباسط) هەبـوو دەمخسـتە سـەر تەسـجیلەکە و بەدەم گوێ گرتن لە (سورەتی یوسف) دەستم بە ئیش دەکرد، ئەو کاتـانەی کە بەتەنها دەبووم باشتر ئیشم دەکرد و جوانتر کارەکـانم ڕادەپەڕانـد. کە گـوێم لە قورئـانەکە دەبـوو نـاخم ئاسـودە دەبـوو، دەروونـم خـاڵی دەبوویەوە لە خەم و هەر کێشەیەک کە ڕووبەڕووم دەبوویەوە. پاشـان هێزێک لە ڕوحمەوە پەیدا دەبوو، بریسکەیەک ڕایدەچڵەکانـدم. هەسـتم دەکرد تەنهایی بۆ خۆی هاوڕێیەکی باشـی مـنە و بە تەنهـایی باشـتر دەتوانم ئیشەکانم بکەم!.

نزیکەی شەش مانگ دەبوو، لە چێشتخانەیەک وەکو قاپ شۆر ئیشـم دەکرد، هەڵبەت ئەوەندە دڵخۆش بووم بەو ئیشەم لە ماوەیەکی کەمـدا، بووبووم بە یاریـدەدەری ئەو وەسـتایەی کە بـرنج و شـلەی دروسـت دەکرد. دەبوایە کاتژمێرێک پێشـتر مـن لە مەتـبەخەکە ئامـادەبم هەتـا باینجان و پەتاتە و کولەکە پـاک بـکەم و قـاژی بـکەم بەو شـێوەی کە وەستاکە فێری کردبووم. کە وەستاکەم دەهاتە سەرکار هەمـوو شـتێکم بـۆ ئامـادەکرد بـوو ئیـتر ئەو دەسـتی دەکـرد بە درووسـتکردنی خواردنەکان. مێشکم کاس ببـوو لە دەنگـی قـاپ و مەنـجەڵ و گـڕی پەرەمێز و تەباخ و بۆنی شلە و ڕۆنی سووتاو دووکەڵ. لە تینی هەڵمـی

خواردن و دووكەڵی سووتاو چاوەكـانم دەكـزانەوە. ڕۆژانە نیـو فەردە پیازم پاک دەكرد و ئەڵقە ئەڵقە قاژم دەكرد ئیتر ئـاو بە خـوڕ بەچاومـا دەهـاتە خـوارەوە، جـاری واهەبـوو كە مەنجەڵـێكم لە تەبـاخێكەوە دەگواستەوە بۆ تەباخێكی تر نقە نقم بوو. دوا نیـوەڕۆیەک وەسـتاكەم بینـی بە بێـدەنگی دانیشـتبوو جگەرەیەكـی بەدەسـتەوە بـوو زۆر بە حەسرەتەوە نەفەسی لێدەدا. پێشتر هەگیز وەها نەمبینی بوو، بۆ ئەوەی بیدوێنم و بزانم بۆ خەمبارە. من پێشتر دەمزانی چەنـد سـاڵە وەسـتایە بەڵام نەمـدەزانی چـۆن دەسـتی كـردووە بەم پیشـەیە. لەبەرئەوە بەم پرسیارە دەستم پێكرد:

"تۆ خۆت حەزت لەم پیشەیە بوو یان بە سوتفە كەوتیتە چێشتخانەوە؟"

وتی: "ئێستا كەی كـاتی ئەو پرسـیارە پـوچ و بـێ مانـایەیە؟" چـوومە تەنیشتی و وتم: "بیـرم لە شـتێک كـردۆتەوە ئەگەر وەڵامـم بـدەیتەوە ڕەنگە بیرو ڕای خۆم بگۆڕم.."

- بیرت لە چی كردۆتەوە؟

وتم: "دەمەوێت سەفەر بكەم و بڕۆم بۆ هەندەران!." لە دڵی خۆمدا گوتم ئێستا لەوانەیە بكەوێتە قاقای پێبكەنین، بەڵام بە پێچەوانەوە زیاتر خەم دایگرت. نەفەسـێكی قـوڵی دا لە جـگەرەكەی و وتـی: "ئەو كـاتەی كە زانكـۆم تەواو كـرد، زۆر هەوڵمـدا دابمەزرێـم وەک فەرمـانبەر لە فەرمانگەیەک یان دەزگایەک، بەڵام بەداخەوە چونكە خزمێكی بەرپـرس

و حزبيم نەبوو لە هيچ شوێنێک وەرنەدەگيرام، ئيدى لە ناچاريدا چـووم لە چێشتخانەيەک وەکو شاگرد دەسـتم بە ئـيش کـرد دواتـر يـارمەتى وەستاکەم دەدا هەتا بۆ خـۆم فێـرى خواردنەکـان بـووم، مـاوەيەک لە چێشتخانەکى تر بووم، وازم هێنا چونکە پارەکەم زۆر کەم بـوو، دواتـر هاتم بۆ ئێرە و ئێستا لێـرە دڵخۆشـم بە پيشـەکەم و مـوچەکەم، ئەگەر هەرچى فەرمانگەى ئەم هەرێمە هەيە لەسەر من پەکى کەوتبێت بەلايـدا ناچم، چونکە بەم پيشەيەى ئێستام زۆر قايل و دڵخۆشم، هەروەهـا زۆر شانازيشى پێوەدەکەم.."

بەدەم شۆردنى مەنجەڵەکانەوە... پرسيم بۆ ئاوا خەمباريت ئەمڕۆ؟ وتى:"خۆشەويسترين هـاوڕێى منـاڵيم ئەم بەيـانييە سـەفەرى کـرد و بەجێى هێشتم چوو بۆ ئەورووپا بە ڕێى قاچاخ، هەر ئەوەندەى بۆ وتـراو کەوتە قوڵپى گريان."

هەمـــان ڕۆژ کە لە ئـــيش تەواو بـــووم و گەڕامەوە بـــۆ مـــاڵەوە (عوســمان)ى ئـامۆزام بينــى کە لە توركيــا گەڕابــوويەوە، بووبــوو بە قاچاخچى ڕێگەى تورکيا، دووهەم وەجـبەى بەسـەلامەتى گەيانـدبوو، خەريک بوو ناوى دەرەکـرد، ئەو شـەوە لەمـاڵى ئـێمە بـوو. چـوومە تەنيشتى و بە هێمنى، پێموت حەز ئەکەم منيش بچم بۆ تورکيا.

وتى:"ئەم وەجبەيەم قەيات بووە، بۆ وەجبەى داهـاتوو حەوت نەفەر لە ئـامۆزا و پورزاکـانم هەڵـدەبژێرم ئەوانەى کە پارەيـان نيـيە، بەبـێ

بەرامبەر دەیانبەم. بەس ئەم وەجبەیەم بگاتە جێ بەسەلامەتی، ئەوە بەڵێن بێت تۆ یەکێک بیت لەو حەوت نەفەرە." هەڵبەت قسەکەیم بە گاڵتە وەرگرت و بە پێکەنینێکەوە وتم ئەمە وەعدی شەوانەیە، بڕواناکەم جێبەجێ بێت، ئیتر بەدەم پێکەنینەوە خەومان لێکەوت.

کە بەیانی بەخەبەرهاتم، ئامۆزا ڕۆشتبوو، منیش هەر هەمان ڕۆژ بابەتەکەم لە لای دایک و باوکم باس کرد، هەر سەیری یەکیان دەکرد، باوکم هیچی نەگوت، بەس دایکم هەندێک قسەی کرد لەبەر خۆیەوە هیچی لێتێنەگەیشتم. بۆ ڕۆژی دواتر کە چوومەوە بۆ سەر کار بەخاوەنی کارەکەم گوت: لەوانەیە منیش بڕۆم بۆ تورکیا، ئیتر هەموو لەبەر خۆیەوە پێدەکەنین و گاڵتەیان بە دۆخەکە دەهات چونکە من تەمەنم تەنها پانزە ساڵ بوو ئەو کاتە!.

دوو هەفتە تێپەڕی، نیوەڕۆیەکیان بەدەم گۆرانی وتنەوە لە مەتبەخەکە سەرقاڵی قاپ شۆردن بووم، برا بچوکەکەم بە هەناسە بڕکێ هاتە سەر شوێنی کارەکەم. وتی: پەلە بکە ئامۆزا چاوەڕوانی تۆیە و یەک سەعاتی تر دەبێت سەفەر بکەیت، ئەو دیمەنە وەکو فیلمێک دەهاتە پێش چاوم. کە چووم بۆلای خاوەنی چێشتخانەکە و داوای پارەی ئەو چەند ڕۆژەم کرد کە ئیشم بۆ کردبوو.

دەیگوت:"مەعقول نییە، منالێکی وەک تۆ چۆن ڕێگەت پێدەدەن بۆ ئەو ڕێگەی قاچاخە، دوێنێ جەنازەی دوو نەفەریان هێنایەوە لەو ڕێگەیەدا

کوژرابوون، دیارە دایک و باوکت تۆیان لێ زیادە!." ئەو کاتەی کە ماڵئاویم لە وەستاکەم کرد، خاوەنی چێشتخانەکە بەدەم بۆڵە بۆڵەوە بڕێک پارەی پێدام و وتی: ئەوە حەقی ڕەنج و ماندوو بوونی خۆتە.

کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە دایک و باوکم هێند پەشۆکابوون هەموو خوشک و براکانمیان هەر بە ناوی منەوە بانگ دەکرد، ئێستا دەزانم چەند کارەساتێکی جەرگ بڕ بوو بۆ ئەوان، چونکە ئەو کاتە من کوڕە گەورەی ماڵ بووم!. جانتایەکی بچوکم هەبوو جل و خاولیم تێدەکرد، کە دەچووم بۆ ڕاهێنان لە هۆڵی وەرزشی (سەنتەری چالاکی گەنجان) بەشی کۆنفۆ، ئیدی لەوکاتەدا ئەوە هاتە بەردەستم، پانتۆڵێک و کراسێک و هەندێک نان و خواردنم تێکرد و دام بە شاندمدا.

دەستی باوکم ماچ کرد، کە باوەشم کرد بەدایکمدا کەوتە قوڵپی گریان و منی بەرنەدەدا. لەبەردەم ماڵمان پاسێکی کۆستەر وەستا بوو کە پڕ بوو لە نەفەر، هەندێک لەوانە نامۆ بوون، بەڵام هەندێکیان خزمی خۆم بوون و سڵاومان لەیەک کرد و ماچ بارانیان کردم، سەرنجی نەفەرەکانم دا من لە هەموویان منداڵ تر بووم. بەر لەوەی کە پاسەکە بڕوات دایکم بە ڕاکردن هات و (قورئانێکی گیرفانی) دایە دەستم کە قەبارەکەی زۆر بچوک بوو، وتی: "کوڕم لەهەر شوێنێک کەوتیتە تەنگانەوە دەست بخەرە سەر ئەم (قورئان)ە خودا ئاگای لێت دەبێت ئینشائەڵا، منیش لە ناخەوە نزات بۆ دەکەم، کوڕم ئامانەتی خودا بێت." ڕێبەرەکەمان

كورێكى ئامۆزاى خۆم بوو. ئەو بڕيارەى كە دايبوو بەبێ بەرامبەر من بەرێت هەتا توركيا. لەو چركەيەدا بڕيارەكەى بردە سەر، هەڵبەت هەر من نا بەڵكو سێ ئامۆزا و دوو پورزاى ترى لەگەڵ برايەكى خۆى كە بە ناوى (سديق) بوو. هەر بۆيە باوكم ڕەزامەندى دەربڕى كە بڕۆم لەو تەمەندا.

# -٢-

# سەرسنوور

شۆفێری پاسەکە کوڕێکی گەنج بوو، کاسێتێکی (ئیبراهیم تـاتلّس)ی پێکـرد و کەوتەڕێ، کە لە ناوشـار دەرچـووین، ئـامۆزا دەسـتەیەک تیشێرتی هەڵبژاردەی تۆپی پێی بەڕازیلی دەرهێنا، دابەشی کرد بەسـەر نەفەرەکاندا و گوتی: لەبەر بکەن ئێستا نزیکی سـەیتەریەک دەبینەوە، ئەگەر پرسیاریان لێکرد بڵێن ئێمە یانەیەکی وەرزشین و ئەچین بۆ یاری و ئینجـا سـێ تـۆپی خسـتە سـەر داشـبوردی کوسـتەرەکە. هەمـوو نەفەرەکان دایان بوو لە قاقای پێکەنین بە کوڕێـک کە نـاوی (ئامـانج) بوو، چونکە کێشـی زۆر بـوو، ورگـی شـۆڕ بووبـوویەوە تیشـێرتەکە نەدەچوو بە بەریدا. ئـامۆزا تیشـێرتەکەی لێـوەرگرت و گـوتی: ئەگەر پرسیاریان لە تۆ کرد، بڵـێ مـن هانـدەرم. لە یەکەم سـەیتەرە و دووەم سەیتەرە تێپەڕ بووین. دەمە و ئێوارە بوو کە گەشتینە سـەر سـنووری نێوان هەرێمی کوردسـتان و ئێـران. کێشـەیەک بـۆ وەجـبەکەی ئـێمە دروست بوو، ئامۆزا پارەی دابوو بە ڕێبەرەکە بـۆ ئەوەی لە سـنوور بە ئاسانی تێپەڕین، بەڵام هەڵەیەک ڕوویدا بوو، شۆفێرەکە ئێمەی لە نزیک ماڵێکی ڕووخاو داناو ئێمەی بەجێهێشت.

ئیتر هەر نەفەرە و لە شوێنی خۆیەوە بۆڵە بۆڵی بوو، هەبوو كفری دەكرد بە دەرزەن. هەبوو دەیگوت: ئێمە لە سنووری هەرێمی كوردستان گیرمان خواردووە و دەرناچین. ئیتر چۆن دەگەینە توركیا و لەبەر خۆیەوە هەر جرتی لێئەدا، یەكێكی تر لە سوچێكەوە، نوێژی دەكردو شوكری خودای دەكرد، یەك دوانێكیش خەوتبوون.

من هەر بیرم دەكردەوە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت. ئەم ڕێگەیە هەر وا ئاسان نابێت و گرد و هەورازی زۆر دێتە بەردەمم و دەبێت ئارام بگرم. وامدەزانی هەر لە سنووری هەرێم تێپەڕین ئیتر خێر و خۆشی بەسەرماندا ئەبارێت. نزیكەی دوای سێ كاتژمێر ئامۆزا گەڕایەوە بۆ لامان و وتی: بەداخەوە ئەبێت ئەمشەو لێرە بمێنینەوە، چونكە شەڕ و پێكادان ڕوویداوە لە نێوان ڕێبەرەكان و ئەو كەسانەی لەگەڵیان ڕێكەوتبووین. هەندێك لە نەفەرەكان داوای نانیان كرد و گوتیان برسیمانە، ئامۆزا گوتی: باشە ئێستا ئەوەش چارەسەر دەكەم. ئەچم خواردن لە شوێنێك ئەكڕم و دێمەوە، بانگی دوو پورزاكەی كرد و ڕۆشتن.

(عەبە خاڵە) یەكێك بوو لە خزمەكانی خۆم، بە قسەی خۆش و گاڵتەو گەپ ناسراوە، دەیان چیرۆك و بەسەرهاتی خۆشی هەیە، هەموومان چێژمان لە قسەكانی وەردەگرت، بەڕاستی (عەبە خاڵە) هەرچی خەم بوو لە بیری بردینەوە. دوای دوو كاتژمێر هاتنەوە بە سێ مەنجەڵی

گەورە خواردن و نانەوە و سێ دەبەی گەورە ئاوەوە، هەمـووی بە دڵـی خۆی نانی خوارد و تاریک داهات و ئەو شەوە خەومان لێکەوت.

بۆ سبەی بەر لە خۆرهەڵاتن لە سنوور پەڕینەوە و پـێمان خسـتە سـەر خاکی ئێران، نزیکەی دوو کـاتژمێر بە پیـادە ڕۆیشـتین و ڕێبەرێـک لە پێشمانەوە بـوو. کە گەیشـتینە ئەو شـوێنەی بۆمـان دیـاری کرابـوو، سـێ سـەیارەی (سـایپا)* چـاوەڕێی ئـێمە بـوون. سـوار بـووین و خێمەکانیان دادایەوە و دەرچوون. ئەوەندە ڕێـگەکەی سـەخت و دژوار بوو، هەر هەڵبەز و دابەزمان بـوو، وەخـت بـوو جەرگ و دڵـمان بێـتە دەرەوە، نەفەرێک کە لە بەرامبەرم دانیشتبوو بوو کوڕێکی گەنـج بـوو، چەند جارێک ڕشایەوە و هەموو جلەکانی خۆشی و ئێمەشی پیس کـرد. زۆر تاریک بوو لە ناو (سایپا)کە هیچمان نەدەدی. ماوەیەکی زۆر بەبێ وەستان(سایپاکان)دەڕۆشتن و ئینجا لە شوێنێکدا وەستا.

دوو نـەفـەر لەتەنیشتـــی مـنەوە دانیشتبوون، یەکـــێکیان بەتەمەن بـوو، هەر زوو زوو لەوەی تەنیشتی دەپرسی: کاتژمێر بوو بەچەنـد؟ کوڕێکی گەنج لە ناوەڕاستی ئێمە بە چیچکانەوە دانیشتبوو، شوێنەکەی زۆر تەنگ بوو، بەڵام کوڕێکی زۆر قۆشمەچی بوو لەبەر خۆیەوە گوتی:

---

*.(سـایپا): جـۆرە پیکـاپێکە بـۆ بـار گواسـتنەوە بەکاردەهێنرێـت بەتـایبەتی لە خـاڵە سنوورییەکانی وڵاتی ئێران، هەروەها (زامیاد)یشی پێدەڵێن.

ئەڵێی ژوانی لەگەڵ کەپلەکەی داناوە. هەندێک پێکەنین و شۆفێرەکە خێمەکەی لاداو کوتی دابەزن. کە دابەزیم سەیری دەوروو و بەری خۆم کرد لەناو گرد و دۆڵێک بووین خەردندێک لە بەرامبەرمان بوو. هیچ کەس دیار نەبوو، نە ماڵێک. نە ئاواییەک. نە ڕووناکییەک.

ڕەشەبایەکی توندی وشکی ساردی هەبوو. زۆر نامۆ بوو وەکو ئەوەی کەوتبێتینە ناو هەسارەیەکی ترەوە، تەنانەت بۆنی خاک و خۆڵەکەش جیاواز بوو.

شۆفێرەکە عەلاکەیەکی هێنا و هەمووی خواردن بوو دای بە نەفەرەکان و هەریەکەو لەفەیەکی بەرکەوت و دەبەیەکیش ئاوی پێدایین. دیار بوو یەکێک لە (سایپا)کان تایەکەی پەنچەر بووبوو. تایەکەیان گۆڕی و سەرکەوتین و کەوتینەوە ڕێ. ئیمە هیچمان نەدەبینی چونکە بە خێمە دایان پۆشیبووین. جار جارە لە ڕێگە دەودەستان کەمێکی پێدەچوو. پاشان بەڕێدەکەوتن. نزیکەی شەش کاتژمێری تر ڕۆیشتن. لە شوێنێک دابەزین لە ناو گەراجی سەیارە بۆ ئێمەیان بردە ماڵێک و وتیان ئێرە (ڕەزایە)*یە.

کاتەکەی شەو بوو. زۆر تاریک بوو. چاو چاوی نەدەبینی و هەموومان لەماڵێک ماینەوە. ئەوەندە ماندوو بووین هەندێکمان هەر بەقسەنەوە خەوی لێکەوت.

---

*.(ڕەزایە):شارێکی ئێرانە. کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان ئێران و تورکیا.

زۆری پێنەچوو سێ کچی جوان کە تەمەنیان نزیکەی بیست ساڵ دەبوون، جلەکانیان زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، هەریەکەیان لەسەر سینییەک خواردنی زۆر گەرم خۆشیان بۆ هێنایین و ڕۆشتن. ئیتر نەفەرەکان زۆربەیان کەوتنە باسی ئەو کچانە و ئاخ و ئۆفیان بۆ هەڵئەکێشان، کورە قۆشمەچییەکە وتی: ئەگەر بۆم هەڵکەوێ، ئەو قژ لوولەی کە مەکسییە شینەکەی لەبەردایە، جلەکانی بەری وەکو نان تەخۆم و میزەکەشی وەکو شەربەت هەڵەقوڕێنم.

## - ٣ -

# سینی دەستی کچەکان

خەبەرم بوویەوە، نازانم کاتژمێر چەنــد بــوو، بەڵام ژوورەکە تاریــک بوو، دەورووبەرم هەموو ئەو نەفەرانە بوو، کە لەتاو ماندوویەتی ڕێگە لەخەوێکی قوڵدا بوون، هەموو تێکەڵی یەک بووبووین. زیــاتر لە پــانزە نەفەر دەبوو لەو ژوورە بچـوکەدا. کانتۆرێــک لە لای ســەرمەوە بــوو، دەستم گرت بە کانتۆرەکەوە و هەستامە سەرپێ. هەمــوو گیــانم کــوترا بوو، وام هەست دەکرد بە بیســت کەســەوە لێیانــداوم. ئەوەنــدە گیــانم ئازاری هەبوو.

ژوورەکە تاریک بوو بەس لە پەنجەرەکەوە کەمێک ڕووناکی دیار بــوو، پێدەچوو ئاسمان ساماڵ بێت. ویستم بەرەو دەرگــای ژوورەکە هەنگــاو بنێم، بەڵام پێم نــا بە نەفەرێکــدا. تۆزێــک جــوڵایەوە، بەس بــاش بــوو خەبەری نەبوویەوە. چەند دەنگێک بە کــزی دەبیســتران لە دەنگــی ژن دەچوو. تۆزێک چاوم هەڵگڵۆفی و چووم بۆ حەوشەکە، چونکە تەوالێــت لە حەوشەکەدا بوو، دەســتم بەئــاو گەیانــد و لە تەوالێــت گەڕامەوە، لە چەند مەترێک ئەولاترەوە پەنجەرەی ژوورێکم بینی و گڵۆپەکەی ئیشــی دەکرد و تەنها پەردەیەکی تەنک پەنجەرەکەی داپۆشیبوو. منــیش بەرەو پەنــجەرەکە چــووم و کە نزیــک بــوومەوە، دوو کــوڕ لەگەڵ دوو کــچ

دەستیان تێکەڵ کردبوو. هەڵبەت بەباشی ڕووخساریانم نەدەبینی. بەڵام دەنگەکان بەنزمی دەبیستران و یەکسەر هەستم کرد کوردەکان کورد بوون بەس دڵنیا نەبووم کێ بوون. ڕاستی بۆم گرینگ نەبوو کێیە. پێدەکەنین و لە کەیف و سەفادا بوون و باوەشیان بەیەکدا کردبوو. منیش لەمدیووە پەنجەرەکەوە چێژم لەو دیمەنە وەردەگرت. کەش و هەوا زۆر سارد بوو. وەڵێ من چووبوومە دالغەوە خۆم لەبیر کردبوو. لەناکاو کەسێک لە ژوورێکی ترەوە هاتە حەوشەکە و بەرەو تەوالێتەکە ڕۆیشت. ئیدی لە خەیالەکەم دابڕیم و گەڕامەوە بۆ ژوورەکە هەموو کیانم تەزی بوو. چوومە ناو پێخەفەکەم و بەخەیاڵی ئەو دیمەنەوە خەوتم کە لە پەنجەرەکەوە بینیم!.

لەخەوێکی خۆشدابووم یەکێک ڕایوەشاندم و خەبەری کردمەوە. کە چاوم کردەوە بینیم ئامۆزایە. وتی: هەستە خۆت کۆکەرەوە، کەمێکی تر دەڕۆین. هێشتا ڕۆژ بەتەواوەتی هەڵ نەهاتبوو. یەکێ لەتێک سەموونیان پێداین لەگەڵ کوپێک چای زەردی بێتام.

(سایپا)کان ئامادەبوون لەبەردەرگا و وردە وردە چووین لە دواوە دانیشتین، تەنها ئەو شەوە لە (ڕەزایە) ماینەوە و بەڕێ کەوتین بۆ سنووری نێوان ئێران و تورکیا. ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێک ڕۆیشتین و لە شوێنێکدا وەستا. ڕێبەرەکە پێیوتین ئەبێت. لێرەوە بە پیادە بڕۆین هەتا لە پشتی کۆنترۆڵەوە دەردەچین. نزیکەی سێ کاتژمێر بە پیادە

ڕۆشتین ئیتر هەموو نەفەرەکان هەناسە برکێیان پێکەوت بوو. ماندوو شەکەت بوون.

کەیشتینە ئەو خاڵەی کە بۆمان دیاری کرابوو. لەوێ چەند ڕێبەرێکی کرمانج بە ئەسپەوە چاوەڕێمان بوون. ڕێبەرە ئێرانییەکان گەڕانەوە و ئیتر لەگەڵ کرمانجەکان بەڕێ کەوتین هەندێک لە نەفەرەکان ئەوانەی کە نەیاندەتوانی چیتر بە پێ بەڕێکەون. لە ناچاریدا ئەسپیان لە ڕێبەرەکان بە کرێ دەگرت و بە سواری ئەسپ لەگەڵماندا دەهاتن. ئیدی بۆنی پیسایی ئەسپەکان هەموومانی کاس کردبوو. دیار بوو ئەو ڕێگەیەش لە پیسایی ئەسپ و ئاژەڵی تردا تەنرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ڕێگاکە هەوراز و گرد و خەڕەند بوو.

نزیکی کوندێک بووینەوە و بەئاسانی کوندەکامان دەبینی. تەنها کیلۆمەترێک لێوەی دوور بووین و هەموو دڵخۆش بووین. لەناکاو بوو بە تەقە لە هەرچوار لاوە، لە ڕاستیدا کەوتبووینە کەمینی (جەندرمە)* وە. ئیتر هەموو پەشۆکابووین هەر کەسەو بەلایەکدا رایدەکرد، گولە وەکو باران بەسەرماندا دەباری و زۆر دەترسام. پێشتر تەنگانەی زۆرم بینی بوو. بەڵام ئەوە یەکەم جار بوو بکەومە ناو گولەبارانەوە.

---

*. (جەندرمە) ئەفسەری تورکە.

لە پێش ئێمەوە وەجبەیەک گەیشتنە گوندەکە، ئەوان هەموویان کەوتنە ناو کەمینەکەوە و هاواریان لێهەڵسا دیار بوو بریندارێشیان هەبوو، هەڵبەت ئێمە لە بەرزایدا بووین و گوندەکە لە ناو دۆڵێکدا بوو ئەو دیمەنە وەکو فیلمێک دێتەوە پێش چاوم.

لە بن بەرزایی و گابردەکان خۆمان حەشاردا، هەموومان ترسێکی زۆر کەوتبووە نێو دڵمانەوە، پاڵم دابوو بە گابردێکەوە و لەو کاتە تەنگانەیەدا، نزاکانی دایکم هاتەوە یاد و دەستم برد بۆ سنگم بۆ سەر گیرفانی چاکەتەکەم بۆ سەر قورئانەکە و لە دڵی خۆمدا بۆ چەند کاتژمێرێک زکری خودام دەکرد و (ایات الكرسی)م دەخوێند، تاکو هەموو شتێک هێور بوویەوە.

ڕێبەرەکە وتی: وەرن... بەدوایدا کەوتینەڕێ نزیکەی پێنج کاتژمێر بەپیادە ڕۆیشتین بە ترس و لەرزەوە، بە ڕێگەیەکی ترەوە بۆ گوندێکی تر، درەنگانی ئێوارە بوو، خەریک بوو ڕۆژ ئاوا دەبوو، ئیدی ڕووناکی گوندێک لە پێشمانەوە دەبینرا، ڕێبەرەکە ئێمەی لە پەنایەک دانا.

وتی: دەڕۆم بۆ گوندەکە لێرە چاوەڕێ بن دەگەڕێمەوە، دوای نزیکەی کاتژمێرێک گەڕایەوە بۆ لامان. گوتی: بەدوامدا وەرن شوێنم بۆ ئامادە کردووە، لەوکاتەدا گوێم لێبوو کورە قۆشمەچییەکە دەیگوت: هیوام وایە ئەو ماڵەی کە بۆی دەچین، کچەکانی جوان بێت و تۆزێک لەو خەم و ترسەم لە بیرباتەوە.

ئــامۆزا وتــی: تەواو لە مەترســـی دەرچـــووین و ئەمە دوایــن ڕێـــگەی پیادەمان بوو، و لێرە بەدواوە بە سەیارە دەڕۆین، بەڵام کە چووینە نــاو گوندەکە هەمــوو شــتێک پــێچەوانە بــوویەوە، نەفەرەکــان زۆربەیــان حەپەسابوون، بەتایبەتی ئەوانەی کە یەکەم جاریــان بــوو لەو ڕێــگەیە بدەن وەکو من، چونکە ڕێبەرە کرمانجەکە ئێمەی بردە ناو تەویلەیەکــی گەورە کە تــازە ئاژەڵەکانیــان تیــا دەرکردبــوو!. نەفەرەکـــان لەبەر خۆیانەوە کردیان بە بۆڵە بۆڵ و ناڕەزاییان دەرەبڕی، ئەو شــەوە لەنــاو شیاکەو تەپاڵەی و پشقلدا نانمان خوارد و خەومان لێکەوت.

# - ٤ -

# شاری وان

بـــۆ ڕۆژی دواتـــر لە بۆڵەبـــۆڵ و گلەیـــی و گازنـــدەی نەفەرەکـــان بەئاگاهاتم، خەریک بوو لە پێستی خۆم نەهاتمە دەرەوە، هەڵبەت حەقی خۆشیان بوو. هەموویان پەست و خەمبار بوون. یەک لەیەک نیگەرانـتر بوون و لەبەر خۆیـانەوە دەیـانگوت: وەکـو نـاژەڵ مامەڵەمـان لەگەڵ دەکەن، تەنانەت دەرگای تەویلەکەشیان لەسەرمان داخستووە. بەڕاستی بەد بەخت بووین. ئەمە دواهەمین نیشانەی ئاخر زەمانە!.

گەنجە قۆشـمەچییەکە لە تەنیشـتم دانیشـتبوو. بەیەکەوە قسـەمان دەکرد و خۆمان بەیەکتر ناساند کرد. ناوی (ئاسۆ) بوو شـەش سـاڵ لە مـن گەورەتـر بـوو. لە کۆڵەپشـتەکەی پاکەتێـک پسـکیتی دەرهێنـا و ئەیخوارد، دوو پارچە پسکیتیشـی دا بە مـن. لەولامـانەوە ئەو کـابرایە دانیشتبوو کە زوو زوو پرسیاری کاتژمێری دەکـرد لە نـاو (سـاییپا)کە. هەر قنە خشکێی بوو. جا دەستی بەزەکەرییەوە گرتبوو. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: زۆر تەنگاوم نازانم لە کوێ خـۆم بەتـاڵ بـکەمەوە. ئاسـۆ لە تەنیشتمەوە یەک جرتی لێدا من لە شوێنی خۆمەوە ڕاچڵەکیم.

وتی: دەوەرە لەناو ئەم هەموو ناژەڵە. هەر لەم کەرەمـان کەم بـوو. هێشتا وادەزانێـت لە هـۆتێلی پێـنج ئەسـتێرەیە. تـۆ سـەیرکە هەمـوو

دەورووبەری خۆی گەند و گووە. کە چـی نازانێـت لە کـوێ میـزدەکەی بکات!. حەقە ئێستا دوو پارچە پسکیت بهێنێت لەباتی لوقمی شرووبـی. یەک تەرسەقول بخەیتە نێـوانی و دەرخـواردی ئەو کەرەی بەیـت. مـن ئەوەندە پێکەنیم ئاو بەچاومدا دەهاتە خوارەوە.

لە پاش کەمێک ئاسۆ بە هێواشی پێیوتم: ئاورێک بـۆ دواوە بەرەوە و ببینە ئەها پڕ بووە لە هێن. جا وتی: بێگومان ڕێبەرەکە هەر لە ڕێـگەوە زانیویەتی ئەمانە ئاژەڵن، هەر بۆیە ئێمەی هێناوەتە ئەم تەویلەیە.

پێش ئێمە وەجبەیەکی تر گەشتبوونە ئەو تەویلەیە، دوو وەجبە نەفەر تێکەڵ بوو بوو. ئینجا بۆنی شیاکە و تەپاڵە و دووکەڵی جـگەرە و تـڕ و تسی نەفەر و بۆنی گۆرەوی و پێڵاو و بنباڵ و جلی کـۆن هەر بەجـارێ وڕ و کاسی کردبووم. چوار نەفەرم بینی زۆر جیاوازن بوون، بیجامەیان لەپێدا بوو ئینجا بەسەر بیجامەکەدا شۆرتی یاری تۆپێیان لەپێ کردبوو. لەگەڵ کالە و لەسەرەوەش قەمسەڵەیان لەبردا بوو. ئاسـۆ وتـی: داخـی ئەو چوارە منی کوشتووە، بڕوانە ئەڵێی لە مەلعەبەکە لایانداوە.

دەمەو ئێوارە بوو (ئـامۆزا) گەڕایەوە بۆلامـان و سـەموونی گەرم و تەمـاتەی هێنـا بـوو بۆمـان و ئیـتر هەمـوو نەفەرەکـان لەدەوری کۆبووینەوە، وەجبەکەی ئێمە نزیکەی بیست و حەوت کەس دەبـووین. گوتی: خۆتان بپێچـنەوە تـۆزێکی تـر سـەیارەیەکی بـارهەڵگر دێـت و لەدواوە سەردەکەون هەتا شاری( وان) دەمانبات.

زۆری پێنەچوو سەیارەی بارهەڵگر هات، قەبارەی گەورەبوو بەقەدەر گەلابەیەک دەبـوو، هەموومـان لە دواوە سـوار بـووین و کەوتە ڕێ و ئێمەش کش و مات، بێدەنگ بووین. ئاگام لێبوو چەند نەفەرێک خەویان لێکەوت، ڕێگـاکەی زۆر نـاخۆش بـوو، گـرد و هەورازی زۆر تیـابوو، لۆریەکە زۆر بە خاوی دەڕۆیشت، خەریـک بـوو دڵـم دەهـاتە دەرەوە. نزیکەی چوار کاتژمێر بەڕێوە بـوو، بـارانێکی زۆر بە خـوڕ دەبـاری و کەش و هەوا سارد بوو. لە کونێکەوە تەماشام کرد گڵۆپێکی زۆرم بینـی و شارێکی گەورە لە پێشـمانەوە بـوو ئەوەنـدە گڵـۆپ دەبیـنرا وەکـو چراخان وابوو.

(ئاسۆ)م ئاگادار کرد و ئەویش بینی و زۆر دڵخۆش بـووین، کەمـێکمان مابوو بگەینە دەروازەی شـار، لـۆریەکە وەسـتان و شـۆفێرەکە وتـی: دابەزن. ڕێبەرەکە لە پێشمانەوە بوو، بە پیادە پێـنج خـولەک ڕۆیشـتین تەویلەیەکـی گەورەی لێبـوو بە ڕاکـردن چـووینە ژوورەوە، چـونکە بارانێکی بە خوڕ دەباری.

جـێگەی سەرسـوڕمان بـوو بەلامەوە، ئەم جـارە هەسـتم پێـدەکرد نەفەرەکان دڵخۆش بوون و گلەیی و گازندەیان نەبـوو کە جـارێکی تـر دەچنەوە ناو تەویلە، هەڵبەت تەویلەکەی ئەمجارەیان گەرم و گەورەتـر بوو، پاک و خـاوێن و ڕوونـاک بـوو، چەنـد گڵۆپێـک بە سـەقفەکەوە شۆڕبوو بوویەوە!، لە سوچێکی تەویلەکەدا چەندین تۆپەڵە ( کا) هەبوو

دوو تۆپەڵەمان کردەوە و لە ژێر خۆمان بڵاومـان کـردەوە و لەسـەری خەوتین بە بێ دەنگی، هەستم دەکرد چیتر نەفەرەکانی پێشووتر نـین و هەموویان لەگەڵ ژیـنگە و دۆخەکەدا ڕاهـاتوون. ئەو شـەوەمان لەوێ بەسەر برد.

دەمەو بەیانی بوو (ئامۆزا) هات بۆلامان، وەجـبەکەی کـرد بە سـێ گروپ و هەر گروپەی نۆ نەفەر دەبوو، وتـی: هەر گـروپە و لە ماڵێـک دەمێنێتەوە و خاوەن ماڵ نان و هەموو شتێکتان بۆ ئامادە دەکات، هەتـا ئەوکاتە بەڕێتان دەکەم بۆ ئەستەمبوڵ. نزیکەی دوو کـاتژمێری پێچـوو ئینجا تەکسیەکان هاتن. گروپەکەی ئێمە بەڕێ کەوتین کە دووەم گروپ بووین. کە چووە نـاو شـارەوە مـن بەتەواوی سـەرم سـوڕما چـونکە یەکەمین جارم بوو شارێک لەو چەشنە ببینم. شەقامی پان و بەریـن، بە درێژایی شەقامەکە هەموو باڵەخانەی بەرز و قەشەنگ بـوو. هەروەهـا بینینی ئۆتۆمبێلی نوێ لە پێشەنگای ئۆتۆمبێلەکانەوە و پردی مۆدێرن و چەندین دەیمەنی دڵڕفێن. پارکی قەشەنگ کە هەموومـان وەکـو مـزراح ملمان دەسوڕاند بەملاو لادا، ڕێک وەکو ئەوەی بڵێیت کە پێشـتر لە نـاو ئەشکەوت ژیانمان بەڕێ کردبێت.

لەناو سەنتەری شار دوورکەوتووە دیار بوو بەردو گەڕەکێکـی هەژار نشـین دەڕوات، دیـمەنەکە وەهـا دەهـاتە پێشـچاوم. هێنـدەی نەبـرد تەکسییەکان ئێمەی لەبەردەم ماڵێک داگرت و چوینە مـاڵەکە و خـاوەن

ماڵ پێشوازی لێکردین و چای بۆ هێنانین و دوای کاتژمێرێک سەمونی گەرم و ماست و چای بۆ دانایین و بەدڵی خۆمان پشومان دا و بەسەرە دەچوین بۆ گەرماوەکە و خۆمان دەشۆرد.

دوو شەو لەو ماڵە ماینەوە هەر نانمان دەخوارد و دەخەوتین و قسەمان دەکرد. ئەو دوو شەوەمان زۆر بەخۆشی بەرێ کرد. هەندێک لە نەفەرەکان ڕیشیان دەتاشی و جلی تازەیان لەبەر دەکرد. وەکو ئەوەی بڵێیت دەچین بۆ ئاهەنگ. کات شەو بوو لە پڕ خاوەن ماڵ هات و وتی: دەبێت بەرێ کەون ئەمشەو بۆ ئەستەمبوڵ. دوو تەکسی لەبەردەگا بوون سوار بووین، لە دڵی خۆماندا واماندەزانی بەو تەکسیانە دەڕۆین و هەتا ئەستەمبوڵ ناوەستین. بەڵام هەر بیست خولەک ڕۆشت و ئێمەی لە بەردەم دەریای (وان) و دابەزاند و وتی: چاوەڕێ بن لێرە ئەوانی تریش دێن کەمێکی تر، بە کرمانجی هەر چۆنێک بێت تێیگەیاندین و ڕۆشت.

لەو کەنار دەریایە نزیکە سێ کاتژمێر و نیو. وەستابووین هاژە و شەپۆلی دەریاکە و گڤە گڤی ڕەشەبا. زۆر دیمەنێکی ترسناک بوو. بارانیش بە خوڕ دەباری و چاو چاوی نەدەبینی. باڵەخانەیەکی ڕوخاومان دۆزیەوە کە بووبوو بە کەلاوە و پڕ بوو لە خۆڵ و خاشاک و پیسایی. بە پەلە بەرەو ئەوێ ڕۆیشتین. بەڵام لەوکاتەدا چەند سەیارەیەکی پۆلیس بە خێرایی بەرەو ڕوومان دەهاتن و گڵۆپە شین و

سورەکەیان ئیشی دەکرد و دەنگی لیـوە لیـوە لە گویـدا بێزارکەربـوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر دەترسام، ئاسمانی ئەو شەوە لە جلەکانی دایکم رەشتر بوو!.

## - ٥ -

# بەڵێنی درۆ

هەموو گیانمان بووبوو بە ئاو وەک چۆن ڕیشۆڵەیەک تەڕ دەبێت، ئێمە نۆ کەس بووین، حاڵی کەسمان لەوی تر باشتر نەبوو. لە سوچێکی کەلاوەکەدا کروشکەم کردبوو، هەڵ ئەلەرزیم لەسەرما و لە ترسا. سەیارەی پۆلیسەکان نزیکەی سێ سەد مەترێک لێمانەوە دوور بوون، ئێمە ئەوانمان بە ئاسانی دەبینی، دەوری ماڵێکیان دابوو، دواتر چوونە ژوورەوە و هەندێک کەسیان دەست بەسەر کرد، شتێکی زۆر چاوەڕواننەکراو بوو. من هەرگیز بە خەیاڵیش نەکەوتبوومە دۆخی لەو شێوەیە، دڵم پڕ بووبوو لە ناخەوە دەگریام و توند توند دەستم بە (قورئان)ەکەوە گرتبوو کە لە گیرفانی چاکەتەکەمدا بوو. سەیرێکی ئاسمانم کرد و قسە و نزاکانی دایکم کەوتەوە یاد، دوای دە خولەکێک سەیارەی پۆلیسەکان ڕۆیشتن و کەمێک ترسەکەم ڕەوییەوە. لەوکاتەدا یەک دوانێک لە نەفەردکان لەبەر خۆیانەوە کفریان دەکرد و ناشوکریان دەردەبڕی و لەسەر یەک جنێویان دەدا و دەیانگوت: (ماندوو بوونی ئەو چەند ڕۆژەمان بەزایە چوو... ئێستا دەمانگرن و سنوورداشمان دەکەنەوە.) ئەوانەی جگەرە کێش بوون جگەرەیەکیان پێکرد و بەدەم حەسرەتەوە، نەفەسیان لێدەداو کەمێک بێدەنگ بوون...

شتێک لە ناخمدا دروست بووبوو نەمدەزانی چییە. هەستێکی زۆر نـامۆ بوو. نزیکەی چوار کاتژمێر لەو بەر سەرما و بارانەدا بووین. لەو کاتەدا قەمەرەیەک بەرەو لای ئـێمە هــات. هەمووومــان خۆمــان دانەوانەوە و خۆمان خستە پەنایەکی کەلاوەکە. هەڵـبەت تاریـک بـوو چـاو چـاوی نەدەبینــی. دوو نەفەر هەر بەو نــاوەدا دەگەڕان و لەبەر خۆیــانەوە قسەیان دەکرد ئەوەندە نزیک بـوونەوە لـێمان، بە ئاسـانی گـوێمان لە قسەکانیان بوو بە کرمــانجی قسـەیان دەکـرد. لەو کـاتەدا دەنـگەکەم ناسییەوە و زانیم کە دەنگی (ئـامۆزا)یە. یەکسـەر هـاوارم کـرد ئـێمە لێرەین. کە هاتنە پێشەوە (ئامۆزا) بوو لەگەڵ شۆفێری ئەو تەکسـییەی کە ئێمەی هێنایە ئەو جێگەیە. باوەشــی پێـداکردم و وتــی: دنیـا گەڕام بەدواتان زۆر خەمی ئێوەم بوو.

شۆفێرەکە بە مۆبایلەکەی تەلەفونی کـرد، زۆری نەبـرد تەکسـەیەکی تریش هات، ئیتر نەفەرەکان هەموویان گلەییان لە ئامۆزا دەکرد. ئەویش وتی: حەقی خۆتانە، بەڵام تاوانی من نیـیە، لەگەڵ ڕێبەرێـک ڕێکەوتـنم کردووە کە ئێوە بە سەلامەتی بگەیەنێتە ئەستەمبوڵ و نیوەی پارەکەشم پێدا بوو، قەرار وابوو کە گەیشتنەجێ نیـوەکەی تریشــی بـدەمێ، بەڵام بەداخەوە ئەو سەگبابە قوڵی بڕیم لەجیاتی ئێوە، پـارەکەی بـرد و وەک بەرزەگی بانان بۆی دەرچوو.

گەڕاینەوە هەمان ئەو ماڵەی کە لێی مابووینەوە، هەندێک لە نەفەرەکـان نەخۆش کەوتبـوون و منـیش توشـی کـۆکە و هەلامەت بووبـووم. لەو کـاتەدا هەر بیـرم لەوە دەکـردەوە ((بـۆچی مـرۆڤ هەتـا نەکەوێـتە تەنگانەوە، خودای بیـر نـاکەوێتەوە؟! بـۆچی مـرۆڤ هەتـا نەخـۆش نەکەوێت، قەدری لەش ساغی نازانێت!.)) خاوەن ماڵەکە هەندێک حەبی پاراسیتیمۆڵی بۆ هێناین هەر وەکو نوقوڵی ترش و شیرین قوتماندا. بـۆ ڕۆژی دواتر، دەمەو ئێوارە (ئامۆزا) هات بۆلامـان و وتـی کێشـەم بـۆ دروست بووە هیچ پارەم بەدەستەوە نەمـاوە. کـۆمەکم بـکەن ئەگەر لە تواناتاندا هەیە. هەندێک لە نەفەرەکان دۆلاریان پێ بوو. پێچابوویانەوە بۆ کاتی تەنگانە. هەر کەسەو سەد دۆلاری دا، ئامۆزا تەلەفونی پێ بـوو، بە تەلەفونەکەی ئەو لەگەڵ مالی خۆمان قسەم کـرد و وتـم سـەد دۆلار بدەن بە ئامۆزا کە گەڕایەوە بە خێرایی تێمکەیاندن کە چی ڕوویداوە.

ماوەی هەفتەیەک بوو لە شاری (وان) بووین، لە چاوەڕوانیدا ماینەوە و ڕۆژی دواتر ئـامۆزا گەڕایەوە بۆلامـان و وتـی: ڕێگەیەکـی تازەمـان دۆزیوەتەوە و زۆر باشە و هەتـا ئێسـتا پـۆلیس پێـی نەزانیـووە. بە (دۆڵمش)* لە جێگەی نهێنیـدا سـەفەر دەکەن. دۆڵمشـەکە تەنهـا سـێ نەفەری دەبـرد، چـونکە جـێگە نهێنیـیەکە زۆر تەسـک بـوو.

---

*(دۆڵمش) وەکو ڤان وایە. لە تورکیا زۆر بەکـار دەهێنرێـت بـۆ گواسـتنەوە و کیانـدنی کەلوپەل و بار بەتایبەتی.

من و دوو نەفەری تر سوار بووین و بە چیچکـانەوە دانیشـتین مـاوەی پێـنج کـاتژمێر بەڕێگـاوە بـوو، هەر بەڕاسـتی خەریـک بـوو ئیفلـیج دەبووین، نەماندەتوانی بجولێین گیانمان تەزیبوو وەکو چـۆن لە کـاتی پێش نەشتەرگەری بەدەرزی یان ئۆکسجین سڕ و بێ هۆشت دەکەن بـۆ ئەوەی ئازارت نەبێت.

هەستم دەکرد هەموو گیانم بەنج بووە و خانەکانی لەشم مـردووە، لە شوێنێک وەسـتا و دەرگـاکەی کـردەوە و ئـێمە لەبەردەم مزگەوتێکـدا بووین، دابەزین و چوینە تەوالێتی مزگەوتەکە و دواتر لە دەرەوە ئێمەی بردە چایخانەیەک و سەرو لەفەی بۆ هێنـاین و نـان و چامـان خـوارد. دەمزانی کە ئێمە لە شارێکی تـرین بەس نەمـدەزانی ئەو شـارە نـاوی چییە، بەڕاستی پرسیاریشم نەکرد، تەنها شـتێک کە لە لام گرینـگ بـوو ئەوە بـوو کە بە سـەلامەتی بگەیـنە ئەسـتەمبوڵ. دواتـر شـۆفێری دۆڵمشەکە، ئێمەی برد بۆ (ئۆتۆگار)* لەوێ بلیتی بۆ بڕین و ئێمەی بردە ناو پاسێک زۆر تازە بوو، دیار بوو مۆدێلی نـوێ بـوو. وتـی: نـزیکەی چواردە سەعات بە ڕێگەوە دەبـن، ئینجـا دەگەنە ئەسـتەمبوڵ، لەسـەر بلیتەکان بـۆی ڕوون کـردینەوە کە سـەعات چەنـد دەگەیـنە جـێ، بە کرمانجی و بە ئیشارەت تێیگەیاندین.

*.(ئۆتۆگار) شوێنی گواستنەوە گەیاندن. نقلیات.

پاسەكە كەوتە ڕێ دوای دوو كاتژمێر. جابییە كە چا و كۆفی و پسكیتی دەكێڕا بە خۆڕایی دابەشی دەكرد بەسەر نەفەرەكاندا.

كە گەیشتە سەرەی ئێمە دوو چای كیسی لیپتۆنی پێدایین لەگەڵ دوو پەرداخی سەفەری. نەفەرەكەی تەنیشتم كوڕێك بوو ناوی ( ئیسماعیل) بوو چەند ساڵێك لە من گەورەتر بوو. كیسەی چاكەی هەڵدڕی و كردیە ناو پەرداخە سەفەریەكەوە. دیار بوو پیشتر چای كیسی نەبینیبوو. بەڕاستی من زۆر پێكەنیم و جابیكەش بە تەرمۆزەیەك ئاوی گەرمەوە وەستا بوو. كە ئەو دیمەنەی بینی زۆر توڕە بوو لێی لەبەر خۆیەوە هەنێك قسەی كرد. لەدڵی خۆمدا وتم: حەقە ئاوە گەرمەكە بكات بەسەریا. لەبەر خۆمەوە هەر پێدەكەنیم...

لە پەنجەرەكەوە هەر سەیری دەرەوەم دەكرد. بەڕاستی دیمەنێكی زۆر جوانی هەبوو ئەو سروشتە دڵڕفێن بوو ئەو باخ و باڵەخانانەی كە بەلایاندا تێدەپەڕین. ڕێگەیەكی زۆر قەشەنگ بوو. پێشتر هەرگیز دیمەنی وەها جوان و ڕازاوەم بە ڕاستەوخۆ نەبینیبوو. جا لەو كاتەدا ئەو سەردەمەم هاتەوە یاد. كە تازە سەتەلایت هاتبوو هەندێك جار لە ماڵە دراوسێكانمانەوە تەماشی سەتەلایتمان دەكرد. بەتایبەتی بینەری كەناڵە توركیەكان بووین و گوێمان لە گۆرانی توركی دەگرت. جار جارەش سەیری فیلمان دەكرد. لە دڵی خۆماندا خوزگەمان دەخواست بەو دیمەنانە.

دنیا بە تەواوی تاریک داهاتبوو پاسەکە لە (سیرقس)*یک وەستا و نەفەرەکان دابەزین و ئیمەش بەدوایاندا چوین، نەفەرەکان چوونە چێشتخانەیەک و لەوێ نانیسان دەخوارد، ئیمەش لەبەر ئەوەی کە نە پارەمان پێ بوو، نە زمانمان دەزانی، بە ناچاری تەوالێتیکمان کرد و چووینەوە ناو پاسەکە دانیشتین. زۆری نەبرد نەفەرەکان گەڕانەوە و پاسەکە کەوتەڕێ. جابییەکە شووشەیەکی گەورە قۆلۆنیای پێبوو. ئەیپرژاند بەدەستی نەفەرەکاندا. لە ناو پاسەکەدا چوار شاشەی تەلەفیزیۆنی تێدابوو، فیلمێکی کۆمیدی (شەعبان)ی خستە سەرو و بۆخۆمان هەر پێدەکەنین بە دیمەنەکان ئەگەرچی لە زمانەکەش تێنەدەگەشتین، بەداخەوە باش لەیادم نەماوە وابزانم ڕۆڵی پولیسێکی ساختەی دەبینی، ئیتر من خەوم لێکەوت. کە خەبەرم بوویەوە ڕۆژ هەڵهاتبوو و لە ناو شارێکی جوان بووین و زۆری پێنەچوو پاسەکە چووە (ئۆتۆگار) و لە شوێنێکدا وەستا و نەفەرەکان دابەزین ئێمەش بەدوایاندا، لەوێدا زانیم کە گەیشتووینەتە ئەستەمبوڵ، لەدوای سیانزە ڕۆژ کە لە کوردستانەوە بەڕێ کەوتبووین!.

لەوکاتەدا کوڕێکی کورد هات و سڵاوی کرد و وتی:من چاوەڕێی ئێوەم

*(سیرقس) شوێنی خزمەتگوزارییە لە ڕێگەی خێرادا هەیە، چێشتخانە و مارکێت و بەنزینخانەیە و لە هەندێکیاندا شوێنی خەویش هەیە وەکو هۆتێلی بچوک.

و خۆی پێمان ناساند و بە تەکسیەک ئێمەی بردە شوقەیەک، کە چــوومە ژوورەوە وەجبەکەی خۆمانم بینی زۆر دڵخۆش بووم هەموو نەفەرەکان گەشتبوون ئێمە دواین کەس بووین، لەو کاتەدا (سدیق) ی ئامۆزام هات و باوەشمان کرد بەیەکدا.

## -٦-

# ئەستەمبوڵ

یەكەم ڕۆژم لە ئەستەمبوڵ، زۆر بە خۆشی بەڕێ كـرد، نەفەرەكـانی ناو وەجبەكەی ئـێمە هەمـوو سـەریان نـابوو بەیەكەوە، هەر كەسـەو هەواڵی ئەوی تری دەپرسی و باسی ڕێگەكەمان بۆیەک دەكـرد، چـونكە لە شاری (وان) هەموو لەیەک دابڕا بووین، هەر جارە و سێ كەس بەڕێ دەكرا. نەفەرەكان بە گشتی دڵخۆش بوون، چونكە ئـێمە بە یەكەم جـار دەرچووین، وەلێ هەندێک نەفەر كە لەو شوقەیە بوون چوار بـۆ پێـنج جار ئەو ڕێگەیان تاقی كردبوویەوە هەر دەرنەدەچوون هەتا لە كۆتایـدا لەگەڵ ئێمەدا گەیشتن، خۆ ئەگەر سـنووورداش بكرایەنـایەتەوە زۆر لەوە خراپترمـان دەبینـی كە چەشـتمان لەو مـاوەی سـیانزە ڕۆژەدا. ئەو شـوێنەی كە نەفەرەكـانی وەجـبەكەی ئـێمەی تیـا كۆكرابـوویەوە لە ئەستەمبوڵ، پیان دەگوت (شـوقەی تەسـفەیە)، دەبـوایە هەر نەفەرە و خۆی نان بۆخۆی بكڕێت و مەسروفی خـۆی بكـات. ئەركـی (ئـامۆزا) كۆتایی هاتبوو لەگەڵ ئێمە، چونكە ئەو تەنها قاچاخچی كوردسـتان بـۆ توركیا بوو، هەر ئاواش لەگەڵ نەفەرەكان ڕێكەوتنـی كردبـوو. ئـامۆزا هەر لە شـاری (وان) گەرابـوویەوە بـۆ كوردسـتان، لەبەر ئەوەی وەجبەیەكی تری ئامادە بوو.

لەو شوقەیە چەند کەسێک چاودێریان دەکردین. دەبوایە پارە بـدەین بە ئەوان هەتا بچن نانمان بۆ بکڕن، چا ئەو کەسانە زۆر بێ ویژدان بـوون. زۆر توند و تیژ بـوون، قـولبڕ و سـاختە چـی و درۆزن بـوون. ئەگەر نەفەرێک سەد دۆلاری پێبدانایە بـۆ ئەوەی بـۆی بگـۆڕنەوە بە لیـرەی تورکی و هەندێک نانی بۆ بکڕن. نیـوەی پارەکەیـان بۆخۆیـان ئەدزی. شوقەکە تەنها یەک مۆبایلی تیا بوو. تامۆزا ئەو ژمارەی دابوو بە هەموو کەس و کاری نەفەرەکـان و ئەوانـیش بـۆ دڵنیـا بـوون لە سـەلامەتی کوڕەکانیان، تەلەفونیان دەکرد و وشەی نهێنی هەبوو لە نێوان خۆیانـدا بەیەکیان دەگوت...

من وامدەزانی تەواو ڕزگارم بووە و نیتر ژیانم خۆش دەبێت و بۆخۆم دەحەسێمەوە. بەڵام ناخۆشـیەکان لە ڕۆژی دووەمەوە دەسـتی پێکـرد. چونکە نەفەرەکان یەکسەر کەوتنە پەلەقاژە بـۆ ئەوەی ڕێبەرێکـی تـر بدۆزنەوە بۆ (ئەسینا) و (ئیتاڵیا). هەنـدێک لە خواپێـداوەکان پارەیـان خەواند بوو لە نوسینگە هەتا ئەسینا و ئیتاڵیا. ئەوان باڵیان لێـدابوویەوە و بێ خەم بوون و هەر بۆ خۆیان نانیان دەخوارد. ئەوانەشـی کە وەکـو من بێ پارە و پول بوون، هەنـدێکیان سـەرگەردان بـوون و بەرپرسـی شوقەکە ئەیکردنە دەرەوە، بە ناچـاری ئەچـوون لە پـارک دەخەوتـن!. شوقەکە سێ ژوور بوو جمەی دەهات لە نەفەردا، زیاتر لە پەنجـا کەس لەوێ بوون!. دۆخێکـی زۆر نـاخۆش بـوو. لە دڵـی خۆمـدا هەر حەزم

دەکــرد لە ڕێــگەدا بوومــایەوە نەگەشــتمایەتە جــێگەیەک کە ئەوە ئەنجامەکەی بێت!. بەرپرسی شوقەکە وتی: لەبەر خاتری ئامۆزاکەت کە قاچاخچییە. تەنها یەک هەفتە مۆڵەتت ئەدەمێ لێـرە بیـت. ئەگەر پـارە بخەوێنیــت بــۆ ئەســینا ئەمێنیــتەوە. ئەگەر نەتکــرد. ئەوە دەبێــت بە زووترین کات ئێرە چۆڵ بکەیت چونکە جێگەمان نییە.

وتم: بە چەند نەفەر دەبەن بۆ (ئەسینا)؟. گوتی: بە بیست وەرەقە (دوو هەزار دۆلار)!. من پارەی هەتا تورکیام نەبوو ئینجا نـۆرەی ئەســینایە. هەتـا تورکیـا تەنهـا ســەد دۆلارم دابــوو، دڵنیـا بــووم کە مــاڵەوە ئەو پارەیەشیان بۆ قەرز کردبــووم. هەڵــبەت ئەگەر ڕێــبەرەکەی (وان) ئەو دەگەیەی لە ئامۆزا نەدایە. ئەوە بڕیار بوو کە من بە بێ بارامبەر بــگەمە ئەستەمبوڵ.

(سدیق)ی ئامۆزا تەنها پـارەی یەک کــولێرەی پێمابــوو، ئەو ڕۆژە بە هەردووکمانەوە یەک کولێرەمان خوارد. لەو کاتەدا نەفەرێک لەوانەی کە وەکو ئێمە بێ پارە و پول بوو. ئەگریا ئەیــوت بەدبەخــت بــووم و مــن کرێچی بووم. ئاڵتوونی خێزانەکەم فرۆشتووە هەتا گەشــتوومەتە ئێــرە، ئێستا نازانم قوڕی کوێ بکەم بەسەرما و هیچ لە مــاڵەکەدا شــک نــابەم هەتـا بیفرۆشــن و پــارەی (ئەســینا) ئامــادە بــکەم. لە تــاو نەبــوونی خێزانەکەم ناردۆتەوە بۆ ماڵی باوکی لەگەڵ مناڵەکانمــدا. لەگەڵ قــوڵپی گریانی ئەو کابرایەدا. منیش دڵم پڕ بووبوو نەمــدەزانی چارەنووســم بە

چی دەگات. بەڵام لەو کاتەدا نەفەرێک تاڕادەیەک گەنج بـوو. تەلەفـونی بۆ هات کە لەگەڵ دایک و باوکی قسەی دەکرد، کۆمەڵێک درۆی کرد ئیتر هەموو نەفەرەکانی تر کەوتنە پێکەنین، لەسـەر کورسـیەک دانیشـتبوو لای پلاکی شەحنی مۆبایلەکە کە لەسەر شـەحن بـوو، بە دەنگـی بەرز هاواری دەکرد و دەیگوت: باوکە گیان خودا ئاگـادارە ئێسـتا مـن لە بەر باران وەستام و لە کەلاوەیەکـم و نـان نیـیە بیخـۆم، ئەگەر هەتـا دوو کـاتژمێری تـر پـارەم بـۆ نەخەوێـنن بـۆ (ئەسـینا)، ئەوە ئەگیـرێم و سنووورداش ئەکرێمەوە بۆلای ئێوە، ئەو کـوڕە یەک لەسـەر یەک درۆی دەکـرد و نەفەرەکـانیش لە دەوری هەمـوو پێئەکەنـین کە تەواو بـوو. کوڕێک پێی وت: درۆیەک بکە کە ڕێ تێبچێت. ئەی باشە دایک و باوکـت ناپرسن ئەو مۆبایلەت لە کوێ بوو کە قسەی پێدەکەیت؟ و ئەو کەسـانە کێن کە وەڵام دەدەنەوە؟ کوڕەکە زۆر بێ منەت بوو، وتی: نـا ئەوان لەو شتانە ناکۆڵنەوە، تـۆ پەلە مەکە ئەگەر خانووکەیـان فرۆشـتبێت هەتـا بەیانی پارەم بۆ ئەخەوێنن و تۆش بۆ خۆت لێرە بیخولێنەوە!.

شەو بوو، لەبرسا خەبەرم بوویەوە، لەتاو ژانی سـکم کە ئیـتر برسـێتی بەتەواوی تەکـی پێهەڵچنیبـووم. لەو کـاتەدا یەکێـک لە چاودێرەکـانی شوقەکە، ناوی منی هێنا، دوو جار بە دەنگی بەرز دووبـارەی کـردەوە، منیش بەلامەوە سەیر بوو، چونکە هەموو نەفەرەکانی تر تەلەفونیان بـۆ دەهات، بەس من نەبێت. دوو ڕۆژ بوو هەر چاوەڕێ بووم کەسێک لـێم

بپرسێت. تەلەفونەكەم نا بە گوێمەوە و برا گەورەكەم بوو لەسـەر هێـڵ ئەو دە ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو، دوو ساڵ پێش من سەفەری كردبـوو ساڵ و نیوێک لە ئەستەمبوڵ ئیشی كردبوو، ئینجا پارەی كۆكردبوویەوە و بە پارەی خۆی سەفەری كردبوو بۆ (ئەسـینا)، ئەو كـاتەی كە لەگەڵ من قسەی كرد زیاتر لە شەش مانگ دەبوو كە لە (ئەسـینا) بـوو. دوای هەواڵ پرسین پێی وتم: سبەی كاک (ئومێد) دێـت بەدواتـدا، دەتبـاتە لای خۆی و ئیشت بۆ دەدۆزێتەوە. كاک (ئومێد) كوڕێكی دراوسێمان بوو بە تەمەن هەشت ساڵ لە من گەورەتر بوو. ماوەی شەش مانـگ دەبـوو كە لە ئەستەمبوڵ بوو. براگەورەكەی كاک (ئومێد) لەگەڵ كـاكم لە ئەسـینا بەیەكەوە دەژیان. ئەو شـەوە هەر خەوم لێـنەكەوت لە خۆشـییان. بـۆ سبەی تاقی بەیانێكەی، خۆم كۆكردەوە و ماڵئاوایم لە نەفەرەكـان كـرد، بەتایبەتی (سـدیق)ی ئـامۆزام. دەبـوایە قاچـاخچییەكەی توركیـا بـۆ ئەسینا، (سدیق) بە بەلاش بەرێت بۆ ئەسینا، چونكە ئامۆزا وەجـبەیەک نەفەری دابوو بەو قاچاخچییە هەتا براكەی بە بێ بەرامبەر بگەیەنێـتە ئەسینا، لەبەر ئەوە (سدیق) لە شوقەكەدا مایەوە و ئیتر كـاک (ئومێـد) هات بە شوێنمدا و منی برد بۆ لای خۆیدا برد.

## - ٧ -

# ئارتیچەوک*

ئەو کاتەی کە لە بەردەرگای شوقەکەدا، کاک (ئومێد)م بینی، ئەوەندە دڵخۆش بووم هەرچی ماندوو بوون و ئازارە، کە لەو ڕێگەیەدا چەشتم هەموویم بیرچوویەوە، وام هەست دەکرد نزاکانی دایکم هەمیشە لە ئاسماندا دەنگدەداتەوە!

وامدەزانی کاک (ئومێد) فریشتەیەکە و خودا لە ئاسمانەوە ناردوویەتی بۆ هاوکاری من. دەستی گرتم و لەگەڵ خۆیدا بردمی و کەوتینە ڕێ، بە نەرمی باران دەباری وەلێ ئەوەندە ئاسوودە بووم هیچ هەستم بە تەڕ بوون نەدەکرد، لەو کاتەدا حەزم دەکرد لەبەر ئەو بارانەدا بۆ خۆم سەما بکەم و پڕ بە گەرووم هاوار بکەم، بڵێم: سوپاس خودایە، خۆشی لە دوای ناخۆشیدایە. نزیکەی بیست خولەکێک بە پیادە ڕۆیشتین دواتر گەیشتینە وێستگەی (میترۆی ئاکسەرای) شەمەندەفەری ژێر زەوی. لەوێ بلیتی کڕی و سواری (میترۆ) بووین نزیکەی پانزە خولەک بەڕێوەبووین لە وێستگەی (بایرەم پاشا) دابەزین. ئەو گەڕەکە بە

---

*(ئارتیچەوک) جۆرە ڕووەکێکە بۆ چارەسەری پزیشکی زۆر بەکاردەهێنرێت چونکە زۆر تەندروستە و سودی هەیە بۆ جگەر و نەهێشتنی شیرپەنجە و دابەزاندنی کۆلیسترۆل

ناوچەیەكی پیشەسازی و بەرهەم هێن ناودەبرێت و دانیشتوانەكەشـی زۆربەی خەڵكی ئەلبانیا و بولغاریـا و بۆسـنە و ڕۆمانیـایە و كرمـانج (كوردی باكوور). بە گشتی گوزەری چینی كرێكارە. ( بایردەم پاشـا) بە لوتكەی بەرهەم هێنانی ڕووەكی (ئارتیچەوك) ناوبـانگی دەركـردووە و هەمیشە بەو ڕووەكە دەناسرێتەوە وەكو سونبولی ئەو گەڕەكە وایە.

نزیكەی پانزە خولەك لە وێستگەكەوە بە پیادە ڕۆشتین، پاشان خـۆم لەبەردەم باڵەخانەیەكی زۆر كۆنی گەورەدا بینیەوە كە زیـاتر لە حەوت نهۆم دەبوو. چووینە ژوورە و بە پلیكانەكاندا سـەركەوتین بـۆ نهـۆمی چوارەم. كارگەیەك بوو پڕ بوو لە كرێكار، هەموویان كورد بوون. كـاك ئومێد سڵاوی لێكردن و دەستی منی گرتبوو بە هەنـدێك لە هاوڕێكـانی گـوت. ئەمە ئەو كەسـەیە كە بـۆم بـاس كـردن. ئەوانـیش لە شـوێنی ئیشەكەیانەوە سڵاوێكیان بۆ كردین. دواتر لە بەشـی دواوە و بە چەنـد پلیكانەیەكی تردا سـەركەوتین، دیـار بـوو شـوێنی مـانەو و خەوتنـی كرێكارەكان بوو. منی لەسـەر ئیسـفنجێك دانـا و گـوتی: ئەمە شـوێن خەوی منە و ئیـتر تـۆ لەم جـێگەیەدا ئەمێنیـتەوە، و دواتـر چـوو بـۆ خوارەوە لە چێشتخانەكە خواردنی بۆ هێنام و تێـر بە دڵـی خـۆم نـانم خوارد. ئەو گەڕایەوە بۆ سەر كار و منیش خەوم لـێكەوت. لە خەوێكـی قوڵدا بووم خەبەری كردمەوە و گوتی: هەستە من لە ئیش تەواو بووم و با نانی ئێوارە بخۆین. ئیتر لەسەر نان خواردنەكە هەر هەواڵی دایكـی و

خوشک و برا بچوکەکەی لێدەپرسیم، بەداخەوە باوکی سالانێک بوو شەهید بووبوو، ئیتر ئەو دایکی بە پیرۆزترین مەخلوق دەزانی، کە باسی دایکیم بۆ دەکرد وەک باران فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتە خواردوە و هەر هەنسکی هەڵدەکێشا. دیار بوو زۆر تاسەی دایکی دەکرد، بە حەسرەتەوە نەفەسی لە جگەرەکەی دەدا و دەستەکانی دەلەرزی، لە ناو کارگەکەدا تەلەفزیۆنی تێدا بوو وە لەسەر کەناڵی (کراڵ)* بوو، لەو کاتەدا گۆرانی (ئەنەم ئیچین)ی ئیبرۆ گوندیش بوو، ئیتر کاک ئومێد وەکو مۆم دەتوایەوە بەدەم ناڵەو هاوارەوە، من باوەشم پێدا کرد و سوێندم بۆ خوارد کە دایک و خوشک و براکەی زۆر باشن و هیچ خەمی ئەوانی نەبێت، ئەو شەوە هەر بەدەم قسەکردنەوە و باسی یادگارێکان و کوڕ و کچی گەڕەکەوە خەومان لێکەوت.

بۆ بەیانیەکەی کە خەبەرمان بوویەوە قاوەڵتیمان کرد و دواتر ئاوی بۆ گەرم کردم و حەمامێکی سەفەریان هەبوو وتی بچۆ لەوێ خۆت بشۆ. پاشان قاتێک تراکسودی پێدام کە بۆ من گەورە بوو، بەڵام زۆر دڵم پێی خۆش بوو. چونکە بۆ ئەو کاتە زۆر بەنرخ بوو، بەڕاستی نەمدەزانی بە چ شێوەیەک سوپاس و پێزانینی خۆمی بۆ دەربڕم. پاشان بە پلیکانەکاندا چوینە خواردوە بۆ ناو کارگەکە، هۆڵێکی گەورە بوو

---

*(کراڵ) کەناڵێکی تەلەفزیۆنە لە تورکیا کە تایبەتە بە گۆرانی.

نزیکەی سەد مەتر درێژ بوو. هەروەها پەنجا مەتریش پان بوو. لەباریی درێژیدا مێزێکی درێژ لکا بوو بە دیوارەکەوە، کرێکارەکـان لەسـەر ئەو مێزە ئیشەکانیان ئەنجام دەدا. دواتر منی بردە سـەر مێـزی کـارەکەی، ئیشەکەی ئەوە بـوو کە بە کـاوییە وایەری ئەلکانـد بە سـەری پلاکـی کارەباوە.

بەرهەمەکانی کارگەکە بریتی بـوون لە (پلاکـی کارەبـا و تەقسـیم و هیتەری ئاو گەرم کـردن و وایەر، چەتـاڵی شـەحنی پـاتری) چەنـدین جۆری تەقسیمی بەرهەم دەهێنا. وەکو خۆیان دەیانگوت ئەم بەرهەمانە دەڕوات بۆ دەرەوەی تورکیا و ڕێژەیەکی کەمی بۆ نـاوخۆی تورکیـایە. کارگەکە نزیکەی پەنجا بۆ شەست کرێکاری تێدا بوو. لەسەر مێـزەکەی خۆی دانیشاندم و فێری کـردم کە چـۆن بە کـاویە وایەرەکـان بلکێـنم بەسەری پلاکەکانەوە بەخێرایی. گوتی: ئەگەر پرسیاریان لێکردیت بڵـێ من ئەو ئیشە دەزانم و پێشتر کردوومە. نزیکەی کاتژمێرێـک ڕاهێنـانی پێکردم و پاشان وتی: تـۆ ئەتوانیـت ئەم ئیشـانە بکەیـت. پێمگـوت بە دڵنیایەوە دەتوانم و زۆریش پێویستم بەوەیە کە ئیش بکەم، هەتا بتوانم پارە کۆبکەمەوە بۆ ڕێگەی ئەسینا. وتی کەواتە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئیشت بۆ بدۆزمەوە. لەگەڵیدا چوومە ژوورێک لە هەمـان کـارگە، کە دیار بوو ژووری خاوەن کارگەکە بوو، سڵاوی کرد لە خاوەن کارەکەی، کابرایەکی کرمانج بوو ناو (مستەفا ئابی) بوو:

کاک ئومێـد گـوتی: ئەم کـورە دراوسـێمانە زۆر بە باشـی دەیناسـم و ئامانەتە لەلای من، تکا لە بەرێزتان ئەکەم کـارێکی بـدەنێ. دەزانـم کە شەرمەزارم ناکات چونکە کوڕێکی ئیشکەرە، (مستەفا ئـابی) سـەرێکی هەڵبڕی و تەمەشایەکی منی کرد، دیار بوو سەرووچاومی بەدڵ نەبـوو، گوتی: ئەوە تۆ لەوە ناچێت وەزعت باش بێت ئەو منـاڵە ئـیش لە کـوێ ئەزانێت، ئەوە ئەبێت بینێرین بۆ قوتابخـانە بـا دەرس بخوێنێـت، ئێـرە کارگەیە و شوێنی کارە. زۆر بە شێوەیەکی ناشرین دەستی ئەجـوڵانەوە و خۆی تورە کرد و پاشان گوتی من زۆر سەرقاڵم بۆ ئەم شـتە پوچـانە لەکاتم مەگرن. کاک ئومێد سوپاسی کرد، و پێی وت ببورن کە لە کـاتم گرتن. بەراسـتی زۆر بە دڵتەنگـی گەڕایـنەوە بـۆلای مێـزی کـارەکەی جگەرەیەکی داگیرسـاند و بە قـوڵی نەفەسـەی لێـدەدا، لە چاوەکانیـدا هەست دەکرد کە چەند نیگەرانە بە دەستەکانیدا دەمزانی چەند نائارامە. وتی: خوا گەوەردیە من هەر شتێکت بۆ نەکەم خەمت نەبێت. ئیـدی هەر یەکەم ڕۆژم بە خۆشی بەسەر برد لەلای کاک ئومێـد. بـۆ ڕۆژی دواتـر نائومێد بووم!.

## - ٨ -

# خەونێکی پڕ لەهیوا

لەبەردەم میزەکەی کاک (ئومید) وەستابووم و ئەویش یەک لەسەر یەک جگەرەی دەکێشا و بەچەند نەفەسێک تەواوی دەکرد و دانەیەکی تری پێدەکرد، وتم: ئەچمە سەرەوە، چونکە تۆش ئیشت هەیە. بەڕاستی ئەوەندە بێ هیوا بووبووم، وەکو ئەوەی بڵێیت ئەژنۆم شکا بێت، نەمدەتوانی بڕۆم بەڕێگادا، هەنگاوەکان بەزۆریش لەدوام نەدەهاتن!. بەر لەوەی بگەمە پلیکانەکان، دواهەمین کرێکار پیاوێکی تاڕادەیەک بەتەمەن بوو، نیوەی سەری سپی بووبوو، لەسەر کورسیەکی پێداویستی تایبەت دانیشتبوو ئیشی دەکرد، دیار بوو تاچێکی لە سەروو ئەژنۆیەوە بڕابوویەوە، بە سوتفە سەری هەڵبڕی و منی بینی، بەڕوویەکی خۆشەوە سڵاوی لێکردم و منیش بە گەرمی سڵاوەکەم بۆ سەندەوە، نەمتوانی زیاتر بوەستم و قسەی لەگەڵدا بکەم، چونکە سەرقاڵی کار بوو.

لە پلیکانەکانەوە چوومە سەرەوە و لەسەر جێخەوەکەم پاڵکەوتبووم و رووم کردبوویە سەقفەکە و بیرم دەکردەوە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: چەن شەرمەزارییە بۆ کوڕێکی گەنجی وەک من،

لەشێکی کامڵ و تەندروستم هەیە و کەچی بێ هیوا بووم، تەنها لەبەرئەوەی ئیشم پەیدا نەکردووە، بەڕاستی جێگەی شەرمە. ئەوەتا مرۆڤ هەیە قاچ نییە و بەلام بێ هیوا نییە!. مرۆڤ هەیە نان و جێگەی خەوی نییە، بەڵام بێ هیوا نییە!. دەی ئەوەتا من دەست و قاچیشم و هەیە و شوێن و ڕێگەشم هەیە، ئیدی بۆ دەبێ بێ هیوابم!. هەرگیز ئەوە من نیم کە بێ ئیش بم، چونکە دڵنیام دەتوانم هەر شتێک بکەم.

دواتر ئەو ڕۆژەم کەوتەوە یاد، کە لە پۆلی یەکی ناوەندی بووم و لە تاقیکردنەوەکانی کۆتای ساڵ تەواو بووم و پشووی هاوین دەستی پێکرد، چووم بۆ ناو بازاڕ و بۆ ئیش دەگەڕام لە چەندین دوکان و چێشتخانە و کۆگا پرسیارم کرد هەر هیچ، ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە بۆ ئیش گەڕام و هەر هیچم دەست نەدەکەوت. بەڕاستی زۆر ماندووبووم و لە ژێر سێبەری دارێک دانیشتم و کوڕێکی هاوتەمەنی خۆم هات و سندوقێکی بویاخی پێ بوو، پێڵاوی بۆیاخ دەکرد، منیش هەر سەیری دەستیم دەکرد و پرسیارم لێکرد کە چەنێکە ئەو ئیشە دەکات، وتی: دوو ساڵە ئەو ئیشە دەکەم و هیچ عەیبی نیە. وازم لێنەهێنا هەتا فێری کردم و دواتر لەگەڵ خۆی بردمی بۆ دوکانێک لە سەروو مزگەوتی گەورە، بۆیاخ و فڵچە و سندوقم کڕی و ماڵئاوایم لێکرد و بەڕێ کەوتم بۆ شەقامی سالم. لەوێ بازاڕێکی لێ بوو پێکهاتبوو لە چوار دوکان و دوو نوسینگە و سەرتاشخانەیەک و ژێرزەمینەکەشی کافتریا و بلیارد بوو.

لەوێ دەستم کرد بە بۆیاخی کردنی پێڵاو هەتا وەرزی خوێندن دەستی پێکردەوە. لە کۆتایدا پشووی هاوینـدا، بـۆم دەرکەوت کە داهـاتی ئەو ساڵەم ئەوەندە باش بووە، لە هی هەموو سـاڵەکانی تـر زۆرتـر بـووە، ئەوەندەم پارە پێ بوو توانیم جوانترین جل و پێڵاو بکڕم بۆ مەکـتەب و پـارەیەکی زۆر باشیشـم پێبـوو وەکـو پاشـەکەوت، لەگەڵ ئەوەشـدا بەردەوام یارمەتی ماڵەوەشم دەدا، لەوانەش خۆشـتر ئەوە بـوو، کە بـۆ پشـووی هـاوینی سـاڵی داهـاتوو گەڕامەوە بـۆ ئەو شـوێنە، لەبـاتی بۆیاخچێتی بووم بە چایچی و چایخانەیەکی سـەفەریم بە کـرێ گـرت، ماوەیەک ئەو ئیشەم کرد و دواتر لە چێشتخانەیەک بووم بە قاپ شۆر.

بەدەم ئەو خەیـاڵانەوە خەوم لێکەوتبـوو، خەوێکـی پـڕ لە هیـوا!، لەخەوما دایکم بینی کە لەسەر بەرماڵێک نزای دەکرد بۆم و ڕوونـاکیەک بەدەوریەوە بـوو گیـانی داپۆشـی بـوو، تەسـبیحەکەی لە ملـدا بـوو قورعانێکی بەدەستییەوە گرتبوو سەری هەڵبڕی بوو بۆ ئاسمان و نـزای بۆ دەکردم.

لە دەنگە دەنگ و هـاتوو هـاوار خەبەرم بـوویەوە. کە سـەیرم کـرد زۆربەی نەفەرەکان لەلای چێشتخانەکە کۆبـوونەتەوە و کردوویـانە بە ژاوەژاو و لەبەر خۆیانەوە جنێـو دەدەن و هەندێکیشـیان لەسـەر یەک کفریان دەکرد. لە نەفەرێکم پرسی ئەو هەرایە چییـە؟ وتـی: (هاوکـار) سەفەری کردووە:

گوتم هاوكار كێیە؟ گوتی: "چێشتلێنەرە"

كاك (ئومێـد)م بینـی لەگەڵ هەنـدێک لە برادەكـانی هەتـنە سـەرەوە هەموویان لەبەر خۆیانەوە بۆڵە بۆڵیان بوو، یەكێكیان وتی: زۆر عەیـبە بۆ (هاوكار) دەبوایە پێشوەخت ئیـداردو ئـێمەی ئاگـادار بكردایەتـەوە هەتا چێشتلێنەرێكی تریان دەهێنا. یەكێكی تر گوتی: موشكیلەی خۆیانە با لە چێشتخانەكانەوە خواردنمان بۆ داوا بكەن. یەكێكی تر هاتە جـواب و گوتی: ئاخر ئەگەر ئەوە بكەن لە موچەكەمان دائەشـكێن و دوای هەر خۆمان زەرەر دەكەین. لە شوێنی خۆمەوە تەنها گوێم دەگـرت و هـیچم نەدەگـوت، چـونكە مـن دوودم ڕۆژم بـوو لەو جـێگەیە و لە هەمـوو نەفەرەكان منالتر بووم...

زۆری پێنەچوو بڵاوەیان لێكرد هەر من و كاك( ئومێـد) مـاینەوە، بە هێمنی كوتم: دەتوانم شوێنی (هاوكار) بگرمەوە، چونكە بەباشی دەزانم خواردن دروست بكەم و لە كوردستان یاریـدەدەری وەسـتای خـواردن دروستكردن بووم لە چێشتخانەیەک. گوتی: مەحاڵە بتوانیـت ئەو كـارد بكەیت چونكە خۆ ئەمە خواردنی پێنج كەس نییە، بەڵكـو پەنجـا كەسـە لەیەک كاتـدا و دواتـر ئەو ئیشـە شـارەزایی دەوێـت ئەگەر هەڵەیەک بكەیت، هەردووكمان لێرە ئەكەنە دەرەوە.

كوتم: متمانەم پێبكە دەتوانم، گوتی: متمانەی چیت پێبكەم، تۆ تەنهـا پـانزە سـاڵ دەبیـت، لە ئـاوێنەیەكەوە سـەیری خـۆت بـكە، بەقەدەر

مەنجەڵەكان دەبيت!. مـن هەر پێـداكيريم دەكـرد و گـوتم: تـۆ تەنهـا دەرفەتێكم بدەرێ، وەكو ئەوەی دڵم بڵێ ئەتوانی ئـەو ئيشـە بكـەيت و بەردەوام بە لە داواكردن، دەستی گرتم و بردمی بۆ چێشتخانەكە كە زۆر بچكۆلە بوو، گوتی لەم شوێنە بچـوك و خـراپە چـۆن دەتوانيـت نـانی پەنجا كەس دروست بكەيت، گريمان تۆ خواردن ئەزانيت ئەی باشە خـو ئێرە چێشتخانەكانی كوردستان نييە. تۆزێك وەستام و سەيری مەنجەڵ و شتەكانم كرد دواتـر لە سـەبەتەيەكدا پيـاز و پەتـاتەم بينـی پاشـان لەولاوە يەک فەردە برنج دانرابوو لە تەنيشتی دەبەيەكـی گەورە زەيـت هەبوو، سەلاجەيەكيش لە كۆشەيەكدا دانرابوو كە كردمەوە بينيم پـڕە لە كولەكە و كەرەوز و تەماتە و دوشاو. يەكسەر لايەكم كـردەوەو گـوتم: گردو نەكەم تەنها بە دوو كاتژمێر نانی ئێـوارە بـۆ هەمووتـان ئامـادە ئەكەم. ئەگەر نەمكرد لەو پەنجەرەيەوە فڕمبدەنە خوارەوە.
سەرێكی دوو هاوڕێكەی كرد و جگەرەيەكی پێكـرد و كـوتی: فەرمـوو بيكە، خوا ئەكا تۆ ئەوەندە نازايت، ئەوە منيش دێم و هاوكاريت ئەكەم.

گوتم: كەسم ناوێت، چـونكە ئەم ئيشـە ئەبێـت يەک دەسـت بێـت، و يەكسەر دەستم كرد بە كولەكە پاككردن عەلاگەيەكی گەورەی پـڕ بـوو، دواتر كەرەوزم پاككرد و جنيم ئينجا دەستم كرد بە تەمـاتە قـاژ كـردن يەک تەشتم پڕ كرد و لەولاشەوە نزيكەی دە كيلۆ برنجم كردە نـاو ئـاو، پەرەميزێكی لێبوو يەک مەنجەڵی گەورەم خستە سـەری و پـڕم كـرد لە

ئــاو. هەتــا کــولەکە و تەمــاتە و کەرەوزەکەم ئامــادەکرد ئــاوەکەش هاتەکوڵ. دەرگای سەلاجەکەم کردەوە بۆ دۆشاوەکە، لە بەشی خوارەوە عەلاگەیەکی بچوکی ڕەش هەبوو کە کردمەوە گۆشــتێکی ناســکی نەرمە بــوو، بە پەلە شــۆردمەوە، دوو پیــازی گەورەم ئەڵــقە ئەڵــقە کــرد و. مەنجەڵێکی مامناوەنــدیم کــردە ســەر تەبــاخەکە و یەک پەرداخ زەیــتم تێکرد و کە گەرم بوو پیازەکەم تێکرد و پاش کەمێــک ئینجــا گۆشــتەکە. تەواو سوور بوویەوە و نیو قتــوو دۆشــوم تێکــرد و تۆزێــک تێکمــدا و ئینجا یەک سوراحی ئاوی گەرم تێکــرد و ســەرم نــایەوە. هەتــا بیســت خولەک و دواتر تەماتەکەم تێکردو پاش کەمێک کولەکەکەشــم تێکــرد لە کۆتایدا کەرەوزەکە و ئینجا سێ سوراحی ئاوی کوڵاو و مشــتێک خــوێ. کە سەرم هەڵبڕی بۆ تاقەکە و بینیم یەک پــاکەتی گەورە مــاجی لێبــوو لەگەڵ چەندین جۆری داو دەرمان. شەش پارچە مــاجی و دوو کەوچــک داودەرمانم تێکرد و سەرم نایەوە. ئینجا برنجی ناو ئاوەکەم کــردە نــاو ئاوە گەرمەکەی سەر پەردەمێزەکە و دوو مشت خــوێم تێکــرد و تــێکەڵم کرد لەگەڵ چوار پارچە ماجی. دواتر مەنــجەڵە گەورەکەم خســتە ســەر تەباخەکە و دوو پەرداخ زەیتم تێکرد و ئینجا لە ڕەفەکــان ســەبەتەیەکم بینی پڕ بوو لە نان و سەموون، سێ نانم لە مەنجەڵەکەدا بــڵاو کــردەوە بە ناو ڕۆنەکەو و دواتر بە سوزگیەک برنجی ناو ئاوەگەرمەکەم دەرکــرد و هێدی هێــدی هەمــوویم کــردە نــاو مەنــجەڵەکە و ســەرم نــایەوە و

ئاگرەکەم بۆ کز کرد. دوای بیست و پێنج خولەک برنجەکە ئامادەببوو و ئەوەندەی ئەبرد کولەکەکەش خەست ببوویەوە.

کاک ئومێد و هاورێکانیم بانگ کرد و سەری مەنجەڵەکانیان هەڵدایەوە، هەموویان سەریان سورمابوو و هەر تەماشای یەکیان دەکرد. دواتر سەرو کەوچکیان هەڵگرت و تامیان کرد ئیتر هەموویان بەیەکەوە بە دەرزەن جنێویان بۆ (هاوکار) دەنارد. کاک ئومێد ئەوەندە دڵخۆش بوو بەپەلە چوو بۆ ئیدارەو هەموویانی بانگ کرد و گوتی ئێمە چێشتلێنەرمان دۆزیوەتەوە فەرموون تامی خواردنەکە بکەن. لێیان خوارد و دەستخۆشیان کرد و گوتیان کێیە ئەو چێشتلێنەرە؟. کاک ئومێد هاورێکانی دەستیان بۆ من راکێشا بە پێکەنینەوە. جێی باوەر نەبوو بۆیان، بەڵام چاریان ناچار بوو وتیان باشە مادەم ئێوە پێی رازین یا بە دڵی ئێوە بێت. ئیتر من بووم بە (چێشتلێنەر). بەیانیان نیسکێنە و نیوەروان برنج و شلە و ئێوارانیش شتێکی سوکەڵەی وەک شۆربایەک و پارچەیەک سەموون یان مەعکەرۆنی یان شتێکی سوورکراوە. ئیتر گۆرانکاریم زۆر دەکرد لە خواردنەکاندا. زوو زوو کاک (ئومێد) دەهاتە چێشتخانەکە و دەیگوت یارمەتیت ناوێت؟ هیچت پێویست نییە؟. زۆر گرینگی پێدەدام، چونکە من ئامەنەت بووم لەلای ئەو.

هەفتەی دوو جار دەچووم بۆ (هەفتە بازار) لەوێ بەدڵی خۆم سەوزە و پێداویستیم دەکری و لە هەفتەیەکدا دوو جار مریشکم لێنەنا یان

گۆشتم دەکردە نـاو شـلەکەوە. ئەو مـاودیە نەفەرەکـان زۆر دڵخـۆش بوون، تەنها گلەییان هەبـوو لە برنجـی یەکەم ڕۆژ، بەداخەوە نەمزانـی بوو کە برنجەکە پیسە پڕە لە زیخ و پیسی یەکسەر دروستم کـرد بەبـێ ئەوەی لەسەر سینی بیبژێرم بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی ئەوەشـم چارەسـەر کرد.

ئیشەکەم زۆر قورس بوو، چونکە نانیشم دروست ئەکرد و قاپی زیاتر لە پەنجا کەسم دەشۆرد و چێشتخانەکەشم پاک دەکردەوە بەراستی زۆر ماندوو ئەبووم تەنانەت کە دەچـوومە نـاو جـێگەکەم و دەخەوتـم، لە خەویشما هەر قاپم دەشۆرد و جـار جـارە نەفەرەکـان بە پێکەنیـنەوە دەیانگوت: بە شەوانە ناهێڵیت بخەوین، ئەوەندە وڕێـنە ئەکەیـت لەبەر خۆتەوە.

ئەوەی کە دڵخۆشی دەکردم ئەوە بوو، کە کاک (ئومێد)م دەبینـی زۆر کەیفی هەبوو. زۆر شانازی بەمـنەوە دەکـرد، دەیگـوت: سـەری منـت بەرزکردەوە و دەست خـۆش، بووبـوو بە هانـدەرێکی بـاش بـۆ مـن، هەڵبەت هەتا مردن سوپاسی ئەکەم. چونکە ئەگەر ئەو نەبـوایە ڕەنـگە توشی چەندین شتی خراپ و هەڵە بووبوومایە، لەناو ئەو هەمووە کەسە نامۆیەدا.

ئیـدی کـات زۆر بە خێرایـی تێـدەپەڕی و هـیچ کـاتم نەمـابوو بـۆ بیرکردنەوە وئەوەندە سەرقاڵی ئیش بووم ئاگام لە دنیا نەمابوو، تەنهـا

خەیاڵم لەلای خشتەی خواردنەکان بوو. ماوەیەکی زۆر تێپەڕی بوو و من هەر هەستم پێنەکرد بوو. نیوەڕۆیەکیان کوڕێکی باریکەلەی گەنم ڕەنگ هاتە ناو چێشتخانەکە و سەیری مەنجەڵ و خواردنەکەنی کرد. بەڕاستی یەکەمین جار بوو بیبینم. وامدەزانی لە ئیداردوە هاتووە. بەڵام بە کوردی قسەی کرد لەگەڵم و گوتی من (هاوکار)م ئەو کوڕەی کە پێشتر چێشتلێنەر بووم. سەفەرم کرد بۆ ئەسینا بەڵام لە ڕێگە گیرام و سنوورداش کرامەوە بۆ تورکیا و ئێستا گەڕاومەتەوە بۆ ئێرە.

## - ٩ -

# سوڵتان ئەحمەد*

نزیکەی سێ مانگ دەبوو وەکو چێشتلێنەر کارم دەکرد، هەموو شتێک بە باشی دەڕۆیشت بەڕێوە و هیچ گرفتێکم نەبوو. ئەو ڕۆژەی کە (هاوکار) چێشتلێنەرە کۆنەکە گەڕایەوە، دەیویست بگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا (هاوکار) برادەری کاک (ئومێد) بوو. دەمزانی لە کوردستانەوە بەیەکەوە هاتوون و هەر بەیەکەوەش دەستیان کردووە بە ئیش لەو کارگەیەدا. بەڵام کرێکارەکانی تر پێیان خۆش نەبوو کە ئەو بگەڕێتەوە بۆ چێشتلێنەری، دەیانگوت: ڕاهاتووین بەخواردنەکانی تۆ و دەمانەوێت هەر تۆ چێشتلێنەر بیت. ئیدی لەو ژاوەژاوەدا هەستم دەکرد کەوتوومەتە ناو گێژاوەوە و چێشتخانەکەش زۆر گەرم بوو ئەکوڵا. عارەق بە هەموو گیانمدا دەهاتە خوارەوە، لە فرێزەرەکە چلوورەیەکم دەرکردو بە پلیکانەکانـدا چوومە سەرەوە و لەسەر جێگەکەم دانیشتم، پاڵمدابوویەوە بە دیوارەکەوە و بەدەم چلوورە خواردنەوە بیرم دەکردەوە، دەمگوت: خودایە یارمەتیم بدە و لەم کێشەیە ڕزگارم بکە. هەر کە چلوورەکەم تەواو کرد بڕیاری خۆمدا.

* (سوڵتان ئەحمەد) گەڕەکێکی زۆر خۆشی ئەشتیاری شاری ئەستەمبوڵە و مزگەوتێکی جوانی کەوردیی لێیە کە زۆر دێرینە.

چووم بۆ سەر مێزەکەی کاک(ئومێد) و پێم گوت: چیتر من نامەوێت چێشتلێنەر بم!. سەیرێکی کردم و ویستی قسە بکات، گوتم من هێشتا قسەم ماوە، لە پاکەتەکەی جگەرەیەکی دەرهێنا و دایگیرساند و نەفەسێکی لێدا.

گوتم: من لەبەر خاتری (هاوکار) واز لە چێشتلێنەری ناهێنم، بەڵکو خۆم تاقەتم نەماوە و دەمەوێت ئیشەکەم بگۆڕم، کەش و هەوا زۆر گەرم بووە و خۆت ئەزانیت ئەوە هاوین دەستی پێکرد و چێشتخانەکە زۆر گەرمە و بەرگەی ناگرم لە بەر گڕی پەرەمێز و تەباخ خەریکە دەتوێمەوە، لەبەر ئەوە دەمەوێت ئیشێکی تر بکەم و چێشتلێنەری نەبێت.

سەیرێکی چاوەکانی کردم و گوتی: ئەزانی تۆ درۆزنێکی باش نیت؟ نەزانیت زمانت شتێک دەڵێت و چاوەکانیشت شتێکی تر؟ دەزانم تۆ تەنها لەبەر نێوان من و هاوکار ئەمە دەکەیت، کوڕم تۆ هەڵەیت، چیتر ئێرە کوردستان نییە. ئێمە لەڕێگەین و دەبێت بەس خەمی خۆتت هەبێت. هەرگیز کوڕی خۆت مەکە بە قوربانی کچی خەڵکی، تۆ پارەت پێنەبێت کەس ئاوڕت لێناداتەوە، ئێرە تورکیایە و تۆش کوڕی فەقیریت و پێویستت بە هاوکارییە نەک هاوکاری خەڵک بکەیت. گەمژە ئەو کەسانەن کە لە ڕێگەدان و بیر لە داهاتوو ناکەنەوە!. نەفەسێکی قوڵی

دا لە جـــگەرەکەی و بەدەم حەسرەتـــێکەوە هەناســـەیەکی هەڵمـــژی و کەمێک سەری ڕاوەشاند و وەستا.

منیش وتم: بڕوام پێبکە مـــن خـــۆم تـــاقەتی چێشـــتلێنەریم نەمـــاوە و لە ناچاریدا ئەو ئیشەم کرد، چونکە هیچ هەڵبژاردەیەکی ترم نەبـــوو، هەتـــا ئێرەم هێناوە بەباشی، ئیتر بەسە نامەوێت کارێک بـــکەم خـــۆم و تـــۆش شەرمەزار بکەم، تەنها دەمەوێت گۆڕانکاریەک بکەم و هەر ئەوندە.

لەسەر مێزەکەی هەستا و دەستی گرتم و بردمی بەرەو ئۆفیس، لەوێ داوای ئیشێکی کرد بۆ من و لەبەر ئەوەی لەو ماوەیەدا منیان ناســـیبوو، خۆشبەختانە پەسەندیان کرد و وەکو کرێکارێک دەســـت بەکـــار بـــووم. ڕۆژی یەک شەممە پشوومان هەبوو دەمە و نیوەڕۆ، (هاوکار) هات بـــۆ لام و بەشێوەیەکی زۆر ناشرین قسەی دەکـــرد لەگەڵمـــدا!. بەلامەوە زۆر سەیر بوو، وتم: ئەرێ من کارێکم کـــردووە بـــبمە هـــۆی نیگەرانـــی تـــۆ؟ گوتی: بەڵێ، لەبەر خاتری تۆ ئەوەتا (ئومێـــد) ســـارد و ســـڕە لەگەڵمـــدا، دڵنیام کە تۆ شتێکی خراپت پێ ووتووە. ئیتر پەتـــی تەحەمـــولم پچـــڕا و پیایـــدا تەقـــیمەوە و یەخەیـــم گـــرت و خەریـــک بـــوو داخـــی هەمـــوو ناخۆشییەکانی ئەو ڕێگەیە بەو بڕێـــژم، بەڵام هەنـــدێک لە کرێکارەکـــان هاتن و لەیەکیان کردینەوە.

کاک (ئومێد) هات و دیار بوو بۆیان باس کردبوو کە چـی ڕوویـداوە، سەیرێکی کردم و زانی کە تەواو نیگەرانم و حـاڵم بـاش نیـیە. گـوتی: ڕەحمەت لە پێشـینان کە وتوویـانە (چـاکەی خـۆڕایی، لەگەڵ کەسـدا مەکە). ئەوەتا خەریکە پیـاو خراپیشـت ئەکـات. بەس یەک داوام لە تـۆ هەیە بە هیوام ئەمە ببێـتە وانەیەکـی بـاش بـۆ ژیانـت. زانـی کە زۆر نیگەرانم، جلەکانی خۆی گۆڕی و گـوتی: بـڕۆ دەچـین بـۆ دەرەوە بـا پیاسەیەک بکەین. منی برد بۆ گەڕەکی(سوڵتان ئەحـمەد) کـاتێکی زۆر خۆشم بەسەر برد، کامێرایەکی سەفەری کڕی لە دوکانێک و لە پارکێـک هەندێک وێنەی گرتم و دواتـر بردمـی بـۆ کەنـاری دەریـاکە، لەسـەر بەردێک دانیشتبووم قاچەکانم خستبوویە ناو ئاوەکە و هەسـتم دەکـرد ماسییە وردەکان گـاز لە پەنجەکـانی قـاچم دەگـرن. بە تەواوی ئـارام بوومەوە بەدەم ئەندێشەوە، گەڕابوومەوە بۆ نێو باوەشی دایکـم بیـری منالیم کەوتەوە کە لە کۆڵان شەڕم دەکرد یان فەرتەنەیەکـم دەنـایەوە و دواتر کە دایکم لە حەمام دەیشۆردم، جـامی حەمـامەکەی دەیکێشـا بە سەرمدا و سابونە ڕەقییەکەی دەکێشا بە پشتمدا بۆ ئەوەی تەمێم بکـات، لەبەر خـۆمەوە هەر پێـدەکەنیم. هاوڕێکـانم و گەمە و یـاری منـاڵیم کەوتەوە یاد، خۆشترین یاری منداڵی ئێمە شەڕە بەرد بوو، دایم لە نێوان گەڕەکی زەرگەتە و بەختیاری ئێمە شـەڕی بەردمـان دەکـرد، هەمیشـە قۆچەقانی و دارلاستیک لە گیرفانمادا بوو لە باتی پارە.

لەگەڵ ئیشە تازەکەمدا ڕاهاتبووم، وایەری تەقسیمەکانم بە شێوەیەکی جوان دەپێچایەوەو دەمکردە ناو زەرفەوە و بە مەکینەی دەرزی کەپسم دەکرد و لەسەر یەک ئەمخستە ناو کارتۆنەوە، کە دەبوو بە پەنجا دانە کارتۆنەکەشم دادەخست و ئەمخستە سەر پالێت، بۆ ئەو هەمووە ماندوو بوونەمان بڕێک پارەی کەمیان پێدەداین چونکە دەیانزانی ئێمە بە قاچاخ لەوێ ئیش دەکەین هەر قسەمان بکردایە لە ئیشەکەش دەریاندەکردین، بەڕاستی زۆر بێویژدان بوون، ئێمە شایەنی چوارقاتی ئەو پارەیە بووین کە وەرماندەگرت. ماوەی سێ مانگ بەسەر ئیشە تازەکەم تێپەڕی و هەموو ڕۆژێ هەمان شت دووبارە دەبوویەوە، و هیچ شتێکی تازە ڕوویندەدا. تاکە شتێک کە دڵخۆشی دەکردم ئەوە بوو، کە کرێکارەکان هەمووی چینێکی هەژاری کۆمەڵگا بوون، هەموومان وەکو یەک ڕەش و ڕووت بووین. ئەوانە بووین کە پارەمان نییە هەتا بڕۆن بۆ ئەسینا، لەبەر ئەوە بە ناچاری دەبوایە کار بکەین و خۆمان مشووری خۆمان بخۆن.

دوو مانگی مابوو بۆ کۆتایی ساڵ، من و کاک (ئومێد) دەمانویست پارە بنێرینەوە بۆ کوردستان. برادەرێک ڕێنمای کردین بۆلای کەسێک کە سالانێک بوو لە ئەستەمبوڵ دەژیا و ببوو بە ڕێبەر ئەو پارەکەی بۆ ناردینەوە، من دوو سەد دۆلارم ناردەوە بۆ ماڵەوە و سەد دۆلاریشم بۆ خۆم پێمابوو. یەکێک لە کرێکارەکان مۆبایلی پێ بوو، ئیتر ژمارەکەی

ئەومان دابوو بە ماڵەوە، مانگی جارێک کاکم لە ئەسیناوە تەلەفونی بـۆ دەکرد و هەواڵی دەپرسیم.

ڕۆژێکیان دایکم لە نوسینگە پەیوەندیەوە تەلەفـونی بـۆ کـردم، هەر ئەوەندەی وتم: دایکە گیان، سڵاو تۆ باشیت... دای لە پـرمەی گریـان و هیچی بۆ نەوترا، تەلەفونەکەی دا بە خوشـکەکەم، ئەو کەمێـک قسـەی لەگەڵ کـردم، وتـی: دایکـم ئەوەنـدە دڵـی لەلای تـۆیە نەخەوی هەیە نەخۆراک، وتی: توخودا ئاگاداری خۆتبە، خودا نەکـات شـتێکت لێبێـت، ئەمیشە لێرەوە سەردەنێتەوە.

دوو ڕۆژ تێپەڕی و کاک( ئومێد) میوانێکی هات ناوی (سەڵاح) بـوو، چەند جارێک لە ڕێـگەی ئەسـینای دابـوو دەرنەچـوو بـوو، (سـەڵاح) کوڕێکی ئەسمەری خریلانە بوو تەمەنی سی ساڵ دەبوو، زمانی تـورکی بەباشی دەزانی نزیکەی سێ ساڵ دەبوو کە لە تورکیا ژیانی دەگوزەراند و پێشتر لە چەندین شوێن ئیشی کردبوو. هەتا بڵێی کوڕێکی چـاوکراوە بوو. پێشنیاری ئەوەی کرد کە گروپێک دروست بکەیـن خۆمـان بە پـێ بڕۆین بۆ ئەسینا، بە ئێمەی گوت: ئێوە براتان هەیە لە ئەسینا دەتـوانین زوو زوو پەیوەندیان پێوە بکەین و داوای هاوکاریان لێبکەین.

پلانەکەی (سەلاح) مان بە جدی وەرگرت و دەستمان کـرد بە دانـانی بەرنامە بۆ ئەو ڕێگەیە. بەڵام بڕیارمان دابوو کە لە ئیش کـردن بەردەوام

بین هەتا ئەو کاتەی سەفەرەکەمان دەکەین، نەهێڵین کەس پێمان بزانێت. ماوەی پێنج هەفتەی تر لە ئیش بەردەوام بوون و ڕۆژی یەک شەممە پشوومان بوو چوین بۆ دەردەوە. کەش و هەوا ساردی کرد بوو پایز بەرەو کۆتا دەڕۆشت گەڵای درەخت تەواو هەڵوەریبوو و شەقامەکانی تەنی بوو، جار جارە نەرمە بایەک دەهات و گەڵا سەمای دەکرد، دیمەنێکی زۆر جوان و ئەفسووناوی بوو لەو دەم کەنارە دانیشتبووم بیرم دەکردەوە، ئەبێت ڕۆژێک خۆری خەونەکانم لە ئاسۆیەکی گەشدا هەڵبێت؟ و لە ژێر ئەو ئاسۆ گەشەدا بە ئازادی و ئاسودەی ژیان بکەم.

بەدەم ئەم خەیاڵانەوە بووم کاک (ئومێد) هاواری لێکردم و گوتی ئێستا کاتی هاتووە با (ئەرسەلان و کاروان) ببینین و لەگەڵ ئەواندا بچین بۆ بازاڕ. چوین بۆ (بایەزید)* لەوێ هەندێک کەلوپەلمان کڕی، کۆڵەپشت و کاڵە و کابۆ و چاکەت و بلوس و هەندێک پێداویستی تریش، کەلوپەلەکانمان برد بۆ لای (سەڵاح) لەلای ئەو دامانئنا بۆ ئەوەی کەس پێمان نەزانێت. گروپەکەی ئێمە بە (سەڵاح)وە پێنج کەس بووین، و نەخشەمان کڕی بوو و بەرنامەی تەواومان دانابوو، سەعاتی سفرمان دیاری کردبوو لە چ ڕۆژ و کاتێکدا لە ئەستەمبوڵەوە بەڕێ بکەوین.

---

*.(بایەزید) گەڕەکێکە لە ئەستەمبوڵ، هەمووی بازاڕ و دوکانە.

## - ١٠ -

# سەفەر لە تاراوگە و بۆ تاراوگەیەکی تر
# کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠

دەردەنگانی شەو بوو (سەلاح) تەلەفونی کرد بۆ کاک ئومێد و پێی گوت: کە سەعاتی سفری گۆڕیوە بۆ کاتێکی تر و هۆکارەکەشی بۆ ڕوونکردبوویەوە. کاک ئومێدیش هەموو شتێکی بە من و کاروان و ئەرسەلان گوت. تەنها چواردە ڕۆژی مابوو بۆ جەژنی ڕەمەزان، هەروەها سیانزە ڕۆژی مابوو بۆ (کریسمس) جەژنی لەدایک بوونی مەسیح. سوتفەتەن ئەو ساڵە جەژنی ڕەمەزان و (کریسمس) دەکەوتە هەمان کاتەوە. ئێمەش وەها بەرنامەکەمان دانا کە لە کاتی جەژندا بپەڕینەوە لە تەنکایی ئاوی (ئیجە) بۆ ئەوەی ئاسانتر بێت چونکە دەکەوتە کاتی پشوو، هەروەها سەری ساڵیش دێت ئیتر پشووی زیاتری تێدەکەوێت، واماندانابوو کە ئەوەش لەبەرژەوەندی ئێمە بێت!.

یەکەم شت کە کردمان لە کۆتایی هەفتەکەدا دەستمان لە ئیش هەڵگرت و داوای موچەکەمان کرد. بەڵام بەداخەوە گێچەڵیان پێکردین و دەیانگوت: پارە نییە لە ئێستادا و دوای جەژن موچەتان پێدەدەین، ئیتر ئێمەش زۆر پێداگریمان کرد و گوتمان ئێمە دەمانەوێت ئەو پارەیە

بنێرینەوە بـۆ خێزانەکانمـان چـونکە بەرەو جەژنـانە و پێویسـتیان بە پارەیە. دوو ڕۆژ ئێمەیان دواخست ئینجا موچەکەمانیـان بە نیوەنـاچڵی پێداین، ئەوەنــدە بەرچـاو تەنـگ بـوون نیـوەی موچەکەمانیـان نەدا. کەمێکم لە پـارەکەم هـێڵایەوە و ئەوی تـریم هەمـووی کـرد بە دۆلار. چاوساغەکەمان کە (سەلاح) بوو، بەلەمێکی بچوکی سەفەری کڕی بـوو، لەگەڵ پەمپی هەوا و دوو حەبل و هەندێک پێداویستی تریش بـۆ ڕێگـا، دەبوایە هەوات بکردایە بەلەمەکە هەتا گەورەدەبوو، تەنهـا بێگـای دوو نەفەری تێدەبوویەوە...

ئێمەش چەندین جـۆری (موعەلەبـات) خـواردنی قووتـوو و تـۆزی شەربەت و هەندێک شوکولاتەمان کڕی و کردمانە ناو کۆڵەپشتەکەمان و لەگەڵ هەندێک جلەکان و ئیتر هەر پێـنجمان لە شـوقەیەک ئەو شـەوە ماینەوە. یەک ڕۆژ پێش جەژن (عارفە) ئێوارەکەی بە تەکسیەک چـوین بۆ ئۆتۆگاری ئەستەمبوڵ، بلیتی پاسمان بڕی بۆ (ئیپسالا)*، ڕێگەکەمـان سێ کـاتژمێر و نیـو بـوو. بەڵام بەر لەوەی بگەیـنە (ئیپسـالا) بە نیـو کاتژمێر؛ لە نزیک گوندێک دابەزین و لەوێ دوو کاتژمێر مـاینەوە، کەش و هەوا سارد بوو، ڕەشابایەکی بە تینی هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا

*.(ئیپسالا) شارۆچکەیەکی تورکییە، لەسەر سنووری نێوان تورکیا و یۆنانە.

بارانێکی بە خوڕ دەباری. کاک سـەڵاح تەلەفـونێکی کـرد و بە تـورکی قسەی کرد. سەیارەیەک هات و ئێمەی هەڵگرت و نزیکەی چـل خـولەک ڕۆیشت و لە شوێنێک ئێمەی داگـرت نزیـک کـێڵگەیەک و شـەو بـوو. هیچمان نەدەدی و عەرزەکەش هەمووی قوڕ و لیتە بوو.

کاتژمێرێک بە پیادە بەناو ئەو قوڕەدا ڕۆیشتین هەمووی کێڵگە بـوو، زوو زوو خۆمـان دانەنەوانەوە چـونکە ڕوونـاکیمان دەدی لە دوورەوە وەکو ئەوە وابوو کە یەکێک بە لایت تەماشای بەردەم خۆی بکـات. یـان بۆ شوێنێک بگەڕێت. گەشتینە ناو دارستانێک بەڵام چڕ نەبوو. ڕێـگەکە زۆر ناخۆش بوو. پێڵاو گۆرەویمان پڕ بووبوو لە قووڕاو. کەمێکـی تـر ڕۆشتین نزیکـی مەلا بانگـدان بـوو خەریـک بـوو ڕۆژ دەبـوویەوە و گەشتینە بەردەم تەنکایی ئاوەکە ئەوبەرەوەمان دەبینی زۆر نزیک بوو، دوو سـەد مەترێـک دوور بـوو. بەڵام ئـاوەکە زۆر بە خـوڕ و خێـرا دەڕۆشت. لەو کاتەدا ئێمە لەسەر خاکی تورکیا بووین چونکە ئەمـبەری ئاوەکە تورکیا بوو. ئەوبەریش خاکی یۆنان بوو.

بەلەمەکەمان دەرهێنا و بەپەلە دەستمان کرد بە پەمـپ لێـدان و هەوا تێکـردن و بەلەمەکە ئامـادە بـوو. سـەرێکی حەبلەکەیـان بەسـت لە بەلەمەکە و وردە وردە حەبلەکەمان شل دەکـرد و کـاروان و سـەلاح بە سەوڵ لێدان چوونە ئەوبەر. ئەوانیش وەکو ئـێمە سـەری حەبلەکەیـان بەس لە بەلەمەکە و ئـێمە لای خۆمـانەوە بەلەمەکەمـان بە بەتـاڵی

ڕادەکێشا و ئەوانیش وردە وردە حەبلەکەیان بۆ شل دەکرد هەتا گەشتە دەستمان، ئیدی پەڕینەوە زۆر ئاسان بوو هەر پێویستمان بە سەوڵ لێدان نەما. من و کاک (ئومێد) سوار بووین و بە ئاسانی پەڕینەوە و چونکە لەوسەرەوە کاروان و سەلاح بەلەمەکەیان ڕادەکێشا بە حەبلەکە. دواتر ئەرسەلان لەوسەرەوە بەلەمەکەی بە بەتاڵی بۆلای خۆی ڕادەکێشا و ئێمەش ئەومان ڕاکێشا و ئەوەیش بە سەلامەتی گەشتە لامان. ئیدی هەموومان لەو کاتەدا چووبووینە سەر خاکی یۆنان، بەلەمەکەمان لەت و پەت کرد و لە سوچێکدا شاردمانەوە لەگەڵ حەبلەکەدا.

لە ئاوەکە دوور کەوتینەوە، دوو کاتژمێر بە پیادە ڕۆشتین و لە نزیک باخێک دانیشتین تەواو ڕۆژ بوویەوە، کاروان زۆر سوعبەت چی بوو، وتی جەژنتان پیرۆزبێت و لە خۆشیدا بن و لەو کاتەدا ئەرسەلان گوتی: کەواتە با سەروو فاسۆلیای قوتوو هەڵپچڕین و ئەیکەین بەجەژن. بەڵام ئەوەندە هەستمان بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکرد، نانەکە بوو بە دەردمان. کیسەخەوەکانمان دەرکرد و عەلاگەی ڕەشمان لەژێر خۆمان داخست و خەوتین هەتا ئێوارە.

خۆمان کۆکردەوە و نانێکمان خوارد و کە دنیا بە تەواوی تاریک بوو. کەوتینە ڕێ بە پیادە نزیکەی سێ کاتژمێر دەڕۆیشتین، نزیکی گوندێک بووینەوە کە چەند ماڵێک دەبوو پردێکی بچوک لە نزیک بوو هەروەها کەنیسەیەک لە ناوەڕاستی گوندەکەدا بوو لایەکی ڕووخابوو، شەقامێک

بەلایــدا تێــدەپەڕی و تــابلۆیەکی ڕەساســی هەڵواسرابــوو کە چەنــد وشەیەکی یۆنانی لەسەر بوو.

بورجێکی بەرز بەرامبەرمان بوو تەنها لێزەرەکەی کە گڵۆپێکی سوور بوو لێمانەوە دیار بوو، هەڵەبوو ئەکــوژایەوە وەکــو ئیشــارەتی چەپ و ڕاســتی ســەیارە بــوو، بەرەود ئەو ئاڕاســتەیە هەنگاومــان دەنــا. هەر نەدەگەیشتین هەنگاو بە هەنگاو سەخت تر دەبوو هەستم دەکرد لەسەر پردی (سیراط)ین و خەریکە دەکەوینە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

ئەو ڕێگەیە ئەوەنــدە دوور بــوو هەر نەدەگەیشــتینە بــورجەکە. ئەو شەوە هەتا ڕۆژ بوویەوە ئێمەوە بەڕێگەوە بــووین لە نــاو دارســتانێکی چڕدا. لە نزیک دۆڵێک وەستاین و کیســەخەوەکانمان دەرکــرد ئەوەنــدە ماندوو بووین یەکسەر خەومان لێکەوت. هەموو گیــانم تێکشــکابوو لە ئازاردا خەبەرم بوویەوە، گیانم شڵپەی دەهات لە ئاوی بارانــاو، چــونکە ئەو ڕۆژە باران بە لێزمە دەباری. خۆم کۆکردەوە ئەوانی تریشــم خەبەر کردەوە. دەبەی ئاوەکەم خــاڵی بــوو، کەس ئــاوی پێنەمــابوو، ناچــار کەوتینە ڕێ بۆ خوارەوەی دۆڵەکە بەناو بەردەڵانەکەدا شۆڕبووینەوە و گەشتینە چەمێک. باراناو وەکو جۆگەلە دەڕۆشت بەڵام هەر قوڕاو بــوو. ئیدی بە ناچاری دەبەکانمان پڕ کــرد لە قــوڕاو تــۆزی شــەربەتەکەمان تێکرد و ڕامانوەشاند هەتا تێکەڵ بێت بەس بــۆ ئەوەی تــامی قــوڕاوەکە بگۆڕێت و لە تینوویەتی ڕزگارمان بێت!.

کەوتینەوە ڕێ. وەلّی جار جاردیە یەکێکمان بەردەبوویەوە و دەستمان دەگرت و هەڵدەستایەوە وبەردەوام بووین لە ڕۆشتن. چووبووینە قوڵایی چڕی دارستانەکە و بارانیش بە خوڕ دەباری و جلەکانمان و پێڵاوەکانمان شلّپەی دەهات لە باراناو. زۆر ماندوو بووین لە پەل و پۆ کەوتین و لە نزیک گابەردێک وەستاین و پشوویەکمان دا و قتوویەک خواردنم هەڵپچڕی و خواردم. توزێک وزەم بۆ گەڕایەوە و دوای ماوەیەک کەوتینەوە ڕێ. خەریک بوو ڕۆژ دەبویەوە بەڵام قاچی چەپم خلیسکا و لە بەرزایەکەوە بەربوومەوە و بە خراپی قاچم ئازاری پێگەیشت. بە کاک ئومێدم گوت کە قاچم ئازاری هەیە. بەڵام ئەو هەر باوەڕی نەدەکرد و دەیگوت: ئەگەر نەیەیت لەگەڵمان ئەوە جێت دەهێلین و لەو دارستانە چۆڵەدا دەبیتە خواردنی گەلەگورگ. لە ترسا ئازارەکەی قاچم بیر چوویەوە و بەدوایان کەوتم بە شەلە شەل. خەریک بوو ڕۆژ دەبوویەوە لە دارستانەکە سەرمان دەرهێنا. هەمووومان سەرمان سورما. ئەوەی بینیمان جێگەی باوەڕ نەبوو.

گەڕابووینەوە بۆ بەردەم ئەو گوندەی کە یەکەم ڕۆژ بینیمان!. نزیکی ئەو تابلۆیە بووم کە بینیمان و کەنیسە ڕووخاوەکە کە لە ناوەڕاستی گوندەکەدا بوو. زۆر بێ هیوا بووین. تەواو سەرمان لێشێوا بوو. هەستم دەکردن تەنها کات بە فیڕۆدەدەین. کاروان دەستی کرد بە کفر کردن و جنێودان و ئەرسەلانیش لەبەر خۆیەوە هەر گلەیی و گازندە دەکرد کاک

ئومێد هیچ قسەی نەدەکرد تەنها جگەرەی دەکێشا و بە قـوڵی نەفەسـی لێدەدا.

ئێمە دوو شەو بە پیادە دەڕۆشتین و بە ڕۆژ پشـوومان دەدا لە کۆتایـدا گەڕاینەوە خاڵی دەستپێک، ئیدی کـاک ئومێـد بە دەسـتێکی جـگەرەی دەکێشا و بە دەستەکەی تریشی منی ڕادەکێشا و منیش بە شـەلە شـەل لەگەڵیدا دەڕۆیشتم. ئەمجاردیان بەڕۆژیش دەسـتمانکرد بە ڕۆیشـتن و نەدەوەسـتاین هەتـا، نزیـک کـێڵگەیەک بـووینەوە لەنـاو کـێڵگەکەدا ژوورێک دروسـت کرابـوو دەرگـاکەیمان شـکاند و چـووینە ژوورەوە لەناویدا بزوێنەری بیر بوو لەگەڵ چەندین جـۆری ئـامێری کوشـتوکاڵ هەبوون بەڵام عەرزی ژوورەکە تەڕ بـوو بارانـاو چووبـوویە ژوورەوە ئەویش ببوو بە قوڕاو. عەلاگەی ڕەشمی گەورەمان پێبـوو، ڕامخسـت و کیسەخەوەکەم دەرهێنا و لێی خەوتم.

ئەوە سێ شەو بوو ئێمە بەڕێگەوە بـووین و بەشـەو دەڕۆیشـتین و بەڕۆژ دەخەوتین بـۆئەوەی کەشـف نەبـین و کەس نەمـان بینێـت. لە گریانی کاک ( ئومێد) خەبەرم بـوویەوە سـەیرم کـرد پاڵیـداوەتەوە بە دیوارەکەوە و جگەرە ئەکێشێت ئەگری و تۆزێک خۆم کۆکردەوە وتم بۆ ئەگریت؟ زۆر پەست بوو وەتی: هێشتا هەست بە فرمێسکەکانم ناکەیـت و ئەو پرسیارە قۆڕە ئەکەیت، تـۆ سـەیری خـۆت بـکە لەنـاو قـوڕاودا خەوتوویت. ئیتر تەماشایەکم کرد و گوتم: ئێ خۆ هەر من نـیم، ئەوەتـا

ئێوەش لە ناو قوڕاودان و حاڵی کەسمان لەوی تر باشـتر نیـیە، گـوتی: هەتا ئەژنۆمان قوڕاو هاتووە بەس نەوە ماوە قوڕ بـیکەین بەسـەرمان!. ئەوە یەکەمین جار بوو کاک ئومێد ببیـنم ئەوەنـدە نـا ئومێـد بێـت! لە دەست سەختی ڕۆژگار و ژیان.

زۆر تینووم بوو، داوای ئاوم کرد، کاک ئومێد سەیری جانتاکەی کرد و دەبەکەی بەس قوڕاوی تیامابوویەوە لە ژێردەکەی ئەویشـم هەڵقوڕانـد. ئیتر نە نانمان پێمابوو نە ئاو، کۆڵەپشتەکانمان تەواو سـووک بووبـوو، بەڵام خۆمان شلیەمان دەهات لە قوڕاو باراناودا.

بۆ چوارەم شەو کەوتینە ڕێ و نزیک بووینەوە لە دارسـتانەکە، بەڵام ئەمجاردیان لە قەراغی دارستانەکەوە کەوتینە ڕێ و هەندێک شتمان کرد بە نیشانە بۆ ئەوەی هەمـان هەڵە نەکەیـنەوە. نزیکـی چـوار کـاتژمێر ڕۆشتین و لە گوندێکی تـر نزیـک بـووینەوە و پاشـان بەرەو چیـایەک ڕۆشتین هەر بەڕۆژ نەدەوەسـتان ئەمجـارە و سـێ کـاتژمێر بەردەوام بووین کە گەشـتینە بەرزایـی لـوتکەکە، ڕوونـاکیەکی زۆرمـان بینـی گڵۆپێکی زۆر بوو لە دووردوە ئەدرەوشایەوە، ئیـدی هەمـوو دڵخـۆش بووین چونکە شارێکی گەورەی یۆنانمان لێ دەرکەوت.

هەر لەو جێگەیە تۆزێک پشوومان دا. کاک ئومێد و سـەلاح خەویـان لێکەوت، منیش دانیشتبووم هەر بیرمدەکردەوە لە برسێتی و بێ نـان و

ئاوى. ئەو كاتانەم كەوەتەوە ياد، كە دايكم لەسەر سفرەى خــوان، نــانى بۆ تێدەكردين و دەستمان دەكرد بە نان خــواردن، خــۆى بەديارمــانەوە دادەنيشت و چاوەڕێ دەبوو هەتا هەمــوو خوشــك و براكــانم تێرمــان دەخوارد، ئينجا ئەو نانى دەخوارد. هەميشە بيرى لەوە دەكــردەوە نەك خواردنەكە بەش نەكات و ئێمە بە برســيتى ســەر بنێيــنەوە. لەبەر ئەوە نانى نەدەخوارد و چاوەڕێ دەبوو هەتا بە تەواوى دڵنيــا دەبــوو لەوەى كە هەموومان تێر و پڕ بە دڵى خۆمان خواردووە!. لەو كاتەدا بيــرم لەوە دەكردەوە. ئاخۆ دەبێت ئێستا دايكم چەند دڵى لەلاى مــن بێــت؟ دەبێــت ئێستا چۆن فرمێسكم بۆ هەڵڕێژێت؟

لە هەمان كاتدا دەمزانى كە باوكم ئازارى جەستەى خۆى بيرچــۆتەوە، چونكە ئەوەندە بير لە من دەكاتەوە و دڵى بۆ مــن دەســووتێت. بــاوكم پياوێكى ئەوەندە ميهرەبان بوو، ئــازارى ميروولەشــى نەدەدا، بەردەوام نان و ئاوى بۆ باڵندەكان ڕۆ دەكرد. ئەو تەنانەت حەزى نەدەكرد ئاژەڵ و باڵــدارەكانيش برســى و تينــوو بــن. لە تەريقەتــى ئەودا ئــازاردان و كوشتنى ميروولەش حەرام بوو. ســەرەڕاى ئەوانەش ئەو هەميشــە بــۆ نوێژى بەيانى هەڵدەستا. پێش ئەوەى نوێژەكەى بكــات، دەچــوو ئــاوى ئەو ئەمامانەى دەدا كە لە ئەمبەر و ئەوبەرى كوڵان و شــەقامەكەى لاى ماڵى خۆمان چاندبووى. ئينجا دەچــووە ســەر بەرمــاڵەكەى و نــوێژى

بەیانی دەکرد. لەلای ئەو ئاودانی نەمام و گـولیش هەر عیبـادەت بـوو، ئەو عاشقی ژینگە و سروشت و ژیان بوو.

کاک ئومێد و سەلاح هەستانەوە و ئیتر کەوتینە ڕێ، بەڵام ئەمجارەیان بەبێ نان و بە بێ ئاو، چەند کاتژمێرێک بەردەوام بووین لە ناچاریدا گژ و گیامان دەخوارد وەکو ئاژەڵمان لێهاتبوو، بەدەم ڕێگاوە گەڵا و گیامان دەخوارد، هەتا گەیشـتینە نزیـک کـارگەیەک بەدووریـدا سـوڕاینەوە کەسمان نەدی، کاک ئومێـد و ئەرسـەلان چـوونە پێشـەوە دەرگـاکەی داخرابوو پەنجەرەیەکیان شـکاند و چـوونە ژوورەوە و ئـاو و کێکیـان هێنابوو. کاک ئومێد گوتی سەلاجەی چێشتخانەکەم کردۆتەوە تەنها ئەو پارچە کێکە و دوو دەبە ئاوی تیابوو، ئەوەمان خوارد و تۆزێک وزەمـان بۆ گەڕایەوە.

کەوتینەوە ڕێ، و منیش بە شەلە شەل بەدوایاندا دەڕۆشتم لە هەندێک شـوێن کـاک ئومێـد ڕایدەکێشـام و دەسـتی گرتبـوو و بەریـنەدەدا، تەپـۆڵکەیەکمان بەرچـاو کەوت، لەبەرزایەکەدا کەنیسـەیەکی بچکـۆلە هەبوو، بەرێکەوتین بۆ کەنیسەکە، بە کاتژمێرێک گەیشـتینە بەردەمـی. کاروان دەرگاکەی کـردەوە و چـووە ژووردەوە بە پەلە هـاتەوە دەردەوە، گـوتی چـۆڵ و هـۆڵە، بـا لێـرە بخەویـن، ئیـتر چـووینە ژوورە و سەرخەوێکمان شکاند، بەڵام سەلاح هەر موشەموشی بـوو دەرگـایەکی دۆزیەوە دەچوو بۆ ژێرزەمینێک، لە ژێـرزەمینەکە سـاردکەرەوەی تیـا

بوو. پڕ بوو لە پەنیر و زەیتوون و میوە هەر خەریک بوو سەلاجەکەش بخۆین لەبردسا. دوو سندوقی تەختە لە عەرزەکە بوو هەڵماپچڕی پڕ بوو لە شووشە شەرابی جۆراوجۆر، دەستمان لەوەنەدا کەمێکی تر پشوومان دا.

لە کەنیسەکە هاتینە دەروە و بەددەم خۆمانەوە دەمانگوت: سوپاس بۆ خودا ئەمجارەیان (حەزرەتی مریەم و عیسا و موسا، کە لەم تەنگانەیەدا فریامان کەوتن). بەردەوام بووین لە ڕێ نزیکەی شەش کاتژمێر بە پێ ڕۆیشتین، ئیتر من هاوارم لێهەڵسا و وتم: تەواو من ناتوانم بڕۆم قاچی چەپم خوێنی لێدەچۆڕا، دنیا خەریک بوو ڕووناک دەبوویەوە. بەنزینخانەیەک لێمانەوە نزیک بوو بە ئاسانی ددمانبینی کە سەیارە دەچوو لەوێ دەوەستا. کاک ئومێد گوتی لێرە مەجولێن من دەڕۆم و (دراخما)* م پێیە، و هەوڵدەدەم خواردن بکڕم دوای نیو کاتژمێر گەڕایەوە و هەندێک پسکیت و شەربەتی هێنا بوو، گوتی لەوێ تەلەفونی لێیە و هەڵسن با بکەوینە ڕێ. لە پشتی بەنزینخانەکە خۆمان شاردەوە و کاک ئومێد و سەلاح چوون کارتیان کڕی و لەوێ تەلەفونیان بۆ کاکم و براکەی کردبوو بۆ ئەوەی زانیاریان پێبدەن، بەڵام بەدەستی بەتاڵ هاتنەوە چونکە لە تەلەفونەکەوە پرسیاری ئەوەیان لێکردبوون کە

---

* (دراخما) دراوی یونانیە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢ گۆڕیان بۆ یۆرۆ.

برۆنە نزیکی شەقامێکی گشتی و سەری تابلۆکان بکەن بۆ ئەوەی بزانن لە چ شوێنێکن. بەداخەوە لە بەنزینخانەکەش پرسیاریان نەکردبوو هەتا گومانیان لێنەکەن، هەر پارەی پسکیت و شەربەتەکەیان دابوو و ئیتر هاتبوونە دەرەوە.

ملی ڕێکەکەمان گرتە بەر بۆ نزیکی شار هەر دوو کیلۆمەتری مابوو بگەینە ناو شارەکە ماڵەکانی دەرەوەی شارم بینی هەموو بە گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ پەنجەرەکەنیان ڕازاندبوویەوە و زۆر دیمەنێکی جوانی هەبوو. لەبەردەم شوێنی وەستانی سەیارەدا بووین. لۆریەک لەوێدا وەستابوو، کاروان گوتی: با خۆمان لەناو ئەو لۆریانە بشارینەوە، دیارە دەچێت بۆ ئەسینا.

سەلاح گوتی: بەڵام لەوانەیە سبەی بەرەو تورکیا بەڕێ کەوێت. کاک ئومێد گوتی: سەیری بارەکەیان بکەن. هاتنەوە و گوتیان: بەتاڵ بوو هیچی تیا نەبوو. لەو کاتەدا شەمەندەفەرێک بەلاماندا تێپەڕی. ئیتر زۆر دڵخۆش بووین و بڕیارماندا بەسەر سکەکەی شەمەدەفەرەکە بڕۆین هەتا دەینە وێستگەیەک و لەوێ بلیت دەبڕین و دەچین بۆ ئەسینا. کەمێک ڕۆشتین لە ژێر پردێک خەوتین هەتا دنیا تاریک بوو، چەمێک لێمانەوە نزیک بوو. لە ئاوی ئەو چەمە خۆمان شۆرد و پاشان جلی تازەمان لەبەر کرد و بەرێکەوتین بەسەر سکەی شەمەندەفەرەکە. بەڵام لە ناکاو دوو سەیارەی پۆلیس لەبەردەمان وەستان، دیار بوو چاودێریان

کردبووین چونکە لەناکاو دەرکەوتن و کۆماندۆی یۆنانی دەوریان دایــن و ئێمەیان گرت.

# -١١-

# تۆپ تۆپێن*

کۆماندۆکەکان بەیۆنانی قسەیان دەکرد و ئێمەش هیچ تێنەدەگەیشتین، یەکێکیان بە ئینگلیزی گوتی: دەچن بۆ ئەسینا؟ وتمان بەڵێ. ئێمەیان خستە ناو سەیارەکان و کەوتنەڕێ. لە پەنجەرەی سەیارەکەوە تەماشای شەقام و باڵەخانە و ماڵەکانم دەکرد هەموو ڕازێندرابوویەوە بە گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ و ئەدروشانەوە، هەڵدەبوون و ئەکوژانەوە، دیمەنێکی زۆر ناوازەی هەبوو، دار سنەوبەری کریسمس لە پەنجەرەی ماڵەکانەوە دەردەکەوت زۆر جوان بوو، ڕێک هەستم دەکرد لە سینەما دانیشتووم و سەیری فیلمێک دەکەم.

نم نم باران دەباری، دڵۆپەی بارانەکە بە سەر پەنجەرەی سەیارەکەوە ئەچۆڕایەوە و هەندێکی هەر دەمایەوە، وەکو چۆن شەونم لەسەر گەڵایەک دەنیشێت. ناو سەیارەکە گەرم و خۆش بوو. ئیتر کەوتبوومە

*.(تۆپتۆپێن):وشەیەک بوو نەفەرەکان بەکاریان دەهێنا لەو سەردەمە وەها بوو ئەگەر وەجبەیەک بگیرایە لە یۆنان ئەوا سنوورداشی خاکی تورکیان دەکرد و ئەوانیش کە دەیانکرتن هەڵیان ئەدانەوە بۆ ناو خاکی یونان... ئەو نەفەرانە وەکو تۆپیان لێدەهات لە ئەمبەر و ئەوبەر هەر شەقیان تێهەڵئەدان.

قــوڵایی خەیــاڵەوە لەگەڵ نیگــای ئەو دیــمەنەی كە لە پەنــجەرەكەوە تەماشام دەكرد. نزیكەی نیو كاتژمێر ڕۆیشــت و دواتــر لە دەركــایەكی گەورەی تەلبەنیكەوە چووە ژوورەوە و پاشان لە ناو گەراجێكــی گەورە سەیارەكانیان ڕاكرت و ئێمەیان بردە زیندان.

زیندانەكە ژوورێكی مام ناوەند بوو، بەڵام زۆر پیس بوو، عەرزەكەی هەمووی عەلاكە و خــۆراكی بەســەرچوو و قوتــووی كــۆلا و چەنــدین جۆری خواردنی لە قوتووكراو. دیار بوو پــێش ئــێمە چەنــدین كەســیان بردۆتە ئەو زیندانە. ئەوەی كە سەرنجی منی ڕاكێشــا، نــوسراوی ســەر دیوارەكان بوو، هەندێك لە بەنــدكراوەكان بــۆ یادگــاری نوســیبوویان: ((ئەمڕۆ بەرواری ... كاتژمێر ئەوەندە لێردبووم، بــا ئەمە بــۆ یادگــاری بمێنێت ئەگەر جارێكی تر گەڕامەوە، براتان فڵانی كوڕی فــڵان)) ئیــدی بەسەدان جۆر نوسراوی لەو شێوەیە هەبوو، دانەیەكی تــرم خوێنــدەوە سەرسوڕمانی كردم نوسرابوو: ((شــیلان، هەی بێوەفــا، مــن كە ئێســتا لێردەم هۆكارەكەی تۆیت، ئاهی من بتگرێت، هەرگیــز لێــت خــۆش نــابم هەی بێوەفا، من لە داخــی تــۆ ســەری خــۆم هەڵگــرت، بەرواری.....)) دانەیەكی تر نوسرابوو: (( چــوومە هەر وڵاتێــك بە زینــدانەكانی شــاد بووم نەك بە خۆشی و ئازادییەكەی، نەفرەت لەم ژیانە)) دانەیەكــی تــر نوسرابوو (( عەشقی شــوێنێكم وا بەگیــانتەوە.. وا بە حــدودی بەینــی ڕانتەوە)). ئیتر پۆلیسێك هــات و بــانگی كــردین و وەســتان لەبەردەم

دەرگاکە لەسەر سوچێکی دەرگاکەش نوسرابوو: ((فلآنـــی کچـــی فـــلآن قەحپەیە و من بە چاوی خۆم فلآنە کوڕم گرتووە بە ســەریەوە!!!)) هەر ڕێک دەرگای تەوالێتی مزگەوتەکانی ناو بازاڕم بیرکەوتەوە...

کەچووینە دەرەوە پۆلیســەکە ئـیمەی بــردە لە ژوورێــک و لەســەر کورســـی دانیشـــتین لەوکـــاتەدا کارمەنـــدێکی کـــچ هـــاتە ژوورەوە بـــۆ تۆمارکردنی ناوەکانمان. ڕێک هەمووومان لەبەری هەستاین، من ئـــازاری قاچی چەپم بیرچوویەوە ڕێک شـیعرەکەی مامۆسـتا ئەحـمەد هەردیـم بیرکەوتەوە کە دەڵێت: ( بەژن و باڵاکەت نمـــوونەی، هەیکەلـــی یۆنـــانی یە... لار و لەنـــجەت مۆســـیقایە، بەســـتەیە، گـــۆرانی یە). کە چــوومە بەردەمی ئەوەندە بە دیقەتەوە تەماشام دەکرد هەر باوەڕم بەچاوەکانی خۆم نەدەکرد کە ئەوەش هەر وەکو ئێمە مرۆڤە، دەمویست دەست بدەم لە دەستیەوە هەتا دڵنیابمەوە و ئەو تەپە تەپەی دڵم بوەســتێت، قژێکــی ڕەشی لوول و چاوەکانی سەوز، برۆیەکی ئەستووری ڕەش و پێســتێکی ناسک و جەستەیەکی شمشاڵی باڵا بەرز، ئیتر بەتەواوی بیــر و هۆشـــی هەمووومانی برد، بۆنێکی ئەوەندە خۆشی لێوەدەهـــات مـــن هەر لەیەکەم چرکەوە لە هۆش چووم و خاو بوومەوە، قەسەم بەخـــوا ئەگەر لەوکـــاتە نەشـــتەرگەری بکرامـــایە و نیـــوەی جەســـتەمیان هەڵـــدڕایە دەنگـــم لێوەنەدەهات، ناوەکانمانی تۆمار کرد و ڕۆشت.

ئیتر من ورِ ببوم هێشتا بەری نەدابووم، پۆلیسێکی تـر هـات و ئـێمەی بەرد بۆ حەوشەکە و دواتر بە سەیارە ئێمەیان گواستەوە بۆ زینـدانێکی زۆر گەورە کە پڕ پڕ بوو لە نەفەر و ئەوانیش هەمـووی گیـرا بـوون لە ڕێگەی قاچاغ وەکـو ئـێمە. هـۆڵێکی زۆر گەورە بـوو بەقەدەر هـۆڵی یاریگایەکی داخـراو دەبـوو، نـزیکەی سـێ سـەد نەفەر لەوێ بـوون، بۆگەنێکی زۆر ناخۆشی لێوەددهـات. پـڕ پـڕ بـوو لە زبـڵ و عەلاگە و سەموونی کۆن و خواردنی قوتووی هەڵپچڕاو دەبەی بەتـاڵ و پـاکەتی جگەرە و جلی پیس و دڕاو. بەڕاسـتی ئەوەنـدە نـاخۆش بـوو هەسـتم دەکرد لە (نوگرە سەلمان) بەند کراوین و هێـدی هێـدی بەرەوە لێـواری مەرگ هەنگاو دەنێین. گەنج و پیـر، ڕەش و ڕووت، هەمـووی بەیەکەوە بە پێوە وەستابووین و کۆمەڵ کۆمەڵ بەیەکەوە قسەیان دەکرد، خەریک بوو دەخنکـاین لە هـیچ لایەکەوە هەوا نەدەهـات. لە هەمـوو لایەکەوە گوێم تەنیا لەیەک ڕستە دەبوو ئەویش ئەوە بوو ( بەس نەکەوینە تـۆپ تۆپێنەوە، ئیتر هەرچی دەبێت با ببێت!.)

یەکێک لە نزیکی مـنەوە بـوو بە بـرادەرەکەی گـوت: ئەمە چـوارەم جارمە دێمەوە ئەم هۆڵە، سبەینێ شەقێکمان تێهەڵەدەن بۆ نـاو خـاکی تورکیا ئەوانیش تێمانهەڵەدەنەوە بۆ ئێرە. بەڕاستی سەرم سـوڕما بـوو هیچ لە قسەکانیان تێنەدەگەشتم. بۆ بەیانیەکەی پۆلیسێک هات و گوتی

ئەمڕۆ لێرە دەمێننەوە و چونکە پشووە، لەبەر ئەوە سبەی بەڕێتان دەکەین...

ئەو شەوەمان هەر لێنەدەڕۆشت هەموو چرکەیەک بەیەک ساڵ تێدەپەڕی. بۆ ڕۆژی دواتر لە (بەرواری ٢٨ی دیسەمبەری ٢٠٠٠، ڕۆژی پێنج شەممە)، بەر لە خۆر هەڵاتن. بە پاس ئێمەیان بەڕێکرد، لە نزیک کێڵگەیەک ئێمەیان دابەزاند و دواتر بە پیادە نزیکەی بیست خولەک ڕۆشتین هەر گروپێک پانزە کەس دەبووین و زوو زوو پێیان دەگوتین سەرتان دانەوێنەوە، کۆماندۆ یۆنانیکان زۆر دەترسان و ئێمەیان نزیکی ئاوەکە کردەوە هەتا گەیشتینە سەر ئاوەکە زۆرمان پێچوو، بەپەلە ئێمەیان خستە ناو بەلەمێکی خێرا و لەوبەر ئاوەکە دایانگرتین؛ لەو کاتەدا ئێمە لەسەر خاکی تورکیا بووین کەش و هەوا زۆر سارد بوو ڕەشەبایەکی ساردی وشکی هەبوو خەریک بوو ئەو درەختانەی لەبن هەڵدەکەند. (سەلاح) ئێمەی لە خەڵکەکە جیاکردەوە و گوتی: ئەبێت زۆر بە وریایی بڕۆین هەتا نەگیرێن چونکە دوایی دەمانخەنە تۆیتۆزیێنەوە و دواتر ئەبین بەو فیلمەی کە کەس بۆی ناچێت. خۆمان لە خەڵکەکە جیا کردەوە بەڵام زۆریش دوور نەبووین، هەر گروپەوە و پانزە کەس بەیەکەوە چونکە لە بەلەمەکەدا هەر جارەو پانزەکەسیان دەپەڕاندەوە بۆ خاکی تورکیا، ئەو کێڵگانە پڕ بوون لە

نەفەر و ڕۆژ ببوویەوە هەموو یەکمان دەبینی هەر پێنج سـەد مەترێـک لەیەک دوور بوون گرووپەکان.

نزیکی نیو کاتژمێر بە پیادە ڕۆشتین بوو بە تەقە و هەمـوو سـەرمان دانەوانەوە لە نزیکی ئێمەوە هاوارێک هەڵسا دیار بوو چەنـد نەفەرێـک بریندار بوون. (جەندرمە)* لە هەمـوو لایەکەوە بۆمـان هـاتن و ئەوەی ڕایکردایە دەیاندایە بەر دەستڕێژی گولە. لەناچاریدا هەمـوو لە شـوێنی خۆمانەوە دانیشـتین. ئیـتر بە ڕێیـان کـردن بـۆ بنکەیەکـی گەورەی سەربازی. زۆر گەورەبـوو پـڕ بـوو لە سـەرباز و لەو نـاوە هەمـووی کەلوپەلی سەربازی بوو. دیار بوو چەند ڕۆژی پێشتر بەفر بـاریبوو لە بن دیوارەکان هێشتا بەفر هەر مابوو. ئێمەیـان ڕیـز کـرد زۆر بـووین نزیکەی شەست کەس دەبووین دەستیان کـرد بە پشـکنین هەرچـیمان پێبوایە لێیان دەسەندین ئیـتر سـەعات و موسـتیلە و پـارە و جـزدان و زنجیر و قایش و هەرچیان بەدڵ بوایە لێیان دەسەندین. هەسـتم دەکـرد کەوتووینەتە ناو کەمینی دز و جەردەوە.

ناخۆشترین شـت لە دنیـادا ئەوەیە کە بە ئاشـکرا و ڕۆژی ڕوونـاک دزیت لێبکەن و ماڵت داگیر بکەن و هیچیشت پێنەکرێـت!.. مـاوەی یەک کاتژمێر ئەو دزی و تالانییە بەردەوام بوو. هاتە سـەرەی مـن زۆر گەڕا

* (جەندرمە) ئەفسەری تورکە.

هیچی نەدۆزیەوە تەنها (قورئـان)ە بچـوكەكەی بینـیەوە كە دایكـم لە كوردستان داییێم. سەیری كرد و دەستی لێـدا و مـاچێكی قورئـانەكەی كـرد و نـای بە ناوچـاوانیەوە و دایەوە پـێم و بە بێـدەنگی خسـتیەوە گیرفـانم!. نەفەردكەی تەنیشـتی مـن پیـاوێكی بـالابەرز بـوو زۆر ئەجولایەوە یەک زلەی لە كابرا دا و پێلاوەكانیشی لە پێداكەند و سەیری ئەكرد هەچی پێبوو لێیسـەند و هیچـی بە كـابرا نەهـێلا نەک هەر ئەو هەموو نەفەرەكانیان والێدەكرد...

## -١٢-

# لە تاریکییەوە بۆ تاریکییەکی تر

سەربازێک هات و ناوی هەموومانی تۆمار کرد، خەریک بوو دەمردین لەبرسا، سەربازێکی تر هات وتی: کێ تورکی دەزانێت؟ کەس نەیدەوێرا بڵێت من دەزانم، چونکە ئەگەر بتوتایە تورکی دەزانم یەکسەر دەیانگوت ئەمە قاچاخچییە، لەبەر خۆیە هەر قسەی دەکرد من زۆر کەم تێدەگەشتم و کەس وەڵامی نەدایەوە، دواتر ئێمەیان خستە پەنایەکی سەربازگەکە، نەفەرەکان زۆر بوون کردیانین بە چەند بەشێکەوە هەر بەشەو لە سوچێکدا بووین و بە دەیان پاسەوان چاودێری دەکراین، لە کاک ئومێد و هاورێکانی خۆم دابرام ئەوان کەوتبوونە ناو کۆمەڵێکی ترەوە دەمبینین لە دوورەوە.

مامەڵەیەکی زۆر توندو تیژیان لەگەڵ دەکردین بەوەشەوە نەوەستان و سەرو عەلاگەیەکیان دایە دەستمان و بنکە سەربازیکەیان پێ پاکردینەوە و دەیانگوت دەبێت هەرچی فلتەری جگەرەیە هەڵیبگرنەوە و هەتا بەتەواوی گۆڕەپانەکەمان پاکنەکردەوە وازیان نەهێنا.

دنیا بەرەو تاریک بوون دەڕۆشت و سکمان قوڕەی دەهات لە برسا، لەو کاتەدا کوڕێکی گەنج لەناو ئەو کۆمەڵەی مندا بوو، تەحەمولی نەما و بەتورکی داوای خواردنی کرد، سەربازەکەش گوتی: پارەمان بدەنێ

هەتــا خواردنتــان بــۆ بهێنــین. ئەویــش گــوتی: هــیچمان پــێ نیــیە. هەرچییەکمان پێبوو ئێوە بردتان بۆ خۆتان!. ئیتر بەچەند سەربازێکەوە هاتن بۆی و دایانە بەر شەق و زلە. هیچ کەس دەنگی لێوەنەهات. کەس بەرگری لە گەنجە مەردە نەکرد. یەکەم جــار بــوو لە ژیانمــدا ئەودنــدە هەست بە ڕسوایی خۆم بکەم.

هەموو نەفەرەکان یەک لە یەک پەست تر بــوو بەڵام کەس جــورئەتی نەدەکرد قســە بکــات. بە تفەنــگەوە بەسەرســەمانەوە وەســتا بــوون. دیمەنێکی ئەوەندە ناشرین و قێزەوەنی هەبوو لە هیچ شــوێنێکی تــری ئەم دنیایە شتی لەو شێوەیە نەبووە و نییە، هەڵبەت نەوسەردەمە ئەگەر بتگوتایە مــن( کــورد)م بەلایــانەوە ئاســایی ئەگەر بەر دەســت ڕێــژی گولەیان بدایتایە. لە ناچاریدا دەمان گوت ئێمە خەڵکی (فەڵەستین)یــن. هەبوو دەیگوت (کرمانجی فەلەستین)م. هەڵبەت سەربازەکان دەیانزانی کە کوردین.

من نیگەرانی ئەوەبووم کە لەوکاتەدا بەبەرچــاوی هەموومــانەوە لەو گەنجەیان دەدا. نزیکەی پەنجــا کەســی لێبــوو بەداخەوە هــیچ کەســێ بەرگری لێنەکرد. هەمووی خۆی لە گێلی دەدا. خۆزگە من لە شوێنی ئەو گەنجە بوومایە، ئەو مەردایەتیە بەر من بکەوتیایە!.

ئەو شەوە لەو بەر سەرمایە بووین کزەبــایەکی زۆر ســاردی هەبــوو هێشــتا جلەکــانم هەر تەڕ بــوو ئیــتر تەقەی ددانــم دەهــات. هەمــوو

نەفەرەکــان وەهــا بــوون نەک هەر مــن. بەڵام بە تەمەن لەهەمــوو نەفەرەکانی تــر منــاڵتربووم و کــابرایەکیش کە ســەری ســپی بــوو لە هەمووی بەتەمەنتر بوو ئەوی تــری هەمــوو گەنــج بــوون. ئەو شــەوە ناخۆشترین شەو بوو لە تەمەنمــدا، شــەوێک بــوو کە هەرگیــز لەیــادم ناچێت هەتا بەیانی بەو بەر سەرمایە هەڵئەلەرزین هەموومــان، لە نیــوە شەودا بوو کابرا بەتەمەنەکە لە تەنیشتی سەتڵیکی گەورەی خۆڵ بوو لە ناو سەتڵەکە عەلاگەیەکی ڕەش بوو ناو عەلاگەکەشیان پــڕ کــرد بــوو لە خۆڵ. عەلاگەکەی هەڵگێڕایەوە و بەتــاڵی کــرد و خــۆڵەکەی کــردە نــاو سەتڵەکە و کونێکی گەورەی کردە ئەوسەری عەلاگەکە و کردی بەسەری مندا و گوتی لەو پەنایە دابنیشە و بەڕاستی ئەو عەلاگەیە تەواو گەرمــی کردمەوە خەوم لێکەوت بوو لە دەنگە دەنــگ و گریــانی منــاڵ بەخەبەر هاتم.

کە چاوم کردەوە بینیم ڕۆژ بۆتەوە وەجبەیەکی تریان هێنــا نــزیکەی دوانزە کەس دەبوون، بەڵام دوو خێزانــی تێــدا بــوو منــاڵی ساواشــیان پێبــوو، منــاڵەکە بە کــوڵ دەگریــا و ژێــر نەدەبــوویەوە. لەوکــاتەدا بە پاسەوانەکەم گــوت: دەبێــت بچــم بــۆ تەوالێــت و چــووم کە لەوســەر هاتمەوە، چومە لای ئەو دوو خێــزانە و دانیشــتم و قســەم کــرد لەگەڵ یەکێک لەو ژنانە، هاوسەرەکەی کەم ئەنــدام بــوو، دەســتی ڕاســتی لە

ئانیشکەوە نەبوو. ژنەکەی زۆر گەنج بوو، منداڵەکەشـــی هەر دەگریـا و ژیر نەدەبوویەوە. پرسیارم لێکرد:

"خوشکەکەم ئەو منداڵە بۆ دەگری؟"

وتی: "لەبرسا دەگری!"

وتم:" ئەی بۆ شیری خۆتی نادەیتێ؟"

تۆزێک بێدەنگ بوو پاشان گوتی:وەکو برام وایت بۆیە ئەمەت پێدەڵێم، دوو ڕۆژە هیچمان نەخواردەوە مەمکم وشک بووە. ئیتر ڕێک برسێتی و تونێتی و ناخۆشی و ئازارەکـانی خـۆم هەمـووی بیرچـوویەوە. ڕێـک هەستام و بەرەو دەرگای چوونە ژوورەی بنکەکە ڕۆشـتم دوو سـەرباز هاواریان لێکردم و هیچ نەوەستام و بە ڕاکـردن هـاتن بـۆم. لەوکـاتەدا سەربازێکی پلەدار بە سوتفە لە دەرگای ژوورەکەوە هاتەدەرەوە و مـن گەشتمە بەردەمی و سەربازەکانیش گەشتنە سەرم، ڕێک لەوێدا پەرکەمم لەخۆم هێنا و کەفێکی زۆرم لەدەمم دەرکرد و جوڵەیەکی هونەریم کـرد و خۆم خسـت بە زەویەکەدا، ئاگـام لێبـوو سـەربازە پـلەدارەکە منـی هەڵگرت و بردمی بۆ ژوورەوە لەسـەر جـێگەیەک منـی دانـا و ڕۆشـت بەلاچاوێک سەیری دەورووبەری خۆم کرد ژوورێکی پاکو خاوێن بـوو. لەسەر دیـوارەکەی بەرامـبەرم وێنەیەکـی (ئەتـاتورک) هەڵواسرابـوو، لەسەر مێـزەکەش دوو ئـاڵای تورکیـا دانرابـوو کە بچـووک بـوون. لە

دیوارەکەی تەنیشتی دەیان وێنەی سەربازی هەڵواسرابوو هەندێکی وێنەی زابتە پلەدارەکە خۆی بوو. لەسەر مێزەکەشی وێنەی هاوسەر و منداڵەکانی دانابوو لە چوارچێوەیەکی بچوکدا. لەوسەرەی ژوورەکە لە گۆشەکەداسەلاجەیەکی بچوک هەبوو. لەتەنیشتی مێز و کورسیەک دانرا بوو. دیواری ژوورەکە ڕەنگی سەوزێکی کاڵ بوو. سەقفەکەشی سپی بوو لە ناوەڕستدا پانکەیەک هەبوو، لەدیواری بەشی دواوە ڕەفەیەک هەڵواسرابوو چەند کتێبێکی لەسەر بوو، لەگەڵ چەند پاکەتێک پسکیت و شیرینیم بینی.

لەوکاتەدا دەنگێک هات و خۆم کردەوە بە کەسێکی بێ هۆش. یەکێک بە کرمانجی قسەی دەکرد چەند جارێک بە نەرمی کێشای بە ڕوومەتمدا و تۆزێک قۆڵۆنیای هێنا بە لای لوتمداو ئیتر بە ناچاری چاوم کردەوە و بینیم سەربازە پلەدارەکە، کڵاوەکەی لادابوو سەری سفر و دەموچاوی خڕ و برۆ ئەستوور، لووتی بچوک و باڵای بەرز و لەشێکی مامناوەندی هەبوو. لەگەڵ سەربازێکی گەنج بەسەرسەرمەوە وەستا بوون. بە جلەکانیدا دیار بوو سەربازە گەنجەکە پزیشک بوو. ئامێرێکی بیستنی پزیشکی لەملدا بوو کەمێک نوساندی بە سنگمەوە و هەناسەم دەدا و لەگەڵ زابتەکە هەندێک قسەیان کرد باش تێنەگەیشتم. تۆزێک ئاوی کرد بەدەممداو پارچەیەک شوکولاتەی دامێ و بە ئیشارەت پێی گوت کە برسیمە. لە سەلاجەکە لەفەیەکی دەکرد و دایمێ و خواردم و هەر خۆم

بێدەنگ کردبوو، لەوکاتەدا سەربازێکی تر هات و سڵاوێکی سەربازی بۆ سەربازە پلەدارەکە کرد و هەندێک قسەی کرد و هەموویان ڕۆشتنە دەردوە لە ژوورەکە، یەکسەر ئەو هەلەم قۆستەوە و دوو پاکەت پسکیت و هەندێک شوکولاتەم خستە گیرفانمەوە و دوای کەمێکی تر هاتنەوە بۆ لام و بە ئیشارەت گوتم ئاو، دەبەیەک ئاو شەربەتیکی پرتەقاڵیان داپێم و منیان بردە دەردوە بۆ گۆرەپانەکە، خێرا ڕۆشتم بۆلای ئەو ژنەی کە منالەکەی دەگریا و لە تەنیشتی دانیشتم، لەچکەکەی بەتەواوی لە دەموچاوی ئاڵاندبوو، منالەکە لەباوەشیدابوو هەر دەگریا، بەدزیەوە دوو پاکەتە پسکیتەکە و شەربەت و ئاو و هەندێک شوکولاتەم پێدا و وردە وردە دەیخوارد، سەیرێکی کردم و وتی: ئەی ڕەحمەت لە دایک و باوکت..

کەمێک شەربەتی کرد بە دەمی منالەکەی و بێدەنک بوو. گوتی: ئێمە دوو خێزان بووین پارەمان خەواندبوو بۆ هەر نەفەرێک بیست وەرەقە (دوو هەزار دۆلار) بە شاحینە بڕۆین بەڵام بەداخەوە لە کۆنترۆڵ دەرنەچوین، لە یۆنانەوە سنووورداشی تورکیا کراین ڕۆژێک لەمەو بەر، دوێنێ لە بنکەیەکی سەربازی بچوک بووین، ئەمرۆ ئێمەیان هێنا بۆ ئێرە.

ناوم: (هێرۆ)یە و مێردەکەشم ناوی(محەمەد)ە. وتم: ئەی مێردەکەت بەچی دەستی وایلێهاتووە؟ وتی:بەرلەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم

وەها بوو، پێشمەرگە بووە و لە شەڕی ناوخۆدا بریندار دەبێت، پارچە هاوەنێکی بەردەکەوێت و ئەو دەستەی دەپەڕێت. لەو قسانەدا بوین سەربازێک هات و هەموومانی کۆکردەوە و بۆ ماوەیەک وەستاین و ئیتر چوار سەیاردی بارهەڵگری سەربازی وەستان و کە لە شێوەی زیلی عەسکەری بوون، ئێمەیان خستە ناو سەیارەکان و کەوتنەڕێ.

دوو کەس بەرامبەرم دانیشتبوون بە چیچکانەوە یەکێکیان دەگریا. دەیگوت: ئێستا هەڵماندەدەنەوە ناو خاکی یۆنان و ئەکەوینەوە (تۆپتۆپێن). من ئەوە هەفتەیەکە لەم حاڵەدام. بەڵام یەکێکی تر گوتی: خوا گەورەیە براکەم سەبرت هەبێت با بزانین چی ڕوودەدات.

-١٣-

# مەزنی قورئانە بچووکەکە

نزیکەی کاتژمێرێک زیاتر دەبوو لە ناوە سەیارەی بارهەڵگرەکان بووین کە لە شێوەی (زیلی عەسکەری) بوو، بە خاوی دەڕۆیشت، هەندێک لە نەفەرەکان، دوعای ئەوەیان دەکرد کە نەکەوینە (تۆپتۆپێن)ەوە، لە جێگەیەک وەستا و دەرگاکەیان کردەوە و دابەزین سەیرێکی دەورووبەری خۆم کرد لەناو شاردا بووین لەسەر شەقامێک، لە هەموو لایەکەوە باڵەخانەی بەرز بەدیار دەکەوت. لەبەردەم بنکەیەکی گەورەدا وەستا بووین، دەورمان بە سەرباز گیرابوو، بە تابلۆی سەر دیوارەکە زانیم کە ئێمە لە شارۆچکەی (ئیپسەلا)داین کە لەسەر سنووری تورکیا و یۆناندایە. ئەو جێگەیەش زیندانی ئەو شارۆچکەیە بوو، لەهەموو لایەکەوە خەڵک سەیری دەکردین و بووبووین بە سینەما!.

هەر بە پاڵ ئێمەیان کردە ژوورەوە، لەو کاتەدا هەوڵمدا بچمەوە لای کاک ئومێد و ئەوان، خۆشبەختانە لەگەڵ کاک ئومێد و هاوڕێکانم یەکمان گرتەوە. ئێمەیان ڕیز کرد لە حەوشەکەدا و هەموو نەفەرەکانیان دەپشکنی و هەرچیت پێبوایە لێیان دەسەندی، ئەگەر چی لە سەربازگەکەی پێشتر هەموو نەفەردکانیان ڕووت کردبوویەوە و

هیچیان پێنەهێڵان تەنها جل و پێڵاوەكانمان مابوویەوە. هـاتە سـەرەی من و لە گیرفانمدا (قورئان)ەكەی دەركـرد و ئەم دیـوو دیـووی كـرد و زنجیرەكەی كردەوە، سەیریكی ناو لاپەڕەكانی قورئانەكەی كرد و هیچی تیا نەبوو، من لە شوێنی خۆمەوە ئەوەندە ئەترسام خەریك بوو ئەژنـۆم دەشكا، زنجیرەكەی داخست و خەریك بوو ئەویش بەرێت، یەكسـەر بە توركی وتم: (ئەنەم) واتە (دایكم) كەوتمە گریان و ئەفسەرەكان سەیری یەكیان كرد، هەڵبەت من ئەو كاتە كەمێك لە زمانی توركی تێدەگەیشـتم بەڵام زۆر كەم دەمتوانی قسە بكەم. خۆشـبەختانە قورئـانەكەی دایەوە دەستم و خستمەوە گیرفانم وپشكنین تەواو بـوو. لە ڕاسـتیدا پشـكنین نەبوو، بەڵكو ڕووتكـردنەوە بـوو، وەكـو ئەوەی لەسـەرە ڕێگـادا دز و جەردە ڕێگەت پێ بگرن و هەموو پـارە و ماڵـت بـدزن بەبەرچـاوەتەوە تۆش نەتوانی هیچ بكەیت!.

ئەو كۆمەڵەی ئـێمە نـزیكەی پـانزە كەس دەبـووین، بردیـانین بـۆ ژوورێك كە دەرگاكەیان كردەوە پێنج كەسی تر لەوێ بـوون ئەوانـیش كورد بوون، زۆر دڵخۆش بـوون بە بینینـی ئـێمە، چـونكە ئەوان پـێش ئەوەی ئێمە بچین لە ژووری تر زینـدانی كرابـوون، بووبـوو بە شـەڕو فەرتەنەیان لەگەڵ كۆمەڵێك (ئەفغانی) یەكێكیـان باسـی كـرد بـۆم كە ئەفغانیێكان بۆنێكی سارد و پیسیان لێوەدەهات، لەوانە بـوون كە پێیـان دەڵێن قەومی (هەزارە) چاویان بچوك و شیعە مەزهەب بوون.

وتم: لەسەر چی کردتان بە شەر؟

- وتی: پارچەیەک تەختەی لێبوو لە گۆشەیەکدا وەکو کورسی وابوو، هەر ئەوان لەسەری دادەنیشتن. ئێمەش داوامان کرد کە چۆڵی بکەن و جار جارە ئێمەش لەسەری دابنشین. بەڵام ئەوان رەتیان کردەوە کە چۆڵی بکەن. لەبەر ئەوە کردمان بەشەڕ و هەتا پۆلیسەکان هاتن و ئێمەیان خستە ئەم ژوورە. منیش وتم جا کورسییەک ئەوە ئەهێنێت کە شەری لەسەر بکەن؟ وتی: بێگومان ئەوە دەهێنێت، تۆ برۆ مێژوو بخوێنەرەوە هەتا ئێستا. هەموو شەرەکانی ئەم دنیایە هەر لەسەر کورسی بووە!.

ژوورەکە بچوک بوو هەموو بە چیچکانەوە دانیشتبووین و ئاوەهاش هەر جێکەمان نەدەبوویەوە و عەرزەکەی کاشی بوو زۆر زۆر سارد بوو. منیش زۆر سەرمام بوو لە شوێنی خۆمەوە هەڵتەلەرزیم و چەقەی ددانم دەهات، کوڕێکی گەنج لە تەنیشتی منەوە بوو. لەسەر چەرچەفێک دانیشتبوو هەڵساو چەرچەفەکەی پێدام و تۆزێک گەرم بوومەوە و زۆر سوپاسم کرد و کەوتینە قسە ناوی (شیروان) بوو. بە تەمەن سێ ساڵ لەمن گەورەتر بوو، کوڕێکی چاوکراوەو زیرەک بوو. لە کوردستان پاسەوانی بەرپرسێکی حزبی بوو. لەبارەی سیاسەتەوە زۆر شتی دەزانی. لەدەم دەرچوو وتم (یەکەکە) و دواتریش باسی ئەو رێپێوان و خۆپیشاندانانەم کرد کە لە نزیکی ڕێکخراوی نەتەوەیەککرتووەکان. لەی

سلیمانی بەڕێوە چـوو دژی دەسـت گیرکردنـی (عەبـدوڵا ئوجـالان). شیروان وتی هێـواش بـا گوێیـان لێنەبێـت، بڵـێ (سـێ حەرفەکە) بـا تێنەگەن.

ئیتر ئەو شەوە لە برسا هەموومان خەریک بـوو گیانمـان دەردەچـوو. لەناکاو دوو پۆلیس هاتن و دەرگاکەیان کـردەوە و دوو نەفەری تریـان هێنا بـۆ ئەو ژوورە بچـوکەی ئـێمە. بەڵام ئەو دوو نەفەرە زۆر پۆشـتە بوون و جلەکانیان زۆر جوان بوو، دیـار بـوو بەچـکەی دەوڵەمەنـد و خواپێداو بوون. ئەوەی تەنیشتی لێی پرسی، چـۆنە کەوتـوونەتە ئێـرە، وتی: ئامۆزایەکم بەرپرسێکی باڵایە و ئەو ڤیزەی بـۆ وەرگرتـووین و بە سەیارە هاتووین بۆ تورکیا. ڤیزەکەمان بۆ مـاوەی مانگێـک بـوو. ئیـتر بەروارەکەی بەسەر چوو، پارەیەکی زۆرمان خەوانـدووە بـۆ ئەوەی بە ئیتیفاقی هەتا ئیتاڵیا نەوەستن بە شاحینە لە پشتی سایەق. بەڵام گیراین و ئێستا لێرەین. دیار بوو هـیچ پارەیـان پێنەمـابوو ئەوانیشـیان ڕووت کردبـوویەوە، ئەو دوو کـوڕە هەردووکیـان لە سـەروو بیسـت سـاڵیدا دەبوون. زۆر ناسک و نـازدار گەورە کرابـوون، بەڕەنـگ و ڕوویـان لە نەستەلە خۆر دەچوون. پرسیاری کرد: کاتژمێر چەنـدە؟ کەس وەڵامـی نەدایەوە، دیار بـوو کەس تاقەتیشـی نەبـوو قسـەیان لەگەڵ بکـات و دواتـریش کەس کـاتژمێری پێنەبـوو. لە سـەربازگەکە ئەوەشـیان لـێ سەندبووین.

پاشان وتی: کەی نان ئەدەن؟ وتم: براکەم پێش ئەوەی ئێوە بێن نانی شەو دابەشکرا و تەواو بوو، ئەبوایە زووتر بهاتنایە. ئینشا ئەڵا سبەی تۆڵەتان بۆ دەکەنەوە. جا لێرە نان خواردن تەنها سێ ژەم هەیە. بەیانیان قەیماخ و سەموونی گەرم، نیوەڕوان برنج و شلە بە گۆشتەوە. ئێوارانیش کەباب و گۆشت و تکەیە. هاوڕێکانم هەموو پێدەکەنین. کاروان وتی: وەڵا دەمم ئاوی کرد. ئەو شەوە هەتا بەیانی بەو دوانەمان رادەبوارد و ئەوانیش حەپەسا بوون، بەڵام جار جارەش لەگەڵماندا پێدەکەنین. خەریک بوو لەگەڵ ئێمە رادەهاتن، یان دیار بوو چاریان ناچار بوو.

دەمەو نیوەڕۆ بوو دەرگای ژوورەکەیان کردەوە و ئێمەیان بردە حەوشەکە، ئەو دوو کوڕە زۆر برسیان بوو دیار بوو ئەوە یەکەمجاریان بوو بکەونە دۆخی ئاواوە. دوو سەتڵی گەورەی لێ بوو پڕ بوو لە پاشماوەی خواردنی کارمەند و ئەفسەرەکان، هەرچییان بۆ نەخورا بوو لەوێ ڕۆیان کردبوو. ئەو سەتڵی خۆڵانە لەمنەوە نزیک بوو. بە دزیەوە چەند پارچە سەمونێکم دەرکرد و لەگەڵ کاک ئومێد دەمان خوارد، و هەندێکیشیم دا بە هاوڕێکانم. سەردتا کاک ئەرسەلان وتی: ( بمرم لەبرسا ئەو سەمونە ناخۆم!). ئێمە بەردەوام بووین لە سەموون خواردن. گەڕامەوە بۆ سەتڵی خۆڵەکان و هەندێکی ترم هێنا، بەڵام

ئەوەی ئەمجارەیـــان خۆشـــتر بـــوو، چـــونکە ســـەمونەکان شـــلەی بەرکەوتبوو، نەرم ببوویەو.

کاک ئەرسەلان وتی: ئەوەندە بە خۆشی ئەیخۆیت، منیش حەز ئەکەم پارچەیەک بخۆم، لەتێک سەموونم پێدا و خواردی. کەمێک بێدەنگ بـوو، دواتر هەر خۆی چوو بۆ سەر ســەتڵە خــۆڵەکە و بە مشــت ســەمونی ئەهێنا و دەیخــوارد، هەر بەڕاســتی هەموومــان بەیەکەوە پێئەکەنــین، چونکە لەهەر هەموومان زیاتری خوارد.

ئەوو دوو کوڕە سەریان ســوڕما بــوو، کە دەیــان بینــی ئەوەنــدە بە چێژەوە گازم لە سەموونەکان دەگرت. چوو بوون پرسیاریان کردبوو کە نان بخۆن، پۆلیسەکە پێی وتبوون، پارە بهێنن خواردنتان بـۆ دەکــڕین. هاتە لامەوە، ئەم جارەیــان زۆر بەڕێــزەوە وتــی: ئەگەر پێتــانە پەنجــا دۆلارمان بەقەرز بدەنێ بەڵێن بێت لەدەرەوە بە دە قاتەوە ئەوپارەیەتان بۆ بگەڕێنینەوە. دڵی پڕ بوو دیار بوو برسێتی زۆر تینــی بــۆ هێنــاون. کوڕێک لەو لەوێدا پارەی لەناو جلەکانی شــاردبوویەوە و بــۆی دەگەڕا، وتی: من ئەو پارەیەیان پێــدەدەم. نەمهــێڵا ئەوە بکــات. وتــم: بــراکەم وازیان لێبهێنە با تۆزێک قەدری عافێت بزانن. خــۆ نــامرن، بــا دوو ڕۆژ ئەوانیش وەکو ئێمە بژین، بۆ دەبێت هەر شاهانە بێت نان و خۆراکیــان. سەیری کردم و وتی: وەڵا ڕاستەکەیت خۆ لە من زیاتر نــین. پــارچەیەک سەموونم پێدان بە قێزەوە دەیانخوارد.

دوای کاتژمێرێک ئێمەیان بردەوە بۆ زیندانەکە. دواهەمین ڕۆژی ساڵی (٢٠٠٠) بوو یەک شەممە بوو، پۆلیسێک هات و گوتی: ئەمڕۆ پشووە، لەبەر ئەوە ئەمشەویش دەمێننەوە و سبەی لەوانەیە بەڕێتان بکەین بۆ شاری(ئەدیرنە)*.

یەکێک لە نەفەرەکان زۆر دڵخۆش بوو، زمانی تورکی بە باشی دەزانی و دەمێک لە تورکیا بوو پێنج جار لەو ڕێگەیەی دابوو هەر دەرنەچوو بوو. گوتی: ئێستا دڵنیام کە ڕزگارمان بووە لە (تۆپتۆپێن) و سبەی دەمان نێرن بۆ شاری (ئەدیرنە) و لەوێشەوە دەبێت خۆت بلیت ببڕیت بۆ ئەستەمبوڵ، چونکە جاریکیان لە جەژنی ڕەمەزان بوو کە لێرە بووین بەهۆی پشووە بەڕێیان کردین بۆ (ئەدیرنە) و لەوێ ئازادکراین.

ئەو شەوە من و (شیروان) هەر بۆخۆمان قسەمان دەکرد و باسی کوردستان و ئەو ماوەی کە لە تورکیا بووم و زۆر شتمان باس کرد و هەتا خەومان لێکەوت و کە سبەی خەبەرمان بوویەوە و لە تاقی بەیانیکەی. ئەفسەرێک هات و هەمووماني برد بۆ حەوشەکە و پاسێکی گەورە وەستا بوو، ئەفسەرەکە گوتی: هەرکەسێک پارەی پێبێت دەتوانێت بڕوات، ئیتر ئەفغانیەکان ڕۆشتن چونکە پارەیان شاردبوویەوە و لە جلەکانیان و دەریاندەهێنا و دەیندا بە ئەفسەرەکان و دەچوونە ناو

*.(ئەدیرنە) شارێکی گەورە و دێرینی وڵاتی تورکیایە.

پاسەکە: کوردەکانیش هەندێکیان دەستیان کرد بەهەمان شت و یەکێک پارەی لە پێڵاو دەردەکرد و یەکێک لە ناو کەمەری پانتۆڵ و یەکێک لە ملیوانەی کراسەکەی و هەتا دوای. هەمووی سەد دۆلاری پێبوو دەیاندا بە ئەفسەرەکە و باقیشی نەبوو. ڕاستی ئەو پارەیە زۆر بوو، ئەفسەرەکان هەموویان دەبرد بۆ خۆیان. تەنها ئێمە ماینەوە، کاک ئەرسەلان و کاک سەلاح و کاک ئومێد و کاروان و من هیچمان پێنەبوو. ئیتر پاسەکە ڕۆشت. وا بیرم کردەوە کە لەوانەیە ئەفسەرەکە لە کۆتایدا ئێمەش بخاتە ناو پاسەکە و بە بەلاش بگەینەوە ئەستەمبوڵ، بەڵام بەداخەوە نەیکرد و پاسیش ڕۆشت و ئێمەشیان لەبنکەکە کردە دەرەوە.

ئەوە یەکەمین ڕۆژی ساڵی نوێ بوو، ڕۆژی دووشەممە، ٢٠٠١/١/١ ئیتر ئاوارە بووین لە ئاوەریدا!. بێ کەس بووین لە بێکەسی خۆماندا، بە شەقامەکاندا دەڕۆیشتین بێ پارە و برسی. کاک ئومێد گوتی: بەدبەخت بووین ئیتر ناتوانین بگەینەوە ئەستەمبوڵ، کاروانیش وتی: مەگەر دەسر دابخەین و سواڵ بکەین. ئیتر لوتکەی بێ هیوای بوو. کاک ئومێد گوتی: تەواو بێ چارە بووین، ئەمە ئەو ڕۆژە بوو کە لێی دەترسام. سەیری کاک ئومێدم کرد و وتم: نا وامەڵێ، چونکە هێشتا یەک شت ماوە!. بە توڕەییەوە وتی: چی ماوە ئەتەوێت لەوەش خراپترمان لێ بەسەر بێت.

وتم: بوەسەتە هەر چواريان سەيرى يەكيان دەكرد و لەبەرچاوى ئەواندا (قورئـــان)ەكەم دەكـــرد و زنجيـــرەكەيم كـــردەوە لە پشـــتى بەرگەكەى لەديوەى نـــاوەوە دوو ســـەد دۆلارم شـــاردبوويەوە و دەرم هێنـــاو دامە دەستى كاك ئومێد. بەڕاستى هەموويان حەپەسا بوون و دڵيان پڕ ببوو. من و كاك ئومێد بەيەكەوە كەوتينە گريان و باوەشـــمان بەيەكـــدا كـــرد، پارەكەمان دا بە سەلاح و چوو لە بازاڕ گۆڕييەوە و بە تەكسى چوين بـــۆ ئۆتوگار و لەوێ لە چايخانەيەك لامانـــدا و هەنـــدێك ســـەمووني گەرم و چامان خوارد بە پاس گەڕاينەوە بۆ ئەستەمبوڵ.

## -١٤-

# جوانییەکانی حیکمەت

لە پەنجەرەی پاسەکەوە تەماشای دەرەوەم دەکرد و نینۆکی پەنجەکانم دەخوارد، ئەوەندە نیگەران بووم، لەسەرمدا سەدان پرسیار دروست بووبوو کە وەڵامی هیچیانم نەدەزانی. دەمگوت خودایە: ئاخۆ من شایەنی ئەو هەمووە سزایەم؟ ئەرێ خودایە بەس نییە ئەو هەموو بەدبەختییە؟ من چەند ڕۆژی تر لە ژیاندا دەبم؟ هاوڕێی من ئێستا لە خۆشبەختیدایە. ئەرێ مێردمنداڵێکی وەکو من لە ئاستی ئەو هەموو تاڵی و کارەساتەدایە؟ ئەرێ خودایە بۆ ژیانی من پڕە لە گرفت؟ هەموو ڕۆژێ ڕووداو لە دوای ڕووداو، کۆسپ لە دوای کۆسپ، ئاستەنگ لە دوای ئاستەنگ دێنە سەر ڕێگەکەم!.

هەنگاوەکانم پڕ بوون لە تەنگ و چەڵەمە، ڕێگاکەم ئەوەندە دژوار بوو، دەبێت دوو هەنگاو بێمە دواوە بۆ ئەوەی یەک هەنگاو بچمە پێشەوە!

بەدەم ئەو خەیاڵاتانەوە پاسەکە گەیشتە شاری (ئەدیرنە) و کەمێک وەستا و هەندێک نەفەر دابەزین و هەندێکی تر سەرکەوتن. کەش و هەوا هەتا دەهات وەکو هەناسەم ساردتر دەبوو. دنیا تەواو تاریک بوو، کاک (سەلاح) لە پاسەکە دابەزی و چوو بۆ دوکانێک لەوێ هەندێک ئاو

و خواردنی کرێ بۆمان و هاتەوە، پاساکە پاش کەمێکــی بەڕێ کەوت. لە نیوەی ڕێگەدا بووین بەفر بە نەرمی دەباری و ئاسمانی سـپی کردبـوو، هەتا گەشتینە ئەستەمبوڵ زەوی بەتەواوی سپی ببوو.

کە لە پاســەکە دابەزیــن هەرکەســەو بەلایەکـدا چـوو، مـن و کـاک ئومێـــدیش بەرەو وێســـتگەی (میـــترۆ) شـــەمندەفەری ژێـــر زەوی بەرێکەوتین بـۆ گەڕەکـی (بـایرەم پاشـا). لە وێسـتگەکەوە بە پیـادە ڕۆیشتین. کەش و هەوا زۆر سارد بوو. بەفـرەکەش بە خێـرای دەکەوتە سەر زەوی و دەیدا لە نێوا چاوانمان و هەمـوو گیانمـان تەزیبـوو. بەڵام هەستم دەکرد ئیدی تەواو لەگەڵ سارد و سەما ڕاهاتووم. چـونکە هـیچ شەوێک لە ژیانمدا بەقەدەر ئەو شـەوە سـارد نەبـوو کە لە سـەربازگە گەورەکەی سەر سنوور بووین.

گەشـتینەوە بەردەم کـارگەکەی کە پێشـتر ئیشـمان تیـا دەکـرد، کە چووینە نهۆمی چوارەم تەنها چەند کرێکارێکمان بینــی و هاوڕێکانمـان لەوێ نەمابوون. ئیـتر مـن و کـاک ئومێـد سـەیری یەکـمان کـرد و لە کوڕێکمان پرسی: ئەرێ لێـرە چ باسـە؟ چـی ڕوویـداوە؟ ئەوە هەمـوو کرێکارە کوان کە پێشتر لێرە بوون؟ گوتی مـن دوو ڕۆژە لێـرە دەسـت بەکار بووم. هەفتەیەک پێش ئێستا، پۆلیس دەدەن بەسەر کـارگەکەدا و هەموو کرێکارەکان دەگـرن و دەیـان بەن بـۆ (شـوعبەی یابـانچی) و لەوێشەوە سنووریداشیان دەکەنەوە بۆ باشووری کوردستان.

ڕاستی کەوتینە دۆخێکی نائارامی دەروونــیەوە. لەبەر خــۆمەوە گــوتم: ئای خودایە لەوەی کە بەسەر ئێمە هات خراپتریش هەیە. بۆم دەرکەوت کە ئەو هەمووە ناخۆشی و گرفتاریەی کە لە ڕێــگەدا بەســەرمان هــات بەبێ حیکمەت نەبوو!

هەرچی نیگەرانی هەبوو لە بیرم چــوویەوە هەر وەکــو ئەوەی هــیچ ڕووینەدابێت، ســەرێکم ڕاوەشــاند و چــووم بە دزیەوە لە مەتــبەخەکە هەندێک ئاوم گەرم کرد و خۆم شــۆرد دواتــر سوپاســی خــودام کــرد و (قورئان)ەکەی دایکمم ماچ کرد. لەبەر خۆمەوە گــوتم، چیــتر پێویســت ناکات سکاڵا لە بەختی خۆم بکەم، ئەی هەر ئەم قورئانە نەبوو کە بــوو بە فریادڕەسی خۆم و هاوڕێکانم لە دواین چرکەدا!، سوپاس بۆ کەلامــی تۆ خودایە.

بۆ شەوەکەی دایکم هاتە خەومەوە و جلێکی سپی لەبەردا بــوو نــزای بۆ دەکردم. کە خەبەرم بوویەوە هەموو گیانم بووبوو بە ئــاو و عــارەق ئەوەنــدە بەتــانیم دابــوو بە خۆمــدا، ســەیری دەورووبەرم کــرد ڕۆژ بووبوویەوە، هەستام و خۆم کۆکردەوە و لە پلیکانەکــانەوە چــوومەوە خوارەوە، کاک ئومێــدم بینــی دانیشــتبوو لەســەر مێزێــک و جــگەرەی دەکێشا و لەگەڵ کوڕێک قسەی دەکرد، باسی ئەوەی دەکــرد کە چــیمان لێبەسەر هاتووە و کوڕەکە تازەبوو، لە کــارگەکە نــزیکەی بیســت کەس دەبوون، ئیشیان دەکرد زۆربەیان کرێکاری تازە بوون.

بە کاک ئومێدم گـوت: دەمەوێـت لەگەڵ دایـک و بـاوکم قسـە بـکەم. سەیرێکی کردم و ویستی شتێک بڵێـت. وتـم: دەزانـم بەلاتەوە سـەیرە چـونکە ئەمە یەکەمـین جـارە ئەو داوایەت لێـبکەم لەوەتەی لێـرەم، سەرێکی جوڵاند وەکو ئەوەی بڵێت تێگەشتم، ژمارە تەلەفونێکی پێدام و وتی: ئەوە ژمارەی نوسـینگەیەکە لە سـلێمانی. ئەو سـەردەمە مۆبایـل نەبوو لە کوردستان تەنها نوسینگەی فاکس و تەلەفون هەبوو. دەبـوایە تەلەفـون بکەیـت بـۆ ئەو نوسـینگانە و دواتـر ئەوانـیش هێڵەکەیـان دەگواستەوە بۆ ژمارەی نورماڵی ماڵەکاتان.

لە کـارگەکە چـوومە دەرەوە دوو کـارتم کـڕی و لە کـابینەیەکەوە تەلەفونم کرد بۆ نوسینگەیەک، ژمـارە تەلەفـونی دراوسـێیەکمان پێـدا، چونکە ماڵی خۆمان هێڵی تەلەفونیان نەبوو. دراوسێکەمان ماڵی ئـێمەی ئاگادار کردبوو و قسەم لەگەڵ کردن و پـێم وتـن: کە مـن زۆر باشـم و هەموو شتێک باشە و ئیش ئەکەم و ژیـانێکی خۆشـم هەیە و لە هـیچم کەم نییە. دایکم کەوتە قوڵپی گریان، وتی: هەموو شەوێک خەوت پێـوە دەبینم، دەزانم ئەتەوێت دڵمان خۆشەکەیت و ڕاستێکان ناڵێیـت و ئیـتر نەیتوانی قسە بکات و دیسانەوە کەوتەوە قوڵپی گریان و تەلەفـونەکەی دا بە باوکم یەکسەر وتی: کوڕم، ئێمە ئاگادارین کە سەفەرتان کردووە و گیراون و تازە بەربوون و ئەزانم چەنێـک عەزێتـان بـووە لەو ڕێـگەیە، چونکە ئومێد هەموو شتێکی بە کاکـت وتـووە و ئەویـش لە ئەسـیناوە

تەلەفونی بۆ کردوین و ئاگاداری کـردووین، لەبەر ئەوە بڕیارمـان داوە مشورێکت بۆ بخۆین و قەرزت بۆ بکەین و لە تورکیا ڕزگارت بێت. وتـم: باوکە گیان خۆم ئیش ئەکەم و پارەی ڕێـگە دابـین ئەکەم ئێـوە تەنهـا ئاگاداری خۆتان بن ئەوە بۆ من هەموو شتێکە و هەروەها سـڵاو ڕێـزی کاک ئومێدیش بگەیەنە بە دایکی و ئاگاداریان بکەن کە قسەمان کردووە و سوپاس بـۆ خـودا کـاک ئومێـدیش باشـە و بەیەکەوە ئەژیـن و ئەو ئاگاداری منە، وەکو بـرا گەورەمە لێـرە لەبەر ئەوە بـاوکە گیـان هـیچ نیگەرانی من مەبە وابزانە لەلای خۆتم. لەو قسـانە بـووین و کارتەکـان تەواو بوو.

ئیتر لە کابینەکەوە هەر بیرم دەکردەوە تاسابووم و دڵیشم بە خێرایی لێیدەدا وەکو ئەوەی کە شتێکی خراپ ڕوودەدات. سەفەری من لە ناکـاو بوو، بێ بەرنامە و بێ پارە بوو. وەکو غەریبەیەکی سەرلێشێواو بەسـەر ئەو شەقامەدا هەنگاوم دەنا و سەرم داخست بوو، وڕ و کاس بووبـووم، دەنگی گریانەکەی دایکم هەر لەگوێمدا دەنگی دەدایەوە، عەیامێک بـوو گوێم لە دەنگە بەسۆزەکەی باوکم نەبووبوو، ئەوەنـدە تاسـەیم دەکـرد وەخت بوو وەکو ئەو بەفرەی ژێر پێم بتوێمەوە، ئەوەنـدە دڵـم بە تـین دەسووتا و لێیدەدا. پەنجەکانم دەلەرزی، جەسـتەم تەزی بـوو، خەمـی پەرۆشی باوک و دایکم، ئازارێک بوو خەریک بوو ڕۆحمی دەخواردا!.

هەندێک کەس خەریکە ژیانیان تەواو دەبێت و ئەم دنیایە جێدەهێڵن کەچی هیچ شوێن پێیەک یان یادگاری و ڕووداوێک لە دوای خۆیان جێناهێڵن. چەن بێ مانایە ئەو ڕابردوویە کە نەبێتە یادگاری تاڵ و شیرین، بەد بەخت ئەوکەسانەن کە لە ڕابردوویاندا چیرۆکگەلێکی سەرنج ڕاکێشی نییە بۆ باس کردن و گێڕانەوە. ئاخر ئەوەی ئەم دنیا درێژ دەکاتەوە ئەو ڕووداوانەن کە مرۆڤەکان خۆیان دەبنە هۆی و دواتریش ئەڵێن قەزا و قەدەر بوو!. ئەشێ ئەوە چارەنووسی من بێت، وەلێ قەناعەتم پێیەتی و شانازی پێوەدەکەم. هیچ ئامانجێکی مەزن لە ژیاندا بە بێ ماندوو بوون بەدی نایەت!.

## - ١٥ -

# فرمێسکی ڕژاوی دایکم

کابینەی تەلەفونەکە لە ناو پارکێکدا بوو لە بەرامبەر مزگەوتێکی گەورە، چووبوومە قوڵایی ئەندێشەوە. لە ناکاو بانگی ئێوارەم گوێ لێبوو لە بڵندگۆکانەوە. دەنگی مەلاکە و خەمەکانی باوکم و گریانی دایکم لە گوێمدا دەنگی دەدایەوە. زۆر هەستم بە شەرمەزاری دەکرد، کە بوومەتە هۆی نیگەرانی و خەم و خەفەت بۆ دایک و باوکم، دەبێ ئێستا چۆن بێ حاڵیان. دەزانم کە ئۆقرە ناگرن، دایکم تەواو حاڵی پەرێشان بوو، من هەر خەمم بۆ فرمێسکی ڕژاوی دایکم دەخوارد. سەرم هەڵبڕی بۆ ئاسمان و گوتم: خودایە بمبەخشە کە بوومەتە هۆی نارەحەتی و نیگەرانی دایک و باوکم. بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە گەڕامەوە بۆ کارگەکە و هەموو شتەکانم بۆ کاک ئومێد باس کرد.

ئیتر دەستمان کردەوە بە ئیش کردن لەهەمان کارگە بۆ ماوەی شەش هەفتە هەموو شتێک وەکو خۆی بوو هەر گوێمان لە گۆرانی تورکی دەگرت لە تیڤییەکە و ئیشمان دەکرد، هەموو ڕۆژێک شتەکان دووبارە دەبوویەوە هیچی تازە ڕووینەدەدا. تەنها جار جارە هەندێک نەفەر لە شوقەی تەسفیەوە دەهاتن و دەستیان دەکرد بە ئیش کردن لەگەڵ ئێمە.

یەكێك لە نەفەرەكان پێی وتم: دەتوانی بمبەیت بـۆ سەرتاشـخانە هەتـا سەرم چاك بكەم؟ وتم: دەتوانم، بەس ئەگەر پـۆلیس تـۆی گـرت ئەوە لەسەر بەرپرسیارێتی خۆت! لە شوێنی خۆیەوە دانیشتبوو و ئیـتر ئـاوا سەیری كرێكارەكانی ترم كرد هەموویان بووبوون بە شێر ئەوەندە سەر و ریشیان هاتبوو. من لەسەر مێزی ئیشەكەی كاك (ساڵح) دانیشـتبووم پیاوێك بوو خەڵكی رانیە بوو. كەسـێكی لەسـەرخۆ و بەرێـز بـوو. بە كورەكەم گوت: وەرە با من سەرت بۆ بتاشم. كاك ئومێـد لایكـردەوە و زۆر پێكەنی، وتی: خۆ ئەمەش برنج و شلە دروسـت كـردن نیـیە، ئەمە دەلاكییە ئیشی مقەست و شانەیە.

وتم: ئاخر من دەلاكی دەزانم و پێشتر سـەری زۆر كەسـم تاشـیووە. كاك ئومێد سەرێكی بادا و وتی: چۆن چۆنی سەری خەڵكت تاشـیووە؟ وتم: لەسەنتەری چـالاكی گەنجـانی سـلێمانی خولێـك بـۆ فێربـوونی سەرتاشین كرایەوە لەسـەر دەسـتی مامۆسـتا (مـحەمەد)، منـیش لەو خولەدا فێرخواز بووم و ئیتر فێربووم كە چۆن بە مقەست و شانە سـەر بتاشم و دواتریش بڕوانامەم وەرگـرت كە دەورەكەم تەواو كـرد، مـن و كاك ئومێد لە مشت و مڕدا بووین هەر دەمویست قایلی بكەم كە دەزانـم و ئەویش هەر بـاوەڕی نەدەكـرد. هەڵـبەت مـن لەبەر ئەوە پێـداگیریم دەكرد كە سودێكم هەبێت لەو شوێنەدا و كرێكارەكان نەچـنە دەرەوە و بگیرێن و پارەش سەرف بكەن.

لەو کاتەدا کاک (ساڵح) لە ئیش تەواو بوو وتی: سەری مـن چـاک بـکە هیچ خەمیشت نەبێت، تەنانەت ئەگەر سەقەتیشی بکەیت، خـۆ مـن بـۆ هیچ شوێنێک ناچم. مقەست و شانەیەکی بۆ هێنام لە ئیدارەوە و دەستم کرد بە سەرتاشینی کاک ساڵح زۆربەی زۆری کرێکارەکانیش سـەیریان دەکرد و کاک ئومێدیش بەدیارمەوە وەستابوو، وتی: بەدڵـم نەبێـت لەو پەنجەرەیەوە هەڵت ئەیەمە خوارەوە، هەموومان بەیەکەوە پێئەکەنـین و چێژیان لەو ململانیە وەردەگرت. وەکـو ئەوە دەهـاتە پێشـچاو کە دوو یانەی وەرزشی گەشتوونەتە کۆتایی پـاڵەوانییەتێکە و ململانـێ دەکەن لەسەر جامەکە وەها بە گرینگیەوە سـەیریان دەکـردین، لەم نێوەنـدەدا ئەوەی کە زەرەر مەندە دەبوو تەنها کاک ساڵح بوو.

بە نیو کاتژمێر لە سەرتاشینی کـاک سـاڵم تەواو بـووم، بەر لە تەواو بوون چوار کرێکاری تر هاتن و سەرەیان گرت کە سەری ئەوانیش چاک بکەم. هەستم دەکرد کاک ئومێد هێدی هێدی متمانەم پێـدەکات، هەر کە تەواو بووم لەسەرتاشینی کاک ساڵح. ئیتر کاک ئومێد نۆرە بـڕیّ کـرد و داوای دەکرد سەری بۆ بتاشم ، ڕاستی هەستێکی زۆر خـۆش لە ناخمـدا دروست بووبوو، ئیدی پەنجەکانم باشتر کەوتنە کـار و زۆر بە ئاسـانی سەری کاک ئومێدم تاشی و خۆی زۆر خۆشحاڵ بوو. ڕاستی هەمووومان هەر پێدەکەنین ئەو شەوە. بۆ من شەوێکی مێژوویی بوو هەرگیز لەیادم ناچێت، چونکە لەهەر هەموو کرێکارەکان مناڵتر بـووم ئەوان دەهـاتنە

بەدەست و پەنجەی من و بەدڵی خۆم سەریانم دەجولاند. لەهەمووی خۆشتر ئەوە بوو کە کاک ئومێدم دەبینی ئەوەندە دڵخۆش بوو شانازی دەکرد بەو چرکە ساتانەوە، ئیدی لەوکاتەدا لەناخەوە لەگەڵ خودا قسەم دەکرد و دەمگوت: خودایە خەریکە دەرگای هیوا و خۆشبەختی بەڕوومدا دەکرێتەوە، دەزانم کە تۆ چەن بەخشندەیت، ئەگەر نیگەرانیش ڕووم تێبکات دەزانم کە بێ حیکمەت نییە!.

ئەوە شەوە زۆر بە خێرایی کات تێدەپەڕی لەبەختی من هەموو کاتژمێرێک بە چەند چرکەیەک تەواو دەبوو، بەڵام خۆشێکانی ناخی من هەرگیز لە بن نەدەهات، ئیدی ئەو سپێدەیە کە خەبەرم بوویەوە تەواو هەستم دەکرد بووم بە پیاوێکی تر و تەواو کامڵ بووم ئەوەندە متمانەم بەخۆم هەبوو. زوو زوو لەو کەسانە پرسیارم دەکرد کە بەباشی زمانی تورکیان دەزانی هەتا منیش فێر بم و قسەم دەکرد لەگەڵیاندا و ڕاهێنانم دەکرد لەسەر زمانی تورکی لەگەڵیدا بەردەوام ئیشم دەکرد وزەیەکی زۆر باشم هەبوو، نەمدەزانی ماندوو بوون چییە، هەر بەردەوام لەهەوڵدا بووم.

سێ هەفتە بەسەر ئەو دۆخەدا تێپەڕی و هەفتەی چەند جارێک دەچووم بۆ بازاڕ و کەل و پەل و خواردنم بۆ هاوڕێکانم دەکڕی، چونکە دەیانزانی کە من هەرگیز پۆلیس پرسیارم لێناکات لەبەر ئەوەی منداڵ بووم، و دواتریش زمانی تورکی خەریک بوو فێردبووم و دەمویست

زیاتر فێربم. کاک ئومێد ژمارەی مۆبایلی یەکێک لە کرێکارەکانی دابوو بە کاکم، چونکە براکەی ئەویش هەر لەگەڵ کاکم بەیەکەوە بوون لە ئەسینا.

ئیدی ئێوارەیەک تەلەفونێکم بۆ هات و کاکم قسەی لەگەڵ کردم، ژمارە تەلەفونێکی پێدام، وتی: برادەرێک ئەو ژمارەیەی پێداوم و دەڵێت ڕێبەرد بۆ ئەسینا (قاچاخچی). ئیدی چووم بۆ شوێنی کارەکەم و موچەکەم وەرگرت و ماڵئاوایم لە کاک ئومێد و هاوڕێکانم کرد و زەنگم بۆ ڕێبەرەکە لێدا و ئەویش ناونیشانێکی پێدام و چووم بۆ ناونیشانەکە.

## - ١٦ -

# مۆبـایل

زەنگم بۆ ڕێبەکە (قاچاخچی) کـرد و ئەویـش ناونیشـانێکی پێـدام. بەرەوە وێستگەی میترۆی (بایردەم پاشا)[١*] بەڕێکەوتم و سواری میـترۆ بووم، لە وێستگەی (ئاکسەرای)[٢*] دابەزیم و لەوێ و دیسان زەنگـم بـۆ ڕێبەرەکە کرد و وتی: لەو جێگەیە بوەسـتە، دوای دە خـولەک کـوڕێکی گەنج هات بەدوامدا و تەکسیەکی گـرت و زۆری پـێ نەچـوو لە بەردەم کافتریایەک دابەزین و منی بردە بەردەم ڕێبەرەکە، کوڕێکی ڕەشـتاڵەی قەڵەوی گـوێ قـوت بـوو. هەر لەیەکەم سـاتەوە شـتەکان بەباشـی نەدەهاتنە بەرچاوم، هەستێک لە ناخەوە پێیـدەگوتم شـتەکان بەباشـی تێناپەڕێت.

ڕێبەرەکە، زەنگێک بۆ مۆبایلەکەی هات، کە وەڵامی دایەوە وتی(( ئۆی وەڵا ناتوانم بگەڕێمەوە، بەقەبـری بـاوکم ئێسـتا وا لە مەتـارم و بەرەو تەیارەکە ئەڕۆم)). هەر لەبەردەم منا درۆی لەسەر درۆ دەکـرد، مـن لە شـوێنی خـۆمەوە هەسـتم بەشـەرمەزاری دەکـرد. کە تەلەفـونەکەی داخستەوە، یەک دەرزەن جنێوی بۆ کابرا نارد و وتی: ئەم کەرە کـوردی تێناگات.

---

١،٢*.(بایردەم پاشا) و (ئەکسەرای) هەریەکەیان گەڕەکێکن لە شاری ئەستەمبوڵ.

بە منی وت: تۆزێکی تر ئەتنێرم بۆ شـوقەو لەوێ وەجـبەکەم حـازرە و سبەی دەرەچن بۆ ئەسینا.

وتم: نەفەر بە چەند ئەنێریت؟

وتی: من ڕێگەی هێواشم نیـیە، هەمـوو شـتەکانم خێـرایە، تەنهـا دوو ڕێگەم هەیە یەکێکیان تەیـارەیە و ئەوەی تریـان یەختـی گەشـتیارییە، پارەکەی تۆش بەشی هیچیان ناکات، بەڵام وتیان منالّە بـۆیە حەزم کـرد ئەم خێرە بـکەم!. لەبەر ئەوە تـۆ دەنێـرم بـۆ شـوقەیەکی تـر بـۆ لای قاچاخچییەکی تر، کە یەختی خێرای هەیە و پارەکەی تۆ بەشی ئەویـش ناکات بەس لەبەر خاتری من بەو پارەیە ئەتنێرێت. تەنها شەش سەعات لەو یەختە ئەبیت و دواتر لە ئەسینا دادەبەزیت.

کـوڕێکی بـاڵا بەرزی لاواز هـات و لەگەڵیـدا کەتمە ڕێ نـزیکەی دە خولەک بە پیـادە ڕۆیشـتین، چـووینە کـۆڵانێکی تەسـکەوە و بەسـەر گردێکدا سەرکەوتین و پاشان چووینە ناو ژێرزەمینێکەوە جمەی دەهات لە نەفەر. ئەو کـاتەی کە چـوومە ئەوێ وەجـبەیەک دەردەچـوون و نزیکەی بیست کەس دەبوون، سواری (دۆلمش)یان کـردن و تەماشـای نەفەرەکانم دەکـرد منـیش خـۆم خسـتە نـاو ئەو نەفەرانەوە لەبەردەم دۆلمشـەکەدا، کوڕێـک کە سەرپەرشـتیاری نەفەرەکـان بـوو، منـی گەڕاندەوە و زۆر تورە بوو. وتی: تۆ تازە هاتوویت و دەبێـت چـاوەڕێ بکەیت ناوی تۆ لەناو ئەم وەجبەیە نییە، ئەمانە دەمێکە چـاوەڕێن. زۆر

بە نا ئومێـدی گەڕامەوە لە ژێـرزەمینەکە لە پەنـایەک دانیشـتم، ئیـدی نزیکەی یەک هەفتە لەو ژێرزەمینە بووم، زۆر دڵتەنگ و نـاخۆش بـوو. سـەقفەکەی دڵـۆپەی دەکـرد و زۆر سـاردیش بـوو، هـیچ گەرمکەرەوەیەکیشیان نەدەهێنا، هەمیشە بەتانیم لە خـۆم دەئاڵانـد، لە دەوروبەری من نزیکەی سی نەفەری لێبوو، هەمـووی کـورد بـوون و وەکو من چاوەڕێ بوون. بەڵام لەچاو نەفەرەکانی تـردا مـن چـاوکراوە بووم و زمانم دەزانی و زوو زوو دەچوومە دەرەوە خواردنم بۆ خـۆم و نەفەرەکانی تریش دەکڕی و جار جارە پرس و ڕاشـیان بە مـن دەکـرد، چونکە ئەو کاتە من زیاتر لە شەش مانگ دەبوو لە ئەسـتەمبوڵ بـووم، وەلێ نەفەرەکانی تر هەمووی وەجبەی تازە بـوون کە لە کوردسـتانەوە هاتبوون.

یەکێک لە نەفەرەکان کوڕێکی گەنج بوو چوار ساڵ لە مـن گەورەتـر بوو، نزیکەی مانگێک دەبوو کە لە ئەستەمبوڵ بوو. خرپنێکی سپیکەلانە بوو، زۆر فشکەر بوو، زوو زوو لە سـوید و ئەڵمانیـاوە تەلەفـونی بـۆ دەهات، دیار بوو کەس و کاری زۆربەی لەدەرەوە بـوون. زۆر بەخـۆی دەنازی و ئیتر کەس چارەی نەدەویست. نەفەرەکان زۆر بێزار ببوون و ئیتر لە چاوەڕوانیدا ماندوو بوون و هەر سەفەریان بیرچووبـوویەوە و ئێوارەیەک چوومە دەرەوە و نان بکڕم بۆ هەندێک نەفەر، ئەو کافتریـایە کەوتە سەرەڕێم کە (ڕێـبەرە درۆزنەکە)م تیـا بینـی و منـی نـارد بـۆ

ژێرزەمینەکە. شەربەتێکم کڕی و بینیم لە گۆشـــەیەکدا هەنـــدێک کـــورد دانیشتبوون لەوێ یاری (تاوڵە)یان ئەکرد و منـــیش لە نزیکـــی ئەوانەوە دانیشتم و کوێقوڵاخ بووم هەتا بزانم دنیا چ باسە. دیار بـــوو ئەو چـــوار کەسە قاچاخچی بوون. ئیتر هەر باسی وەجبە خنکاوەکەیـــان دەکـــرد و کە ژمارەیان بیست کەس بـــووە و کەسـیان دەرنەچـــوون و هەموویـــان خنکاون و ڕێبەرەکەش خۆی شاردۆتەوە.

بەڕاســـتی کە گەڕامەوە بـــۆ ژێـــرزەمینەکە بە خەمبـــاری. یەکێـــک لە نەفەرەکان پێگوتم: ئەوە بۆ ئەوەندە ڕەنگ و ڕووت تێکچـــووە. خـــۆ تـــۆ پێشتر عەیبت نەبوو. دیارە پۆلیس ڕاوی ناویت. زۆر پێمەوە دیـــار بـــوو کە شتێک ڕوویداوە. خواردنەکانم دایە دەستی نەفەرەکان و پاڵم دابـــوو بە دیوارەکەوە زۆر بە مەلوولی دانیشتبووم و بیرم دەکردەوە لە دنیـــا و ژیان. بیرم لە خودا دەکردەوە و بیرم لەو دنیا دەکردەوە و بیـــری (کـــاک ئومێد)م دەکرد و بیری قسەکانی دایکـــم و نزاکـــانی دەکـــردەوە، پاشـــان بیـــرم لە مـــردن دەکـــردەوە. بەڕاســـتی زۆر خەمبـــار بـــووم، بەڵام لەبەر خۆمەوە دەمگوت: مرۆڤ یەکجار دەمرێت، بەدبەخت ئەو کەســـانەن کە هەموو ڕۆژێکیان مردنێکە!.

لەو داڵغەیەدا بووم و پێنج کەس هاتنە ژێرزەمینەکە کورد بوون بەڵام یەکەم جار بوو بیان بینم، دیار بوو ڕێـــبەر بـــوون، بە تـــورکی لە نێـــوان خۆیاندا قسەیان دەکـــرد و زوو زوو تەلەفونیـــان بـــۆ دەهـــات و هەر بە

تــورکی قســەیان دەکــرد و هەنــدێک تێدەگەیشــتم، چــونکە زۆربەی قسەکانیان کۆد و نهێنی تێدا بوو. ئیدی بیست کەسیان جیــا کــردەوە و منیشیان خستە ناو ئەو بیســت کەســە و ســواری دۆڵمشــێک بــووین و دەرچووین بۆ شوێنێک نازانم کوێ بوو بەڵام نزیکەی سێ کــاتژمێر لەو دۆڵمشەدا بووین بە بێ وەستان دەڕۆشت و زۆر خێرا بوو.

لە کەنار دەریایەک دابەزین، شەو بوو هیچمان نەدەبینــی و کەســێک لە پێشمانەوە دەڕۆشــت، نــزیکەی بیســت خــولەک بە پــێ ڕۆیشــتن و گەیشــتینە بەردەم ئــاوەکە و لەوێ ئێمەیــان خســتە نــاو بەلەمێکــی بچووکەوە و دوای نزیکەی پێنج خــولەک بەلەمەکە جــوڵا و کەوتە ڕێ، سەرەتا زۆر بە هێواشی دواتــر وردە ردوە خێراتربــوو. نــزیکەی چــوار کاتژمێر ڕۆیشت بەبێ وەستان ئیدی لەناکاو بزوێنەرەکانی کــوژایەوە و هەمــوو شــتێک خــامۆش بــوو، تەنهــا ئاســمان لــێمانەوە دیــار بــوو، لەناوەڕاستی دەریادا بووین.

گوێم لێبوو کە دووکەس لەسەرەوە قسەیان دەکرد و یەکێکــان وتــی: ئیش ناکات و خەلەلێک هەیە، ئیدی زۆر هەوڵیان دەدا کە بیخەنەوە کار، دیار بوو ئەو دوو کەسە کاپتنی بەلەمەکە بــوون. هــیچ ســودی نەبــوو نــزیکەی نیــو کــاتژمێر لەو دۆخەدا بــووین و هەر بۆیــان چارەســەر نەدەکرا، ئاویش هــاتبوویە ژێرمــانەوە بە قــاپێکی نــایلۆن ئاوەکەمــان دەکردە ناو سەتڵێکەوە، بەڵام هەتــا دەهــات ئــاوی زیــاتر دەهــاتە نــاو

بەلەمەکەوە. لە دڵــی خۆمــدا گــوتم ئەمەوە ئەو شــەوە بــوو کە لێــی دەترسام!. ئیتر گریانی منداڵ و شایەتمان و دوعــا و پــاڕانەوەی هەمــوو نەفەرەکان تێکەڵ بوو بوو.

هەستم دەکرد کەوتــووینەتە ڕۆژی حەشرەوە، ســەیری دەوروبەری خۆمم کرد ئەو کوڕە فشەکەرەم بینــی کە زوو زوو لە ســوید و ئەڵمانیــا تەلەفوونی بۆ دەهات، وتم: براکەم مۆبایلەکەتم بەرێ با تەلەفون بــکەم بۆ پۆلیس و بێن بە فریامانەوە.

وتی: نا، نایدەم... کەمێک وەستام... وتم: بۆ؟

وتی: لەبەر ئەوەی دامناوە بۆ کاتی تەنگانە!.

بە ڕاستی هەر کە گوێم لەو قسەیە بوو، بەلەقە چوومە ســەر ســەری و کوتام تێر تێــر بە دڵــی خــۆم، داخــی ئەو هەفــتەیەم پــێ ڕشــت کە لە ژێرزەمینەکە لە دڵمدا دروست بوو. لەگەڵ هەمــوو بۆکســێکدا، هــاوارم دەکرد و دەمگوت: لەمە تەنگانە تــر دەبێــت چــی بێــت، تــۆ دیــارە زۆر نەفامیت، لە ئان و ساتێکداین ئێمە ئێستا دەمرین!.

لەو قســانەدا بــووین و چەنــد بەلەمێکــی پــۆلیس دەووریانــداین و کۆپتەریش بە ئاسمانەوە بوو دیار بوو هەر کاپتنەکە خــۆی پەیوەنــدی کردبوو بە پۆلیسەوە و ئێمەیان گواستەوە بۆ بەلەمەکانی خۆیان و نیــو کاتژمێر ڕۆشتن و دواتر لە کەنارێک ئێمەیان دابەزاند. پــۆلیس دەووری دابووین و پاشان ئێمەیان خستە ناو پاسێک و دواتر بەڕێیان کردین بــۆ

زیندان. لەوێ ناویان نووسـین و وێنەیـان گـرتین و ئێمەیـان سـنوور داشکردەوە بـۆ تورکیـا. ئەو کـاتەی کە گەشـتینە تورکیـا مـن پێشـتر ئامادەکاریم کردبوو هەر کە دابەزیتین خـۆم لە نەفەرەکـان ون کـرد و لەلای گابەردێک خۆم شاردەوە هەتا هەموو ڕۆشـتن و ئەو نـاوە چـۆڵ بوو. دواتر بە پیادە ڕۆشتم نزیکەی نیو کاتژمێر هەتا گەشتمە گونـدێکی تورکی و لەو پرسیارم کرد و زانیاریم کۆکردەوە کە چۆن بگەڕێمەوە بـۆ ئەسـتەمبوڵ. سـەیارەیەک لە گونـدەکەوە دەگەڕایەوە بـۆ نزیـک شارۆچکەیەکی بچوک، ئیدی لەوێ بلیتم بڕی و بە سەلامەتی گەشتمەوە ئەستەمبوڵ.

نەگەڕامەوە بۆ ژێر زەمینەکە، ڕاستەخۆ چووم بۆ (بایرەم پاشـا) بـۆ کارگەکە بۆ لای کاک ئومێد. هەر کە لە ئاسانسـوارەکە دابەزیـم و کـاک ئومێدم بینی بە گریانەوە باوەشی پێداکردم و وتی: زۆر بیرم کردی.

# - ١٧ -

# هاژە و هەژان

هەر لە (بەیرام پاشا) بە هۆی کورێکەوە ئیشێکی ترمان دۆزیەوە لەگەڵ کاک ئومێد چوین بۆ کارگەیەکی تر، ئەم ئیشەیان زۆر لەوەی پێشتر باشتر و ئاسانتر بوو. کارگەی بەرهەم هێنانی پلاستیک بوو. دەیان جۆری پلاستیک و نایلۆنمان بەرهەم دەهێنا بە چەندین نەخشی جیاواز و نایاب. شوێنی خەو و خواردنیشمان زۆر پاک و خاوێن بوو. چونکە تەنها پێنج کرێکار بووین و خاوەنی کارگەکە دەهات لەگەڵمان کاری دەکرد، بەرهەمەکانی ئەو کارگەیە هەمووی بە ئامێری پێشکەتوو بەرهەم دەهات، ئیشی دەستی زۆر کەم بوو.

ماوەی دوو مانگ لەوێ کارم دەکرد، بەسوتفە کەسێکم ناسی و باسی قاچاخچیەکی کرد کە هەر نەفەری بە ئیتیفاقی دەردەکرد بە تەکسی. دووبارە ماڵئاوایم لە کاک ئومێد کرد و پەیوەندیم بەوە رێبەرەوە کرد. چووم بۆ شوقەکەی لە گەرەکی (قووم قاپی) بوو کۆمەڵێک کەسی زۆر باش و بەرێز لەو وەجبەیەدا بوون. شوقەکە سێ ژوور بوو لەگەڵ مەتبەخ و حەمام و تەوالێت، بەڵام کەمێک پیس بوو.

ئیتر شەوانە کە دەخەوتین (تەختەقورس)* خەریک بوو گیانی کون کون

* جۆرە درمێکە وەکو رشک و ئەسپێ وایە، لە تورکیا هەیە.

دەکردین، ئەوەندە خۆمان ئەخوراند، پێستی خۆمانمـان دائەمـاڵی، ئەو درمە کە دەچووە ناو جلەکانتەوە ئیتر مردنــی نەبـوو هەتـا جلەکانیـت فڕەنەدایە بەهیچ چارەسەر نەدەبوو. لە شوقەکە کـوڕێکم ناســی لەوێ ناوی (عیماد) بوو، حەوت ساڵ لە خـۆم گەورەتـر بـوو، کـوڕێکی زۆر بەغیرەت بوو، دوو جار لەدەستی پۆلیس هەڵهاتبوو و جارێکیش شــەڕە چەقــۆی کردبــوو چەنــد چەقــۆیەکی بەرکەوتبــوو دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە چارەسەر وەردەگرێت، لە ژێر چـاودێری پـۆلیس دەبێـت، بەڵام لە نەخۆشخانەکەش ڕادەکات، چیرۆکی ژیانی (عیماد) پـڕ بـوو لە سەرکێشی، ساڵ و نیوێک بوو لە ئەستەمبوڵ بوو زمـانی تـورکیش فێـر بووبوو.

خــۆم پێناســاند و باســی ئەو ڕێــگەیەم بــۆ کـرد کە دەرنەچــوین و سنوورداش کراینەوە، زۆر منی خۆشدەویســت و مــتمانەی پێـدەکردم. ماوەی دوو هەفتە بوو لەو شوقەیە هەر چاوەڕێ بووم و هیچ هەواڵێـک نەبوو، ئێوارەیەک خێزانێکی کوردیـان هێنـا دوو کـچ و باوکێـک بـوو، ئەوان بە تەنها چوونە ژوورێکی تر هەر خۆیان بوون و کەسـیان لەگەڵ نەبوو.

بۆ بەیانییەکەی چوومە چێشتخانەکەوە هەتا نـانی بەیـانی دروسـت بکەم، بەڵام زرمەیەک لە دڵمەوە هات، کچێکم بینــی هــاوتەمەنی خــۆم، چاوەکانی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، زمانی شیرین و ڕووی خــۆش بـوو،

کــابۆیەکی شــینی کــاڵ و بلوســێکی بنەوشــەیی لەبەردابــوو قــۆڵی بلوسەکەی درێـژ بـوو دەسـتەکانی داپۆشـی بـوو بەڵام ملیـوانەیەکی گەورەبوو کەمێک سنگی دیار بوو، قژی ڕەشی هەڵدابوویەوە و لەدواوە بەستبووی و هیچ ماکیاژێکی نەکردبوو زۆر سادە بـوو، بەیـانی باشـی لێکردم، هەر سەیرم دەکرد و دەمم تەتەڵەی دەکـرد. وەکـو ئەوە وابـوو یەکەمین جار بێت لە ژیانمدا لەگەڵ کچێکدا قسە بکەم، وا هەستم دەکـرد پێشتر لە ئەشکەوتێکدا ژیابێتم و هەرگیـز کچێـک سـڵاوی لێنەکـردبم، خۆی بە من ناساند و گوتی: من ناوم (هەژان)ە و تەمەنم پـانزە سـاڵە و خوشکەکەشم ناوی (هاژە)یە و تەمەنی حەڤدە ساڵە و باوکیشـم نـاوی (ئیبراهیم)ە. ئیدی منیش خۆم پێناساند، وتم هەرچیتان پێویسـت بـوو ئاگادارم بکەن بۆتان دەکەم، وتی: زۆر باشە، دوای دوو خـولەک بـانگی کردم و هەندێک پارەی بۆ هێنام و گوتی هێلکە و سـەمونمان بـۆ بکـڕە، پارەکەم وەرنەگرت بەڵام باوکی پیاوێکی سەر ئیسڵاح بوو چاویلکەیەکی گەورەی لەچاودا بوو، دیار بـوو کە چـاوی تەواو کـز بـووە، تەمەنـی نزیکەی پەنجا ساڵ بەرەو سەرەوە دەبوو، دەستی گرتم و وتـی: کـوڕی خۆم تۆش وەکو مناڵەکانم وایت و هیچ فەرقی نیـیە، ئەمە بەس ئەمـڕۆ نابێت، تۆ هەر ئەوەندەی عەزێتەکە ئەکێشیت ئیـتر زۆریشـی زایـادە و سوپاست ئەکەین.

هەندێک جار ئەو شتانەی بە سوتفە لە ژیانت ڕوودەدەن، زۆر بەتـام و بەچێژترە لەو شتانەی کە ساڵانێک پلانی بۆدادەنێت و ئامادەکـاری بـۆ دەکەیـت!. هەر بەڕاسـتی هەسـتێکی زۆر خـۆش لەناخمـدا دروسـت بووبوو، هەر نازانم چۆن چـۆنی چـووم ئەو خـواردنەم بۆیـان کـڕی. بەردەوام ئەچوومە بەر ئاوێنە و قژم دادەهێنا و جلەکانم ڕێک دەکـرد و ئیتر گرینگیم بەخۆم دەدا، و هەستم دەکـرد گـۆڕانێکی خێـرا لە ژیـانی مندا ڕوویداوە. سێ ڕۆژ بەو شێوەیە تێپەڕی، من هەر بیـری وەجـبە و ڕێـگەی ئەسـینام نەمـا، حەزم دەکـرد هەتـا مـردن لەو شـوقەیەدا خزمەتکاری ئەو خێـزانە بـم!. هەر بەڕاسـتی خـۆم لەبیـر کـرد بـوو، بەردەوام خەیاڵم لای ئەو کچە بوو وە بیرم ئەکردەوە کە ئەمجارە بینـیم باسی چی لەگەڵ بکەم، لە سەری خۆمدا دەیان بابەتم ئامادەکردبوو.
بەڕاستی ئافرەت کائینێکی زۆر سەیرە، وەها لە پیاو دەکات کە خـۆی لە بیر بکات!. بە بـێ نەشـتەرگەری، بە ئاسـانی دەتوانیـت سـنگی پیـاو بکاتەوەو دڵی دەربهێنێت و گۆڕانکاری تێدا بکـات و پاشـان بە نەرمـی بیخاتەوە ناو قەفەزەی سینگی پیاوەکە. ئیدی ڕابردوو و داهاتووی هەر پیاوێکی سەر ئەم هەسارەیە بەندە بە کچێک یان ژنێکەوە!. ژنێک دەبێتە پاڵەوانی ڕابردوو و داهاتووی هەر پیاوێک، بمانەوێ و نەمـانەوێ ئەوە ڕاستییەکانی ژیانە!. لە یادت بێت دواجار ئێمە هەموو خوشـکمان هەیە. گەر خوشـک نەبێـت، دەی خـۆ دایکـمان هەیە، ئـێمە هەمـوو لە

بونەوەرێكەوە هاتووینەتە دنیــاوە، خــودا بەهەشــتی لەژێــر پێــی ئەو داناوە.

من لە ناخەوە (هەژان)م خۆشدەویست و هەستم بۆی هەبوو، خەونم پێوە دەبینــی. بــۆ ڕۆژی دوای، دەمەو ئێــوارە لە ڕارەوەكەدا (هەژان)م بینی كەوتینە قسەكردن و دوای كەمێك بێدەنگ بــوو پاشــان بە خێــرای كەوتە قوڵپی گریان، ڕاستی گریانەكەی ئاسایی نەبوو بە كــوڵ دەگریــا، ئیدی منیشی خستە گریان و پرسیارم لێكــرد، بیــری دایكــت دەكەیــت؟ گوتی من هەر دایكی خۆم نەدیــوە بەداخەوە منــاڵ بــووم كە دایــك بە نەخۆشی گیانی سپارد.

پاش كەمێك بە هێواشی بۆ دەگریت؟ گوتی هیچ نیە، هەر وا دەگــریم، میش وتم: مرۆڤ هەر لە خۆیەوە دەگری؟

وتی: هیچ نیە، ئەگەر شتێكیش هەبێت، باشترە كە نەیزانیــت. بەڕاســتی خەریك بوو لە پێستی خۆم ئەهاتمە دەرەوە و ئارامم لێ بڕا بــوو، بەڵام من هەر بە بێدەنگی وەستابووم و گوێم دەگرت. لەوكــاتەدا خــۆزگەم بە (هەژان) دەخواست چونكە ئەو دایكی بە ئاسودەی ســەری نــابوویەوە ئەم ژیانەی جێهێڵابوو!. وەلێ مــن كوڕێــك بــووم هەر خەم و خەفەت بووم بۆ دایك و باوكم، بوونی من گەورەترین كۆسپ بوو بۆ ئەو دایــك و باوكە نەخۆشــەم، دڵنیــابووم كە بە هــۆی مــنەوە زیــاتر نەخــۆش و دەردەدار بوون. ئای كــوڕ چەنــد گــرفتە بــۆ دایــك و بــاوك!. ئەو هەر

بەردەوام بوو لە گریان، ئەمجارەیان وتم: ئیـتر بەســە پێمبڵــێ، بـۆچی دەگریت؟ گوتی: (خۆزگە تـۆ بـرام دەبوویـت!). بەڕاسـتی حەپەسـام، چونکە لە ناخەوە خۆشمدەویست و هەستم بۆی هەبوو، وەلێ ئەو وەکو برا سەیری منی کردبوو.

یەکسەر وتم: کەواتە پێم بڵێ بۆچی دەگریت؟ وتی پـێش ئەوەی بێـین بـۆ ئەم شـوقەیە لە شـوقەیەکی تـر بـووین لەلای قاچـاخچییەکی تـر بەداخەوە زۆر خراپ بوون، ئەوان مرۆڤ نەبوون، بەڵکو دڕندە بـوون!. ئەو کەسەی کە بەرپرسی شوقەکە بوو کوڕێکی سوورکەلانەی باڵا بەرز بوو، دەستدرێژی کردە سـەر (هـاژە)ی خوشـکم و دەیویسـت بیبـاتە ژوورێکی تر، ئەویش زۆر بەرگری لەخۆی کرد و دواتر بـاوکم هـات لە هاوار و قیژەی خوشکەکەم، بەداخەوە ئەو هەتیوە زلەیەکی لە باوکیشم دا و کڵاوەکە لەسەر بەربوویەوە، ئێمەش شوقەکەمان جێهێلا و هـاتینە دەرەوە، تەلەفون و ناونیشانی ئەم قاچاخچییەمان وەرگرت و هاتین بـۆ ئێرە. ئیتر هەر دەگریا، بەڕاستی مـن لە شـوێنی خـۆمەوە سـاکابووم، سەرم خەریک بوو بەردەبوویەوە، یەکەم جار بـوو ببیسـتم کە مرۆڤــی ئەوەندە دڕندە هەبێت، زۆر ناخۆشە کاتێـک کەسـێک باســی زوڵمێکــی وەهات بۆ بکات. ژمارە تەلەفون و ناونیشانی ئەو قاچاخچی و شوقەیەم لێوەرگرت. چومەوە بۆ ژوورەکەی خۆم کە لەگەڵ نەفەرەکانی تردا بووم هەر بیرم دەکردەوە کە چی بـکەم، حەزیشـم نەدەکـرد لەلای کەسـیان

باسی بکەم چونکە دڵنیـا بـووم کە پییـان ناخۆشــە و نایانەوێـت کەس بزانێت و زیاتر هەست بە شەرمەزاری بکەن.

خەریک بوو دڵم ئەتەقی و نەشمدەزانی چی بـکەم، ئـارامم لێبڕابـوو. لەوکاتەدا (عیماد) هاتەوە بۆ شوقەکە و برادەرێکی تریشی لەگەڵدا بوو. ئیشارەتێکم بۆ کرد و بەتەنها هاتە دەرەوە، پارکێکی بچوک هەبوو نزیک شوقەکە لەوێ دانیشتم و هەمـوو شــتەکانم بـۆ (عـیماد) بـاس کـرد و ناونیشان و ژمارە تەلەفونم پێدا و گەڕاینەوە بۆ شوقەکە و بـرادەرەکەی و کوڕێکی تریشی بانگ کـرد و بـووین بە چـوار کەس. بە تەکسـییەک بەڕێ کەوتین زۆر دوور بوو نزیکەی چل و پێنج دەقە بەڕێوەبـووین لە ناو تەکسییەکەدا عیماد پلانی تەواوی دانا و وتی کەسـتان شـەڕ نەکەن هەتا خۆم پێتان نەڵێم، ئێـوە بەس لە پشـتم بوەسـتن، پاشـان چـووینە بەردەم شوقەکە و لەدەرەوە تەلەفونێکمان بۆ کـرد، مـن خـۆم کـرد بە نەفەری تازە و لەگەڵ کوڕە سـوورکەلانە بـاڵابەرزەکە قسـەم دەکـرد و عیماد و ئەوانیش چاودێریـان دەکـردم، ئیـتر دەرگـای شـوقەکەی بـۆ کردمەوە و یەکســەر عـیماد و برادەرەکـانی پاڵێکیـان نـاو هـاتنە نـاو شوقەکەوە پڕ بوو لە نەفەر، (عیماد) هەر خۆی کەوتە لێدانی ئەو کـوڕە سـورکەلانە بـاڵا بەرزەکە، چەقـۆی دەکـرد و بەڵام (عـیماد) چەقـۆ و مۆبایلی و پارەکانیشی لێسەند و لەعەرزەکە بە لەقە چووە سەر سـەری و نەفەرەکـانیش هەر سـەیریان دەکـرد و کەس نەیدەوێـدا لەیەکیـان

جیابکاتەوە، چونکە ئێمە هەڕەشەمان کرد هەر کەس بێتە پێشەوە بەساخی دەرناچێت، ئیتر شوقەکەمان دابەسەر یەکا و هاتینە دەرەوە و کەمێک پەشۆکا بووین. بەڵام دڵخۆش بووم چونکە بەسزای خۆیمان گەیاند. بە تەنها عیماد شەڕەکەی کرد.

دواتر لە مارکێتێک هەر بە پارەی ئەو کورەی کە لێدانەکەی خوارد، میوە و خواردنێکی زۆرمان کڕی، هەر لە تەنیشتی مارکێتەکە دوکانێک بوو شتی ئەنتیک و مەدالیا و زنجیر و مووری جوان و نایابی دەفرۆشت، مەدالیایەکی جوانم هەڵبژارد بەردێکی شینی خڕ بوو لە شێوەی چاوەزار کە چەند مووروویەک جوانی بەدەورەوە بوو کڕیم بۆ (هەژان)، لە دڵی خۆمدا وتم: ئەمشەو دوو دیاری پێشکەش ئەکەم، یەکەمیان تۆڵەی هاژەی خۆشکیمان کردوە و دووەمیان ئەم مەدالیایە. دەمەو ئێوارە بوو دنیا تاریک ببوو، ئێمە نزیکەی پێنج کاتژمێر زیاترمان پێچوو هەتا گەڕاینەوە، بەڵام کە گەیشتینەوە شوقەکەی خۆمان سەرم سوڕما چونکە نەفەرەکان هەموو ڕۆشتبوون. یەکسەر چووم بۆ ژوورەکەی (هاژە و هەژان) ئەوانیش لەگەڵ وەجبەکەدا دەرچووبوون و فریایان نەکەوتم.

# -١٨-

# هەڵوەرین پێش بەهار

ئەو شەوە هەتا ڕۆژ بوویەوە من خەوم لێنەدەکەوت. توشـــی کەئـــابە بووبووم. گێژ و وڕ و کاس. سەرم خەریک بـــوو بەردەبـــوویەوە لەتـــاو ئازار. وەکو ئەوەی لە سەربانێکەوە کەوتبێتمە خوارەوە زمانم شکا بوو. حەوسەڵەم نەبـــوو لەگەڵ هـــیچ کەســـێ قســـە بـــکەم. خواردنیشـــم بـــۆ نەدەخورا.

ڕۆژ بوویەوە و من هەر لە شوێنی خۆم بـــووم. ئەو ڕۆژە هەر لەوێـــدا بـــووم و نەدەجـــوڵام و لەســـەر جـــێگەکەم پـــاڵکەوتبووم. نەفەرەکـــان بەلایانەوە سەیر بوو. چونکە پێشتر من دەچووم سەموون و خواردم بـــۆ دەکڕین. عیماد هەستی کردبـــوو بەڵام هیچـــی نەدەگـــوت. وایانـــدەزانی نەخۆشم و تەسجیلێکی بچوکی ســـەفەریم هەبـــوو کاســـێتی دەخـــوارد. بەردەوام گوێم لە گۆرانی (جانسم)ی ئیبراهیم ئەرکـــاڵ و دەگـــرت جـــار جارەش هاکان تاشان و موسلیم بابا و جەنگیز.

هەمان ڕۆژە سێ کوڕ هاتن بۆ شـــوقەکە. لە کوردســـتانەوە بەڕێـــگەی یاسایی بە فیزە هاتبوون. یەکێکیان خەڵکی هەولێر بوو زۆر کوڕی چاک بوو. ناوی (دڵشاد) بوو. دوو کاسێتی گـــۆرانی پێبـــوو یەکێکیـــان زیـــاد ئەسعەد بوو. ئەوەی تریان زەکەریا بوو. ئیتر هەر ئەو ڕۆژە بـــووین بە

هاوڕێ، هەر لە تەمەنی شانزە ساڵییەوە عاشقی پورزایەکی خۆی بووبوو وە چەند جارێکیش چوو بوو بۆ داوای، هەموو جارەکان بە نەخێر وەڵامیان دابوونەوە، هەر جارەو بەهانەیەکیان دروست کردبوو، دواتر دابوویان بە خزمێکی تری.

(دڵشاد) لەداخی پورزاکەی سەری خۆی هەڵگرتبوو هاتبوو بۆ تورکیا. بەردەوامی گوێم لە گۆرانی(نەمزانی) زەکەریا دەگرت و بە شەویش هێتفۆنەکەم دەکردە گوێم هەتا بەیانی بەو گۆرانیەوە خەوم لێدەکەوت. هەمیشە دڵ پڕ و چاو بەگریان بووم، توشی خەمۆکی بووبووم، بەردەوام حەزم دەکرد بەتەنها بم و دەیان گرێی دەروونی دروست بووبوو لە سەرمدا و زۆر خەمبار بووم. ماوەی سێ ڕۆژ وەها بووم، خۆم وەک عاشقێکی دۆڕاو دەهاتە پێشچاو، هەمیشە دڵم لەلای (هەژان) بوو، سەیرەکە لەوەدا بوو زۆر زوو عاشقی بووم، هەر بیرم لە قسەکانی دەکردەوە و دەنگی لە گوێمدا دەنگی دەدایەوە.

ئێوارەیەک سەرپەرشتیاری شوقەکە تەلەفونێکی بۆ هات و زۆر دڵخۆش بوو، وتی: وەبجەکە هەموویان بەسەلامەتی گەشتوونەتە جێ. بەم زوانە ئێوەش دەنێرین، ئیدی من هەر گوێم لە گۆرانی زەکەریا دەگرت و شیعرم دەنووسی، هەڵبەت من لە کوردستانیش شیعرم دەنووسی، بەڵام پیشانی کەسم نەدەدا، ئەگەر کەسێکیش شیعری منی بدیبایە و پرسیاری بکردایە دەمگوت: هی من نییە، خۆشم نازانم بۆ

وەها بووم ئەو کاتە، هەمیشە هەستەکانم دەشاردەوە ئەگەر چی منـدالّ بووم بەلاّم دلّم زوو خورپەی لێوەهات!. ئەو شیعرانەی کە بۆ (هەژان)م نووسـی هەمـووی لە نـاوچوو بەداخەوە، تەنهـا یەک دانەیـانم هەتـا ئێستاش لەبەرە و بیرم ناچێتەوە ئەوەیە:

**بێ ماڵئـاوا کۆچـت کـرد**
**چاوم بۆ تۆ بوو بە باران**
**لەم غوربەتە چـاوەڕێتم**
**کە دەرکەوی وەکو جاران**
**هەر لە یەکەم نیگـاتەوە**
**بـڕوا بکە خـۆشم ویستی**
**ئێستا بێ تۆ ژینم تـاڵە**
**وابە دڵــمەوە پەیوەستی**
**خۆزگە وەکو پەڵە هەورێ**
**بە ئـاسمانتەوە بوومـایە**
**لە جێی سێبەری درەختێ**
**بۆ تۆ دەبـووم بە سـایە**
**دواین ساتی پێکەوە بوون**
**وەکو فرمێسك لە چاومایە**
**خەمی دووری نیشتیمانیش**
**بێ کۆتایە و دوایی نـایە...**

زۆر بەسەختی عاشقی ئەو کچە بووبووم، پێش ئەوەی سەفەر بکەن. ئەو سێ ڕۆژەی کە بەیەکەوە بووین لە شوقەکەدا، هەر جارە و بەهانەیەکم دەدۆزیەوە و دەچووم بۆ ژوورەکەیان لەوێ قسەم لەگەڵی دەکرد، هەڵبەت باوکیشی تەواو متمانەی پێدەکردم، چونکە ڕێزی ئەوە و هاژەم دەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر منیش دەچووم خواردن و شتم بۆ دەکڕین. کە لە ژوورەکە بەیەکەوە دەبووین لەگەڵ خوشکەکەی هەر باسی شتی ئاسایی و ژیانی کوردستان و ئەو ماوەیەم بۆ دەکردن کە لە ئەستومبوڵ بووم و ئەوانیش هەر باسی مەکتەب و خوێندن و شتیان دەکرد. بەڵام کە بە تەنها دەبووم لەگەڵ (هەژان) لە چێشتخانەکە جار جارە قسەی عاشقانەشم دەکرد و شیعری خۆم بۆ دەخوێندەوە کە بۆ ئەوم نوسیبوو، بەڵام نەمدەگوت ئەمە شیعری منە، هەر لەخۆمەوە ناوی شاعیرێکی ناودارم دەگوت و ئەویش بە تاسەوە گوێی بۆ دەگرتم.

ئیدی هەموو شەوێک کە گوێم لە گۆرانیەکەی زەکەریا دەگرت هەر بیری قسەکانی ئەوم دەکردەوە. ئەو ماوەیە ئەوەندە تەمەڵ ببووم هیچم نەدەکرد و هەر لە شوقەکە دەخەوتم، نەدەچوومە دەرەوە پێشتر یارمەتی بەرپرسی شوقەکەم دەدا لە زۆر شتدا بەڵام ئەو ماوەیە زۆر گۆڕابووم تەنانەت تاقەتم نەبوو بچم خۆشم بشۆم. نیوەڕۆیەکیان لەگەڵ سەرپرشتیاری شوقەکە بوو بە دەنگەدەگمان. وتی: دایک و باوکی دڵیان خۆشە کوڕیان ناردووە بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی ئیشێک

بكـات، كەچـی لێـرە هەر نەخەوێـت. دەك ڕۆڵە لەشـت سـاغ نەبێـت. قسەیەك لەئەو و قسـەیەك لە مـن. هەتـا وای لێهـات بـوو بە شـەڕ و ناخۆشیمان. من بە تـووڕەی شـوقەكەم جێهـێڵا و چـوومە دەرەوە. لە پاركێك دانیشتبووم هەر بیرم دەكردەوە.

دوای چەند كاتژمێرێك، بە تەلەفون و پرسیاركردن توانیم ڕێبەرێكـی تر بدۆزمەوە. بەیەكەوە دانیشتبووین و قسەمان دەكرد. باسی ئەوەم بۆ كرد كە دەنگە دەنگم بووە لەگەڵ بەرپرسـی شـوقەیەك و ئیستر ئەوێـم جێهێڵاوە. لەو قسانە بووین ڕێبەرە تازە تەلەفونێكی بۆهـات و تۆزێـك پەشۆكا. وتی: ئێستا پۆلیس چـوونەتە سـەر ئەو شـوقەیەی كە پێشـتر لەوێ بوویـت!. زۆربەیـان دەسـتگیركراون و ڕەوانەی (شـوعبەی یابانچی)*كراون. ئەوانەی كە ڕایانكردووە ئێسـتا بـۆ تـۆ دەگەڕێـن. و ئاگاداریان كـردوومەتەوە كە نەفەرێكـی منـداڵكار ئەوەی جێهـێڵاوە و ناونیشانی ئەو شـوقەیەی داوە بە پـۆلیس كە پـڕە لە نەفەری قاچـاخ!. ئێستا لە تەلەفونەكە ئاگاداریان كردم و ناوی تۆیان پێ وتم، هەر بە مـن نا، بەڵكو بە هەموو قاچاخچییەكانی تریشیان وتووە. منیش سوێندم بـۆ خوارد كە ئاگاداری ئەوە نیم، بە هیچ شێوەیەك پۆلیسم نەبینیووە.
هەر چۆنێك بێت باوەڕم بە ڕێبەرە تازەكە كرد. ئەویش وتـی: دەی خـۆ

---

*(شوعبەی یابانچی) لە ئەستەمبوڵ هەر كاتێك پۆلیس نەفەرێكی یاساخی بگرتیایە دەیـان نارد بۆ (شوعبەی یابانچی) واتە بەشی غەریبە و بێگـانە. دواتـر سـنووورداش دەكـرانەوە.

ئەوان نازانن کە تۆ لەلای منیت، بەڵام ڕاستییەکەم پێ بڵێ. بەڵێن بێت هاوکاریت بکەم، دووبارە سوێندم بۆ خوارد، بەس ئەمجارەیان ئەو (قورئان)ە بچووکەی کە دایکم پێی دام، لە گیرفانم دەرمهێنا بەوە سوێندم بۆ خوارد، وام هەست دەکرد باوەڕی پێ کردووم. هەر دوو دڵ بووم و دەترسام کە لەوانەیە ئەمە درۆم لەگەڵ بکات و دواتر من بداتە دەست ئەو کەسانەی کە بۆم دەگەڕێن، نەمدەزانی چی بکەم.

# - ١٩ -

# گەڕەکی فاتیح

قاچاخچییەکە، لە چایخانەیەک دانیشتبوو بوو لە گەڕەکی (ئاکسەرای) پڕ بوو لە کورد زۆربەی نەفەر بوو، یەک دوانێکیش قاچاخچی بوون. مۆبایلەکەی دەکرد و زەنگی بۆ کەسێک کرد و بە تورکی قسەی کرد، هەندێک شتی دەگوت وەکو نهێنی وابوو، هیچی لێتێنەدەگەیشتم، هەستم کرد کە بەنیازی چییە، دەیویست بمداتە دەست قاچاخچیە کۆنەکە.

لەو کاتەدا وتم، ئەچم بۆ تەوالێت. ئاگام لێی بوو چاودێری دەکردم. کە چوومە ناو تەوالێتەکە پەنجەرەکی بچوکی تیا بوو، بە ئاسانی منی پێوە نەددچوو، لە بەشی بەرزایی دیوارەکە بوو نزیک بوو لە سەقفەکەوە. زۆر بەزەحمەت لە پەنجەردکەوە چوومە ئەو دیوو، بۆریەکی ئاسن بوو خۆم بە بۆریەکەوە شۆڕ کردەوە دواتر پەیژەیەک هەبوو لە پەیژەکە چوومە خواردوە و پشتی چایخانەکە کۆلانێکی تەسک بوو، بە کۆلانەکەدا تێپەڕیم و لەو سەری مزگەوتێکەوە سەرم دەرهێنا. ئیدی بە دەوری خۆمدا چاوم دەگێڕا و بەهێواشی لە شەقامەکەوە پەڕیمەوە و بیست خولەک بە پیادە ڕۆشتم، لە کۆشکێک کارتێکم کڕی و لە کابینەیەکەوە تەلەفونم کرد بۆ ئەسینا و لەگەڵ کاکم قسەم کرد، داوام

لێکرد کە بە برادەرەکانی بڵێت هەتا ڕێبەرێکی باشم بۆ بدۆزێتەوە بە زووترین کات، بەڵام هیچ شتێکم پێنەگوت لەبارەی ئەو شتانەی کە ڕوویدا بوو، چونکە دەمزانی نیگەرانی من دەبێت و دواتر ئەوەندەی ترە خەم دەخوات.

پاشان تەلەفونێکم بۆ کاک (ئومێد) کرد و هەر بۆ هەواڵپرسین و هەندێک قسەمان کرد، بەس باسی ئەوەم نەکرد کە ڕوویداوە تەنها پێم وت لەوانەیە سەردانێکت بکەم. لە گۆشەیەکی پارکەکە عەرەبانەیەک وەستابوو، برنج و نۆک و مریشکی دەفرۆشت، وەک چۆن لای خۆمان لەسەر عەرەبانە لەفەی جگەر و نۆکا دەفرۆشن، لە تورکیاش لەسەر عەرەبانە برنج و مریشک و نۆکی کوڵا و دەفرۆشن، منیش برسیم بوو، چوم قاپێکم کڕی و خواردم، بەڵام خواردنەکە بە پشتمدا دەڕۆشتە خوارەوە و بوو بە دەردم، بیری هەژان و ترسی ڕێبەرەکان، ئیدی من خۆم لە کورد و پۆلیس و هەموو کەسێ دەشاردەوە. دواتر لە چایخانەیەکیش چام خوارد و نزیکەی کاتژمێرێک دانیشتم دوو کورد هاتنەژوورەوە، من یەکسەر هەڵسام و چوومە دەرەوە نەمهێڵا ئەوان من ببینن.

گەڕامەوە بۆ پارکەکە و لەوێ دیسان تەلەفونم کردەوە بۆ کاکم و ئەویش ژمارە و ناونیشانی ڕێبەرێکی پێدام و وتی: ئەوە کەسە زۆر ئەمینە ئێستا برادەرێک زۆر بە باش باسی دەکرد...

یەکسەر پەیوەندیم کرد بە ڕێبەرەکەوە، بەڵام بەداخەوە تەلەفونەکەی داخرا بوو. ئیتر زۆر نیگەران بووم، کەمێک وەستام و پاشان بڕیارم دا کە بچم بۆلای کاک (ئومێد) بەرەو وێستگەی میترۆ کەوتمە ڕێ بەڵام لەبەردەم وێستگەکە دوو کابینەی تەلەفونی لێبوو لەسەر شەقامەکە، ئیدی لەوێ جارێکی تر پەیوەندیم کردەوە بە ڕێبەرەکە، خۆشباختانە ئەمجارە وەڵامی دامەوە، خۆمم پێناساند و ئەویش ڕێنمای کردم کە بچم بۆ ناونیشانەکەی. هەر بە پیادە کەوتمە ڕێ نیو کاتژمێر ڕۆشتم و گەشتمە بەردەمی کوڕێکی لاوازی بوو قاچێکی تەواو نەبوو دەشەلەی. ناوی (خەسرەو) بوو خەڵکی چەمچەماڵ بوو، باڵایەکی کورت و سورکەلانە بوو تەمەنی لە سەروو سی ساڵ دەبوو، کوڕێکی زۆر بەڕێز بوو، تەنها پێمگوت لە کارگەیەک ئیشم کردووە و ڕاستەوخۆ هاتووم بۆلای تۆ، ئیتر باسی ئەو ڕووداوانەم نەکرد کە ڕوویاندابوو. برایەکی خۆی لەوێ بوو ناوی (سەباح) بوو کوڕێکی زۆر بەڕێز و سادە بوو، لەگەڵ ئەودا ناردمی بۆ شوقەکەیان.

سواری تەکسیەک بووین گوێم لێبوو کە (سەباح) وتی بۆ گەڕەکی (فاتیح) نزیکەی بیست خولەک ڕۆشت و دابەزیتین، و ئینجا بە پیادە نزیکەی دە خولەک ڕۆشتین بەڕاستی تۆشی سەرسوڕمان بووم، وام دەزانی لە بیابانی عەرەبی لامداوە. زۆربەی پیاوەکان دسداشەی ڕەش و نیلی و قاوەییان لەبەردا بوو، قژیان کورت و ڕیشیان یەک بست درێژ

بوو، گەنج و پیر هەمان جۆری جل و بەرگیان پۆشـــی بـــوو. ژنەكـــانیش هەموو لەچكی توديان بەسەرەوە بـــوو، تەنـــانەت يەك تـــاڵ لە پرچيـــان بەدەرەوە نەبوو. هەندێكيان نيقابيشيان كردبوو تەنها چاويان بەدەرەوە بوو.

ناو و مێژووی گەڕەكی (فاتيح) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كاتەی ــــ سوڵتان محەمەد فاتيح ـــ لە تەمەنـــی ٢١ ســـاڵيدا، دەســـەڵات دەگـــرێتە دەســـت بڕيـــاری ڕزگـــار كردنـــی قوســـتەنتينيە دەدات، چەنـــدين جـــار شكســـت دەهێنێت، هەتا لە ســـاڵی (١٤٥٣) دەتوانێـــت ئەم شـــارە ڕزگـــار بكـــات ناوەكەی دەگۆڕن بۆ ئەســـتەمبوڵ. لە مێـــژوودا (ســـوڵتان مـــحەمەد) بە سەركردە و پاڵەوانێكی مێژووی ئيسلام هەژمـــار دەكرێـــت، وە نازنـــاوی (فاتيح)ی دەدەنێ چونكە (فەتحی) قوستەنتينييە دەكات.

لە كۆڵانێكەوە شۆڕ بووينەوە هەموو باڵەخانەكانی ئەمـــبەر و ئەوبەر كۆن و ڕزيوو بوون، ديوارەكانی هەمووی درزی گەورە بـــوو، لە ئـــان و ساتدا بوو كە ئەو باڵەخانانە بڕوخێن و خاپوور بن. شەقامەكەی قيرتـــاو نەبوو، بەڵكو بە خشت دروست كرابوو، وەلێ هەمـــووی چـــاڵ و چـــۆڵی بوو خشتەكان هەڵكەنرابوو. چووينە بەردەم شوقەكە زۆر بچـــوك بـــوو، تەنهـــا دوو نهـــۆم بـــوو. پەيژەيەكـــی ئاســـن كە بەشـــێوەيەكی جـــوانی ئەندازياری دروست كرابـــوو لەبەردەم دەرگـــاكەوە دەچـــوو بـــۆ بەردەم دەرگای نهۆمی دووەم. شوقەكە تەنها دوو ژوور و مەتبەخ و حەمـــام و

تەوالیت بوو. هەشت نەفەر لە ژوورەوە بوون، نە من کەسم دەناسی و نە ئەوان منیان دەناسی، بەڵام نەفەرەکان زۆر بەڕێز بوون و هەموویان بە تەمەن لە من گەورەتر بوون.

یەکەم هەفتە، هەر ئەو هەشت کەسە بووین، هەموو شتێک هەر وەکو خۆی بوو، هەر لە چاوەڕوانیدا بووین. کوڕێک لە شوقەکە بوو قاچاخچی یۆنان بوو زمانی یۆنانیشی دەزانی، ناوی (شاسوار) بوو، دوام لێکرد یارمەتیم بدات بۆ ئەوەی خۆم فێری زمانی یۆنانی بکەم. کاک شاسوار کوڕێکی زۆر بێدەنگ و سادە بوو، دەفتەرێکی بچوک و پێنوسێکم هێنا و لەگەڵیدا دانیشتم، ئەو وشەیەی دەهاتە سەر زمانم و لێمدەپرسی، ئەوەی کە دەیزانی پێیدەگوتم و منیش دەمنووسی. دەیان وشە و ژمارەکان و ناوی مانگەکان و ڕۆژەکانی هەفتە و لەگەڵ چەند ڕستەیەکم نووسی، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەتای فێری قسە کردن ببم. لەگەڵ ئەودا نزیکەی بیست و پێنج لاپەڕەم پڕکردەوە مانای وشەکان و چۆنێتی خوێندنەوەکەشی، ئیتر ئەو هەفتەیە بەس بۆخۆم ڕاهێنانم دەکرد لەسەر زمانی یۆنانی و هەوڵمدەدا کە بەزووترین کات فێر ببم، هیچ کاتم بە فیڕۆنەدەدا و بەردەوام خۆم بەوەوە سەرقاڵ کردبوو، هەندێک جاریش دەچووم بۆ لایی کاک شاسوار و گفتوگۆیەکی بچوکم دەکرد، ئەویش زۆری پێخۆش بوو، چونکە دەیبینی چەند بە گڕ و تینەوە هەوڵ دەدەم، هەمیشە دەیگوت: تۆ منالیت مێشکت ئەوەندە

کێشە و موشیلەی تیا نییە وەکو ئێمە بیت، دڵنیام ئەگەر هەوڵبدەیت بە زووترین کات فێردەبیت، هەر چییەکت ویست شەرم مەکە و بپرسە، بۆ فێربوونی زمانی دەبێت شەرم نەکەیت و قسە بکەیت، کێشە نییە ئەگەر لە کاتی قسەکردندا هەڵە بکەیت. خەڵکی یۆنان زۆریان پێخۆشە کە بە یۆنانی قسە بکەیت، ئەگەر لە وشەیەکدا هەڵە بکەیت، ئەوە دڵنیابە لە باتی ئەوەی گاڵتە بکەن و پێیپێ بکەنن، هاوکاریت ئەکەن و وشەکەت بۆ ڕاست دەکەنەوە، وەکو بیستوومە دەڵێن: لە زۆر وڵاتانی ئەورووپادا، کۆلێژیان داناوە بۆ فێربوونی زمانی ئەو وڵاتە. ئیدی قسەکانی کاک شاسوار گڕ و تینێکی زۆری دەدامێ و منیش هەتا دەهات زیاتر خۆم ماندوو دەکرد و بەردەوام دەمنوسی و دەمخوێندەوە و ڕاهێنانیم دەکرد لەسەر زمانی یۆنانی.

جار جارە مـن دەچـووم خـواردنم دەکـڕی بـۆ ئەو هەشـت نەفەرە، سەرپەرشتیاری شوقەکە خوشکەزایەکی کاک(خەسرەو) بوو، لە ڕاستیدا کەشێکی زۆر خۆش و برایانە دروست ببوو لە نێوان نەفەرەکانـدا هـیچ هەستم بە غەریبی نەدەکرد، وامدەزانی لە نـاو خێـزانەکەی خۆمانـدام. شەوێکیان سەری بەرنامە (ئیبۆ شۆ)م دەکرد، ئیبراهیم تـاتلس گـۆرانی (یەلان) بوو، ئیتر زۆر دڵم پڕ بوو، چووم لە چێشتخانەکەدا چا دروسـت بــکەم، وەســتا بــووم و پــاڵم دابــوو بە دیــوارەکەوە، کەوتبــوومە ئەندێشەیەکی قوڵەوە، بیرم لەو کاتـانە دەکـردەوە کە (هەژان) دەهـاتە

چێشتخانەکە و بەیەکەوە قسەمان دەکرد، سەیرەکە لەوەدابوو کە بیــرم لە (هەژان) دەکردەوە گیانم دەبوو بە کڵۆی پشکۆی ئاگرین. چین چــین عارەق بە گیانمدا دەهاتە خوارێ، ناخم ئەکوڵا و هێــدی هێــدی ئەژنــۆم خەریک بوو شل دەبوو، هەموو جەستەم ســڕ دەبــوو هــیچ هێــزم تیــا نەمابوو، دالغەم ڕۆشتبوو بــۆ ئەو ســاتانەی کە چەنــد خــۆش بــوو کە لەگەڵ (هەژان) بەیەکەوە خواردنمان دروست دەکــرد. لەوکــاتەدا ئــاوی کــتریەکە کــوڵا و هەڵچــوو تەبــاخەکەی کوژانــدەوە و منــیش بە ئاگــا هاتمەوە.

ئەو شەوە کۆمەڵێک نەفەری تازەیان هێنــا بــۆ شــوقەکە، دیــار بــوو وەجبەی تازە بوو گەیشتبوون. نزیکەی پانزە نەفەر دەبوو، هەموویــان خەڵکی کەرکــوک بــوون. لە هەمــووی خۆشــتر ئەوەبــوو کە مامۆســتا (مــحەمەد)م بینــی لەنــاو نەفەرە تازەکانــدا. (مامۆســتا مــحەمەد) ئەو کەسەی کە لە سەنتەری چالاکی گەنجانی سلێمانی کۆرســی فێربــوونی ســەرچاکردنی دەوتەوە. بەڕاســتی زۆر دڵخــۆش بــووم بە بینینــی و کەوتینە قسەکردن و باسی کوردســتان و باســی ســەنتەری گەنجــان و مامۆستاکانی تــر و تەلەبەکــان و ئیــتر ئەو شــەوە هەتــا بەیــانی هەر قسەمان دەکرد.

## - ٢٠ -

# بەرەو خۆشبەختی

ماوەی پێنج هەفتە بوو هەر چاوەڕێ بووم کە وەجبەیەک دەربچێت و لەگەڵیاندا سەفەر بکەم و بگەمە ئەسینا، وەلێ ئەفسوس لە چاوەڕوانیدا ماندوو بووبووم، کەوتبوومە چرکەساتی نائارامی خۆم و هەستم بە بێمانایی و پوچی ژیان دەکرد. ڕۆژ بە ڕۆژ بێ هیواتر دەبووم، لە دوای دابڕانم لە (هەژان) زۆر شت لە مندا گۆڕابوو، دەمگوت: تۆ بڵێی ئێستا ئەویش بیر لە من بکاتەوە؟ ئەویش خەم بۆ من بخوات؟ یاخود ڕۆژێ دابێ سۆراغی من بکات، سەدان پرسیار لەسەرمدا دروست بووبوو. وامدەزانی کەوتوومەتە گێژاوەوە، هەستم دەکرد مەرگ خۆی پێناساندووم و مردن بۆتە نزیکترین هاوڕێم!.

نازانم دووری (هەژان) بۆ ئەوەندە کاریگەری هەبوو لەسەرم، یەکەمین جار بوو ئەو گۆڕانە لە ڕووحمدا سەر هەڵبدات، ئەوەندە لاواز بووبووم هەستم بە خاڵی بوونەوەی ڕووح و وشک بوونی ڕەگی ژیانم دەکرد!. بەدەم ئەو خەیاڵانەوە، ئەو شەوە کە خەوتم (هەژان) هاتە خەومەوە، جلێکی سووری لەبردابوو هەردووکمان لە کەنار دەریا دانیشتبووین و دەستمان لە ملی یەکدابوو، جار جارە ماچ و ڕاموسان و بەسەر یەکدا خەریک بوو دەتواینەوە لە ئامێزی یەکتردا. دەمانڕوانییە

دیمەنی ڕۆژئاوابوون و هەتا دنیا تاریکتر دەبوو ئیمەش زیاتر ئـاوێتەی یەکتر دەبووین.

بۆ سپێدە کەخەبەرم بوویەوە، هەمـوو گیـانم تەڕ بووبـوو، هەسـتام ئاوێکم کرد بە خۆمدا و جلەکانم گۆڕی و ئاسودە بووم. هەسـتم دەکـرد بارێکی زۆر قورس لەسەر شـانم بـووە و دامگرتـووە، هێـدی هێـدی دەحەسامەوە وەک ئەوەی کەسێک ماوەیەکی زۆر لە پشـوودا بووبێـت جەسـتەم هێنـدە ڕەحەت بـوو، هەر بەدەم خـۆمەوە پێـدەکەنیم، ئەوە یەکەمـین بەیـانی بـوو، کەوا پێکەنـین بە ڕوخسـارمەوە بێـت، سەرپەرشتیاری شوقە پێیگوتم: ئەوە چییە لەگەڵ خۆتا قسە ئەکەیـت و هەر پێئەکەنیت؟ ئەترسم تۆش شێت بووبێتی، هەندێک پارەی پێـدام کە بچم خواردن بکڕم بـۆ نەفەرەکـان. کە لەوسـەر گەڕامەوە، بینـیم سـێ نەفەری تـر خۆیـان کـرد بە شـوقەکەدا، کە چـوومە ژوورەوە کـاک (خەسرەو)م بینی لەگەڵ دوو کەسی تردا بوو، یەکەم جار بـوو ئەو دوو کەسە ببینم، کـاک خەسرەو وتـی: بەم زوانە وەجبەیەکـی تـر دێـت و هەمووتـان بەیەکەوە دەنێـرین بە یەختـی سـیاحی هەروەهـا بەڵێنـی ئەوەشی پێماندا کە (سـەباح)ی بـرای خـۆی بنێرێـت لەگەڵمانـدا، زۆر دڵنیای کردینەوە، کە وەجبەکە بەسـەلامەتی دەگـاتە جـێ، ئەوەش زۆر دڵی نەفەرەکـانی خۆشـکرد، بەداخەوە پێشـتر هەواڵـی خنکـانی سـێ

وەجبەمان بیستبوو هەموومان دەترساین و چونكە چارەنووسمان نادیار بوو.

ماوەی دوو ڕۆژ بوو مامۆستا محەمەد لە گۆشەیەكی ژوورەكەدا بە چیچكانەوە دادەنیشت و بە كوڵ دەگریا، و زۆر پەشیمان بوو لە هاتنی بۆ توركیا. بەڕاستی دیمەنێكی زۆر خەمباری هەبوو، دوو هاوڕێی خۆی كە لەگەڵ ئەودا هاتبوون ئەوانیش كەركوكی بوون كاك (ڕزگار) و كاك (ئازاد) هەردووكیان بە تەمەن لەو گەورەتر بوون، زۆر هەوڵیان لەگەڵدەدا بەڵام مامۆستا محەمەد هەر پێداگیری دەكرد كە بگەڕێتەوە و خۆی سنووررداش بكاتەوە. بەداخەوە بۆ ڕۆژی دواتر چوو خۆی ڕادەستی پۆلیس كرد و سنووررداش كرایەوە.

كاك ڕزگار و كاك ئازاد دوو پیاوی كامڵ و دنیا دیدە بوون، من زۆربەی كات لە نزیكی ئەوان دادەنیشتم و گوێم دەگرت لە قسەكانیان چونكە لەوانەوە زۆر شتی جوان فێر دەبووم، چیرۆك و ڕووداوی خۆشیان هەبوو بەردەوام بۆیەكیان دەگێڕایەوە، كاك ئازاد چوار برای هەبوو لە ئەڵمانیا دەژیان، خۆی برا گەورە بوو، هەموویان چاوەڕێی ئەویان دەكرد بەیەكەوە كۆببنەوە بەیەكەوە ژیان بەسەربەرن. زوو زوو براكانی تەلەفوینیان بۆ دەكرد، بەڵام كاك ڕزگار نازانم چی لێهات و بۆ چ وڵاتێك ڕۆشت.

لەدوای سێ ڕۆژ وەجبەیەک گەیشتە شوقەکە نـزیکەی بیسـت و پێـنج کەس دەبـوون. خەڵکـی زۆربەی شـار و شـارۆچکەکانی باشـووری کوردستانی تێدابوو. شوقەکە جمەی دەهـات لە نەفەر، تەنـانەت جێگـا نەمابوو بۆ دانیشتن، تەوالێت و حەمام بەرنەدەکەوت، لە چێشتخانەکەدا تەنها تەباخێکی بچوک هەبوو، دەبوایە کاتژمێرێک سەرە بگریـت هەتـا هێلکەو ڕۆنێک دروست بکەیت.

ئیدی دەنگە دەنگی نەفەرەکان خەریـک بـوو مێشـکمی بەردەدایەوە. ئەگەر هەر نەفەرێک تەنها یەک وشـەی بگوتبـایە دەبـوو بە ژاوە ژاوو، چونکە نزیکەی پەنجا نەفەر لەو شـوقە دوو ژووریەدا بـوون. لەوانەش خراپتر ئەوە بوو کە زۆربەی نەفەرەکان جگەرەکـێش بـوون. بەجـارێ پـانزە کەس جـگەرەی دەکێشـا بەیەکەوە، دەبـوو بە چـرە دووکەڵ و خەریک بوو دەخنکاین، زۆر بەی کات هەناسەم لێدەبڕا لە ناچاریـدا. لە نزیک پەنجەرەو دەرگاکەوە دادەنیشـتم. یـان دەچـوومە دەرەوە هەتـا هەناسەیەک هەڵبمژم.

دەمەو نیوەڕۆ بوو لە چێشتخانەکەدا بۆ بە شەڕ، دوو نەفەر بـوون بە هیچ نەدەوەستان. هەرچۆنێک بێت نەفەرەکان لەیەکیـان جیـاکردنەوە، هەردووکیان نەفەری وەجبە تازەکە بوون، یەکێکیـان گەنـج بـوو بەڵام ئەوی تریان کابرایەکی لاوازی ڕەشتاڵە بوو، هەموو سەر دەست و قـوڵ و نێوچاوانی خاڵ بوون لە شێوەی (تاتوو) تەمەنی لە چل ساڵ دەچـوو.

بە كوڕە گەنجەكەی وت: ( چوارم كوشتووە بە تۆوە ئەیـكەم بە پێـنج)، لاچۆ لەبەرچاوم، دیار بوو كابرا دوژمندار بوو.

بەڕاسـتی هەمـوو نەفەرەكـان بێـدەنگ بـوون، زۆر نـاخۆش بـوو كەوتبوومە ناو ئەو جۆرە كەسانە، شوقەكە وەك ژینگەیەكـی ترسـناك دەهاتە پێش چاوم، هەسـتێكی زۆر نـاخۆش بـوو، تـرس و دڵەڕاوكـێ كەوتە گیانمەوە، وام دەزانی بەسـەر ئاسـمانی دووركەیەكـدا دەفـڕم و لەناكـاو بـاڵم دەشـكێ و بەردەبمەوە بـۆ نـاو جەنگەڵێـك، كە پـڕە لە گیانەوەری درندە.

شەوێكیان لە تەنیشتی پەنجەرەكەوە دانیشـتبووم، كـوڕێكی خەڵكـی (سەیدسادق) لە نزیكی منەوە دانیشتبوو، گەنجێكـی زۆر بەڕێـز بـوو، لەگەڵ ئەوەی تەنیشتی بە چپە قسەیان دەكرد، باسـی ئـیش و كاریـان دەكرد و منیش گوێم لێگرتبـوون، وتـی: دواهەمـین ئـیش كە كـردم لە باڵەخانەیەك بوو لە نزیكی (مجمع دوائیر)ی سەیدسادق بوو، ئیشم بـۆ وەستایەك دەكرد زۆر بێ ویژدان بوو، مافی من و كرێكارەكانی تریشـی خـوارد، هەر دەسـتی دەسـتی پێـدەكردین هەر جـارە و بەهـانەیەكی دروست دەكرد بۆ ئەوەی ڕۆژانەكەم كەم كاتەوە، منیش تەحەمولم نەما و خەڵتانی خوێنم كرد، ڕامكرد بۆ سلێمانی و لەگەڵ ئەم وەجـبەیە هـاتم بۆ ئێرە، ئێستا نازانم كابرا ماوە یان مردووە، زۆر قەلەقی ئەوەم، ئەگینـا بەخەیاڵمدا نایەت غەریبی و ڕێگەی قاچاخ .

کە ئەو قسانەم بەر کوێ کەوت. یەکسەر خەیاڵم چوو بـۆ لای (وەسـتا سدیق) کە دراوسێمان بوو، کارگەی دارتاشی هەبوو. ئەتوانم بڵێم وەکـو باوک و برا وابوو، نەک لەگەڵ من، بەڵکو لەگەڵ هەموو کـوڕی گەڕەک و شاگردەکانی خۆی. پیاوێکی هەتا بڵێیت میهرەبان و دڵسۆزی ئیشـەکەی بوو. (وەستا سدیق) دروسـت کردنـی دەرگـاو پەنجەرەکـانی (مجمـع دوائیری) شارۆچکەی سەید سادقی بۆ دەرچوو بـوو، جـا هەر کاتێـک ئیشێکی وەردەگرت، ئیتر نەیدەهێڵا هیچ کەسێ لە کۆڵانەکەدا دانیشـێت و بێ ئیش بێـت هەمـووی کـۆ دەکـردەوە و هەر یەکەو ئیشـێکی بـۆ ئەدۆزیـیەوە. مـافی هەمـووی دەدا و فێـری کارەکەشـی دەکـردین، نیوەڕواز بە دەستی خۆی خواردنی بۆمان دروست دەکرد. ژینگەیەکـی ئەخولقاند وات هەسـت دەکـرد کە لە نـاو خێـزانەکەی خـۆتی نەک لەسەرکار.

نیودرۆیەکیان لە کاتی نانخواردن لێم پرسی: ئەرێ وەستا سـدیق تـۆ چۆن بوویت بەم پیاوە سەرکەوتووەی ئێستا؟

هەناسەیەکی هەڵکێشاو کەمێک بێدەنگ بوو، پاشـان وتـی: لە تەمەنـی تۆدا بووم وەستایەکم هەبوو. لەلای ئەو فێری ئـیش بـووم، لە بەیـانی هەتا دنیا تاریک دەبوو ئیشـم دەکـرد. دواتـر مـن و شـاگردەکانی تـر هەموومان بە یەک تەکسی دەگەڕاینەوە بـۆ مـاڵەوە. هەتـا ئەو کـاتەی بووم بە وەستا و بە باشی شارەزای ئیشەکە بـووم. ئەو ڕۆژەی کە وازم

لە ئیش هێنا لای ئەو وەستایەوە و ماڵئاوایم کرد، چووم بۆ خۆم کارگەیەکی دارتاشیم دانا، وەستاکەم هات و دەفتەرێکی گەورەی هێنا و کردیەوە. سەرم سوڕما چونکە ژمارەی هەموو ئەو تەکسییانەی تۆمارکردبوو، کە شەوانە پێی دەڕۆشتینەوە بۆ ماڵەوە. لەگەڵ ناوی شۆفێرەکە هەروەها کات و ڕۆژەکانی هەموو ئەو سێ ساڵەی کە ئیشم لەلا کردبوو، هەر هەمووی تۆمار کردبوو. دەفتەرەکەی داخست و پێی وتم: کوڕم ((ئەگەر بوویت بە وەستا و ڕۆژێک چەند کەسێک ئیشیان بۆ کردیت، هەوڵبدە وەکو باوکێک یان برایەکی باش مامەڵیان لەگەڵ بکە. هەتا ئەوانیش ڕێزی تۆ و ئیشەکەشت بگرن. ئینجا خوداش ئاگادارت دەبێت)). ئەو قسەیەم هەتا ئێستا وەکو ناوی خۆم لەبەر کردووە هەرگیز لە یادم ناچێت. وەستا سدیق، دەستی خستە سەر شانم و گوتی: تۆش وەکو من بکە ئیشەڵا دەگەیت بە ئامانجەکەت. هەرگیز کۆڵنەدەیت لە بەدیهێنانی خەونەکانت.

درەنگانی شەو بوو تەواڵێتەکە بەرنەدەکەوت و چوار کەس لە سەرەدا وەستا بوون، کوڕێکی تریش کە نەفەری کۆن بوو ناوی ( شاخەوان) بوو زۆر تەنگاو بوو خەریک بوو لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا شۆرتەکەی داکەنێت و گوو بکات. (شێخ عومەر) نەفەرێکی کۆن بوو لە هەموومان بەتەمەنتر بوو، ئەو سیانەمان بەیەکەوە چووینە دەرەوە لە شوقەکە، بە (شاخەوان)م وت: لە پەنای ئەو دیوارەدا خۆت بەتاڵ بکەرەوە کەس

دیار نییە و شەوە، بەڵام شێخ عومەر وتی: با بچینە نهـۆمی سـەرەوەی شـوقەکە بـزانین چ باسـە. لەوەتەی کە لێـرەم ئەوە دوو مـانگە لەم شوقەیەم، هەتـا ئێسـتا کەسـم لە نهـۆمی سـەرەوە نەبینیـووە و زۆر بێدەنگە، ئەو پێشمان کەوت و ئێمەش بەدوایدا، پەنجەرەیەکی شـکاند و چوویە ژوورەوە، لەناکاو دەرگای پێشەوەی کردەوە. کە چووینە ژوورە کەسی لێنەبوو، شاخەوان بە پەلە چوو بۆ تەوالێتەکە و لەوێ دانیشت. شێخ عومەر لە ژوورەکەی دواوە تەنهـا یەک گڵـۆپی هەڵکـرد و ژووری دانیشتنەکەش نیمچە ڕووناک بوو، وتی: هیچ گڵۆپێکی تر هەڵنەکەی. لە ژووری دانیشتنەکە لەسـەر قەنەفەیەک دانیشـت و لە تەنیشـتی خـۆی مێزێکی پان هەبوو، سندوقێکی بچکۆلەی تەختە لەسـەر مێـزەکە بـوو، سەرەکەی هەڵدایەوە جگەرەی چرووتی لە ناو بوو، یەکەمین جارم بـوو بەڕاسـتی ئەو جـگەرەیە ببیـنم، پێشـتر هەر لە فیلمەکانـدا بینیبـووم. دانەیەکی دەرکرد زۆر ئەستوور و گەورە، ڕەنگی قـاوەیی تـۆخ بـوو و نـای بەسـەر لێـوی و سـێ جـار گـڕی پێوەدەنـا بە چەرخەکەی هەر دانەدەگیرسا، وتی: ( ئەم باوە حیزە بۆ هەڵنابێت ئەڵێـی نەیـجەی تەڕە) ئەمجارەیان ئاگرەکەی لەسەر ڕاگرت و نەفەسی بە قـوڵی لێـدەدا هەتـا هەڵبوو. ئیدی پاڵیدایەوە و بۆ خۆی جگەرەی چرووتی دەکێشا.

لە بەرامبەر قەنەفەکان کتێبخانەیەکی بچوک هەبوو چەنـد کتێبێـک و گۆڤارێک هەبوو لەگەڵ ئەلبومێکی گەورەی وێنە دانرابـوو. کەوتبـوومە

هەڵدانەوەی کتێبەکان هیچی لێتێنەدەگەیشتم چونکە نەمدەتوانی زمانی تورکی بخوێنمەوە، هەندێک سەیری گۆڤارەکەشم کرد، دواتـر ئەلبـومە گەورەکەم هەڵگرت و دانیشتم لەسەر قەنەفەکە، بە ئیسرـاحەت ســەیرم دەکرد، چەند وێنەیەکی خێزانیم بینی و دواتر وێنەی سەفرە و ئاهەنــگ بوو، بەڵام کە گەشتمە ناوەڕاستی ئەلبومەکە توشی سەر سوڕمان بووم. چونکە خاوەن ماڵەکە سەربازێکی پلەدار بوو.

لە سەربازگە لەگەڵ کۆمەڵێک ئەفســەردا، چەنــدین وێــنەی جیــاوازی هەبوو. دواتر وێنەیەکم بینی بەتەواوی ڕایگرتم، دوانزە سەربازی پلەدار بوون بەیەکەوە و شێوەی یەکێکیان نــامۆ نەبــوو لەبەرچــاوم، هەســتم دەکرد پێشتر بینیبێتم، بیرم کردەوە کەمێــک وەســتام شــێوەی زۆر لەو سەربازە پلەدارە دەچوو کە لە سەربازگەکەی سنووری تورکیا و یۆنــان بینیم، ئەوەی کە چوومە ژوورەکەی و لەفە و ئــاو شــەربەتی پڕتەقــاڵی دامێ و نەستەلە و پسکیتەکانم خستە گیرفانمەوە، دواتــر بــردم بــۆ ئەو ژنەی کە لە برسا منــاڵەکەی دەگریــا. دڵنیـا نەبــووم کە ئەو ســەربازە پلەدارە خۆیەتی، بەڵام زۆر شــێوەی لەو دەچــوو، ئیــدی وەکــو ئەوەی کەسێک زلەیەکی میهرەبانانەی لێدابێتم، یەکسەر بەئاگا هاتمەوە. بەپەلە هەستامە سەرپێ و ئەلبومەکەم پیشانی شێخ عومەر داو گوتم: بــڕۆ بــا بڕۆین بەپەلە خاوەن ماڵەکە ئەمەیە. کە بینی هەر ئەژنۆی شــکا، وتــی:

بەدبەخت بووین، بەپەلە هاوارێکم لە(شاخەوان) کرد کە بێـتە دەرەوە لە تەوالێتەکە وتم: وەرە دەرەوە.

ـ وتی: ماڵت ئاوابێت، نەتهێڵا بەدڵی خۆم گوو بکەم

وتم: وەرە دەرەوە قوڕمان بۆ گێراوەتەوە، خاوەن ماڵ ئەفسەرێکی زابتە

ـ وتی: بەجدی؟ دەرگاکەی کردەوە و پەشۆکا بوو لە بیری چـوو ئـاوی پیا بکات

وتم: پەنجەیەک بنێ بە ئاوەکەدا بۆگەن کوشتمی

ـ وتی: نا.. نەکەی وازی لێبێنە و با هەر لە سیفۆنەکەدا بێت.

وتم: بـــۆ؟

ـ وتی: تـۆ شـایەت بە، ئەگەر ڕۆژێ گیـرام و سـنووورداش کـرامەوە و پرسیان، چیت کرد لە تورکیا؟ ((ئەڵێم گـووم کـردە مـاڵی ئەفسـەرێکی زابتی تورکەوە!)).

شێخ عومەر هاواری کرد وتـی: خێـراکەن کەی کـاتی ئەو قسـانەیە، وەرن با بڕۆین، ئەرێ ئەم کوردە بۆ ئاوایە، بچێتە هەر شـوێنێک، ئەبـێ گووی تێکات.

گەڕاینەوە بۆ شوقەکە و هەر بەدەم پێکەنینەوە باسی ڕووداوەکەمـان دەکرد و یەک دوانێک گوێیان لێبوو. یەکێکیـان وتـی: ئەوە لەسـەر ئەو مەسەلەی گووە، ڕۆژێکیان لە گەڕەکـی ئـێمە بـوو بە شـەڕ و فەرتەنە لەسەری نەوتا، ئەنجومەنەکەش هات و ئەیویسـت کێشـەکە چارەسـەر

بکات، بەڵام خەڵکەکە هەر دەنگە دەنگیان دەکرد، ئیتر ئەنجومەنەکەش زۆر تورەبوو لێی تێکچوو، گوتی: کەس بۆی نییە گوو بخوات لەخۆم زیاتر...

یەکێکی تریش کە لە تەنیشتی شێخ عومەر دانیشتبوو، کابرایەکی تارادەیەک بەتەمەن بوو، وتی: لەلای ئێمە جاران زێراب و ئاوەڕۆ نەبوو، بیرێکیان دەکرد لە ناو تەوالێتەکە و کە پڕ دەبوو لە گوو، ئینجا بە سەیارەیەک دەهاتن و بەتاڵیان دەکردەوە و بەتەنەکە حیسابەکەیان دەکرد، کابرایەک هەبوو لای ئێمە ئەو ئیشەی دەکرد، ڕۆژێک تەوالێتی ماڵێک پاک دەکاتەوە و خاوەن ماڵەکە پارەی دوو تەنەکە کەمتری دەداتێ، ئەویش ئەیکات بە دەنگە دەنگ لەگەڵ خاوەن ماڵ و پێی دەڵێت: ((تۆ بوویت بەو پیاوەی پارەی دوو تەنەکە گووی من بخۆیت؟)) لێو بەسەر ناچێت با ئەمە لە نێوانمان بمێنێت.

بەدەم پێکەنینەوە خەومان لێکەوت، دەمەو نیوەڕۆ بوو خەبەرم بوویەوە، کە هەستام و لەسەرەی حەمامدا وەستام نزیکەی دوو کاتژمێر چاوەڕێ بووم هەتا سەرەم هات و خۆم شۆرد. هەندێک لە نەفەرەکان پارەیان پێدام چووم لە دەرەوە خواردنم بۆ ئەوان بۆ خۆشم کڕی، من و شاخەوان و شێخ عومەر، لەیەک تاوەدا جگەری مریشکمان سوور کردەوە قاوەڵتیمان کرد، ئیدی بەدەم قسەکردنەوە، خەریک بوو دنیا تاریک دەبوو لە ناکاو، کاک (خەسرەو) لەگەڵ چوار کەسی تردا

هاتن بۆ شوقەكە، هەندێک ناویان نووسی و لەگەڵ نەفەرەکانی وەجبە تازەكەدا دانە دانە قسەيان دەكرد.

لە كۆتايدا بيست و پێنج نەفەريان جياكردەوە منيش يەكێک بووم لەوانە، دوو دوو بە هێمنی دەچووينە بەردەم دەرگا و سواری (دۆڵمش)ەكە دەبووين، جێگامان نەدەبوويەوە، هەموو بەسەريەكدا تليقاينەوە، لە ڕێگادا كە دەيدا لە تاسە و چاڵ و چۆڵی دەكەوتين بەسەر يەكدا. ئيدی هەموومان تەنگە نەفەس بووبووين خەريک بوو دەخنكاين، يەكێک جنێوی دەدا و يەكێكی تر كفری دەكرد و بەڵام زۆربەيان دوعايان دەكرد و لەخودا دەپاڕانەوە.

نزيكەی سێ كاتژمێر دۆڵمشەكە دەڕۆشت و لە جێگەيەكدا وەستا، كە دابەزيتين دنيا تەواو تاريک بوو چاو چاوی نەدەبينی بەڵام كەش و هەوا خۆش بوو، بەردەمی خۆمان نەدەبينی، زوو زوو بەريەک دەكەوتين. كەسێک لە پێشمانەوە دەڕۆشت بە لايتەوە، جار جارە دەيگوت: سەرتان دانەوێنن و نزيكەی بيست خولەک بە پێ ڕۆشتين هەتا گەشتينە بەردەم كەناری دەرياكە. لەوێ يەختێكی مامناوەند لە كەنارەكەدا لەنگەری گرتبوو، دوو قات بوو كە چووومە پێشەوە قاتی خوارەوە پڕ بوو لە نەفەر، ديار بوو پێش ئێمەش لە شوقەيەكی ترەوە وەجبەيەكی تريش هاتبوون بۆ ناو يەختەكە.

نــزیکەی پەنجــا نەفەر دەبــووین چــوار خێــزانیش لە بەرامبەرمــان دانیشتبوون، ئیدی پەختەکە لە شوێنی خۆی جوڵا، کــاتژمێری یەکەم بە هێواشی دەڕۆشت، بەڵام دواتر بە خێرایــی کەوتە ڕێ، نــزیکەی هەشــت کاتژمێر بەڕێوە بوو دواتر لە کەنارێک وەستا و دابەزیتــین، دنیــا تەواو ڕووناک بوو، دوو دوو بەدوای یەکدا دەڕۆشتین، چەندین کەسی لێبــوو کە تەرەفی ڕێبەرەکە بوون لەسەر خاکی ئەسینا چاوەڕێی ئێمەبوون.

کوڕێکی گەنج هات و بەخێرهاتنی کردین وتی: ئێرە ئەسینایە و ئێســتا بە پاس دەچین بۆ ناو شار. هەر خۆی بلیتی پاسی بڕی و سواری پــاس بــووین، هەمــوو نەفەرەکــان بەیەکەوە نەبــوون، هەر کۆمەڵێــک و چاوساغێک چاودێری دەکردین، هەتا گەشتینە ناو شار، لە شوێنێک ئێمە دابەزیتین و بەپیادە پێــنج خــولەک ڕۆشــتین و چــووینە نــاو مــاڵێکی کۆنەوە، دیار بوو شوێنی تەسفییەی نەفەرەکــان بــوو، ئیــدی ئەو ڕۆژە لەو ماڵە ماینەوە بۆ ڕۆژی دواتر نەفەر لە دوای نەفەر ئــازاد دەکــرا، کە دڵنیا دەبوونەوە لەوەی پارەکەی وەرگیراوە لە لایەن ڕێبەرەکەوە.

کوڕێک تەلەفونێکی پێبوو، ناوی منی دەهێنــا چەنــد جارێــک و چــووم بۆلای کە قسەم لەگەڵ کرد کاکم لەســەر هێــڵ بــوو. ناونیشــانەکەی لە کوڕەکە وەرگرت و هات بەدوامــدا لە دوای ســێ ســاڵ کــاکم بینــیەوە، هەستێکی زۆر خۆش بوو پێناسە ناکرێــت، باوەشــمان کــرد بەیەکــدا و تەلەفونەکەی دامێ کە وەڵامم دایەوە دایکم لەسەر هێڵ بوو لەخۆشــیان

نەيدەزانى چـى دەڵێـت، ئيـتر تەلەفـونەكەى دا بە بـاوكم، لەگەڵ ئەودا قســەم كــرد و تەواو ئاســودە بــوون كە گەيشــتوومەتە دەســتى بــرا گەورەكەم.

# ســـــاڵی (٢٠٠١)

ئەسینا پایەختی یۆنان

# ـ ٢١ ـ

# گەڕان بەدوای پارووەیەکدا

ئەو کاتەی برا گەورەکەم بینی و قسەمان کـرد، هەر لەیەکەم بینـین و یەکەمین وشەیەوە لەوە تێگەیشتم کە ئەو کوڕەی جاران نەماوە، ئەوەی من پێشبینیم دەکـرد وەهـا دەرنەچـوو، ئەو زۆر مانـدوو دەردەکەوت، ماندووی دەسـتی ڕۆژگـار و تاڵییەکـانی غەریبـی و گرفتـاری ژیـان. دەمزانی کە چەند خەمی بۆ من خـواردووە و هەمیشـە دڵـی لەلای مـن بووە، بە تەواوی ڕوخساری شێوابوو، لەبەر خۆیەوە هەر قسەی دەکـرد و دەسـتی دەجوڵانـد، وەکـو ئەوەی کە شـتێکی یـان حسـابێکی لـێ تێکچووبێت. ئیتر کەوتە هەواڵ پرسینی ماڵەوە بەتایبەتی دایک و باوکم، زۆر بەلامەوە سەیر بوو، لە دڵی خۆمدا گوتم: کاکم بۆ ئاوای لێهـاتووە؟ هیچ بیر ناکاتەوە، وادەزانێت من دوێنێ لەماڵەوە هاتووم، هێشتا ئاگادار نییە لەوەی من یەک ساڵ لە تورکیا بووم و لەوان دابـڕاوم، لە ناچاریـدا وتم: سوپاس بۆ خودا زۆر باشن و لە هیچیـان کەم نیـیە و بەس دڵیـان لەلای تۆیە و بیرت ئەکەن، دایکم بەردەوام نزات بۆ دەکات.

تەلەفونێکی بۆ هات و لەگەڵ کەسێکدا قسەی دەکرد، بە قسەکانیدا بۆم دەرکەوت کە نیوەی پارەکەیان لە ئەسینا داوە بە ڕێبەرەکان و نیوەکەی تریشی لە کوردستان، بە هاوڕێکەی وت: سوپاس بۆ خـودا پارەکەمـان

ئامادەكرد، ماڵی كاك خەلیل و شێرزاد ئاوابێت هاوكاریان كردم و پێنج سەد دۆلاریان بەقەرز دامێ بە هەمووییەوە دوو هەزار دۆلارمان دا بە قاچاخچییەكە. ئیتر نهێنی گەیشتنم بە ئەسینا بۆ ئاشكرا بوو، لە كوردستان باوكم هەزار دۆلاری قەرز كردبوو، كاكیشم لە ئەسینا خۆی هەندێک پارەی هەبوو هەندێكی تریشی قەرز كردبوو، هەتا كۆی پارەكەیان دابین كردبوو.

لەو چركەساتەدا لەوە تێگەیشتم، ئەركە قورسەكەی من لێرەوە دەست پێدەكات، دەبێت بەزووترین كات ئیشێک بدۆزمەوە و ئەو پارەیە بگەڕێنمەوە، بۆ ماڵەوە و بۆ كاكم، دەبێت بوونی خۆم بە كردار بسەلمێنم، چونكە كاكم بە هاوڕێكەی وت: ئێستا دەگەینەوە ماڵەوە دەیبینن و خۆتان بڕیار بدەن، بزانە ئەو منداڵە هی ئەو ڕێگەیەیە؟ مەعقولە پانزە ساڵێک بچێتە شوقەی قاچاخچی و تێكەڵی دەیان كەسی خراپ ببێت؟ حەمە گیان خۆت باش دەزانیت من چیم لێهات و توشی چ دەردە سەرییەک بووم لە توركیا و كە گەشتمە ئێرەش، ڕووبەڕووی چەند شەڕ و ئاژاوە بوومەوە لە شوقەی تەسفییە خۆت ئەزانیت چی ڕوویدا، بەهەر حاڵ ئەوە ئێستا سواری پاس دەبین و بەڕێ دەكەوین بۆ ماڵەوە.

لە ناو پاسەكەدا كاكم هەر ئامۆژگاری دەكردم، و دەیگوت: كە گەیشتینە ماڵەوە هاوڕێكانمت پێدەناسێنم، هەموویان كوڕی باش و زۆربەیان

دەناسیت، چونكە كوڕى گەڕەكى خۆمانن، دەبێت تۆش زۆر بە وریـایی قسە بكەیت و ڕێز لە هەموویان بگریت. ئەگەر شتێكت نەزانی هەمیشـە پرسیار بكەیت. لە ڕاستیدا كاكم سێ ساڵ بوو منی نەبینیبـوو، ئەو هەر وایدەزانی ئەو كوڕە منداڵەم كە پێشتر جێی هێڵابـووم. هەر بە هەمـان شێوەی ئەو كاتە قسەی لەگەڵ دەكردم كە پێش ئەوەی سـەفەر بكـات. هێشتا هەر بە عەقڵی منداڵەكەی جاران مامەڵەی لەگەڵ دەكردم.

ئەوەندە خەمبار و سەرقاڵ بوو هەر پرسیاریشی نەكرد. ژیانـت چـۆن بووە لە ئەستەمبوڵ. بەلامەوە سەیر بوو. لە دڵی خۆمـدا گـوتم: دەبێـت ئارامم هەبێت، چونكە دەزانم لێرەوە قۆناغێكی تری ژیـانی مـن دەسـت پێدەكات. دەبێت منیش لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا خۆم بگونجێنم.

لە پاسەكە دابەزین و پێنج خولەک بە پیادە ڕۆیشتین. لەبەردەم ماڵێک وەستا كە ڕەنگی سپی بوو، حەوشەی نەبوو، دەرگـای دەرەوەی تەنهـا نیـو مەتـر لە پیـادەڕەوەكەوە دوور بـوو. چـووینە ژوورەوە، هەمـوو هاوڕێكانی كاكم بە گەرمی پێشوازیان لێكـردم، هەنـدێكیان باوەشـیان پیاكردم و ماچیانكردم. بە گەرم و گوڕی و قسـە شـیرینەكانیانی ئەوان ساردی و خەم و ئازاری ئەو ڕێـگەیەم بیرچـوویەوە. چـوار كەسـیانم دەناسییەوە چونكە كوڕی گەڕەكی خۆمـان بـوون. بەڕاسـتی ئەوەنـدە دڵخۆش بووم هەستم دەكـرد لە كـۆڵانەكەی خۆمـانم و پیاسـە دەكەم، لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بە شەرمێک دەكرد لە سوچێكدا لەسەر قەنەفەكە

دانیشتم، ئیتر هەموو هاوڕێکانی کاکم گاڵتە و قسەی خۆشـیان دەکـرد هەروەک ئەوکاتەی کە لە گەڕەکی خۆمان بوون. منیش هەر باسی کـاک ئومێدم بۆ دەکردن.

ماڵەکە دوو ژوور و مەتبەخ و حەمـام و تەوالێـت بـوو، حەوت کەس لەوێ دەژیان، بە منەوە بووبوو بە هەشت کەس. نانی ئێوارەمان خـوارد و لە تیڤـیەکە گـۆرانیەکی زۆر خـۆش بـوو، لە یەکـێکم پرسـی ئەو هونەرمەندە ناوی چییە؟ وتی: (سفاکیاناکیس).

هیچ لە گۆرانیەکە تێنەدەگەیشتم بەڵام ئاواز و مۆسیقاکەی زۆر خۆش بـوو، گـۆرانیەکە نـاوی (ماتیـاموو) بـوو. لەگەڵ ئەو سـۆزی دەنگـی (سفاکیانکیس) چووبوومە دنیای خەیاڵاوییەکەی خۆمەوە و سەفەرێکم کرد بۆ لای هەژان بەیەکەوە دانیشتبووین لەسەر ڕۆخی دەریا، سـەیری چاوەکـانی یەکترمـان دەکـرد و گـوێمان بـۆ شـەپۆلەکانی دەریـا هەڵخستبوو، دواتر بەیەکەوە هەسـتاین و پیاسـەمان دەکـرد لە ناکـاو (هەژان)م لێ ون بوو.

کاک عومەر گوتی: دەی فەرموون ئەوە خـواردنەکە ئامـادەبوو، دیـار بوو ئەو ڕۆژە سەرە خەفەریاتی ئەو بوو. ئەو شەوە بە قسەی خۆش و هەواڵ پرسین و باسی کوڕ و کچی گەڕەک کاتەکەمان بردە سـەر هەتـا خەومان لێکەوت.

بۆ سبەی کە خەبەرم بوویەوە کاتژمێر نۆ بوو، تەنها یەک کەس لەماڵ بوو، ئەویش نەخۆش بوو، نەیتوانی بوو بڕوات بۆ ئیش، نەفەرەکانی تر هەموویان چوو بوون بۆ سەر کار. منیش خۆم کۆکردەوە چوومەوە ناو چێشتخانەکەوە دەستم کرد بە قاپ شۆردن و پاکردنەوەی کون کەلەبەری چێشتخانەکە، دواتر چووم ژووری دانیشتنەکەم کۆکردەوە گسکم لێدا و دەستم کرد بە پاکردنەوە، تەنانەت پەنجەرە و ڕەفە و تاق و هەموو شوێنێکم پاک دەکردەوە، نزیکەی چوار کاتژمێر بەردەوام بووم هەتا تەواو بووم. دواتر چووم خۆم شۆرد و نانێکم خوارد و سەیری تەلەفیزیۆنم دەکرد. تەلەفونێکی مۆبایل هەبوو لەماڵەکەدا، ئەو مۆبایلە هی هەموو نەفەرەکان بوو، ژمارەی ئەو مۆبایلە لای کەس و کاری هەموویان هەبوو. لەناکاو تەلەفونێک هات بۆ مۆبایلەکە، وەڵامم دایەوە کاکم بوو، وتی: سێ کاتژمێری تر دێمەوە و خواردنت بۆ دروست ئەکەم ئێستا شتێک بخۆ و بە برسێتی دامەنیشە.

ئەو کوڕەی کە لە ماڵەوە حاڵی زۆر پەرێشان بوو ناوی (دیار) بوو، ئازارێکی زۆری هەبوو لە بەشی خوارەوەی پشتیدا، ئیتر نەیدەتوانی بجوڵێت تەنانەت نەیدەتوانی بچێت بۆ تەوالێتیش، لەلای دانیشتم و پرسیارم لێدەکرد سەبارەت بە نەفەرەکان و چۆنێتی ژیان و ئیش و خەفەریاتیان و زۆر شتی تریشی بۆ ڕوون کردمەوە، ئەوەی کە زۆر گرینگ بوو، ئەوە بوو کە پێی گوتم: چ شتێک نەفەرەکان دڵخۆش دەکات

و هەروەها بە چی شتێک پەست و بێتاقەت ئەبن. ئیدی منــیش کەمێــک دانیشتم بە تەنها و بیرم کردەوە کە دەبێت چی بکەم، بۆ ئەوەی شــوێنی خۆم بکەمەوە لە دڵی هەموویانــدا نەک بە تەنهــا کــاکم. زۆر بە باشــی تێگەیشتم کە دەبێت چی بکەم.

دەمە و ئێوارە بوو ســەلاجەکەم کــردەوە، کیلــۆیەک گۆشــتی نەرمەی تیابوو، لەخوارەوەش عەلاگەیەک بامێی تەڕ، یەکسەر بڕیارم دا کە برنج و بامێ بە گۆشتەوە دروست بکەم بــۆ هەموویــان. ئیــدی نەفەرەکــان هــاتنەوە یەک لە دوای یەک، و دوای دە خــولەک کاکیشــم گەشــتەوەماڵەوە، هەموویان سەیری یەکیــان دەکــرد، ئەچــوونە چێشــتخانەکە و دەهاتنەوە ژوورەوە و بە کاک (دیار)یان دەگوت: یــاخوا ئەودەســتانەت خۆش بێت، ئەویش هەر پێدەکەنی و هەر چــی ئــازاری پشــتی هەبــوو هەمووی بیرچووبوویەوە لە پێکەنینــدا. دواتــر کــاکم خــۆی گــۆڕی و هەموویان دانیشتن، کاک دیار بە قنەخشــکێ هــاتە ژووری دانیشــتن و گوتی: ئەبێت سوپاسی ئەو مێردمنداڵە بکەن، ئەو خواردنەکەی دروســت کردووە، جێگەی باوەڕ نەبوو بۆیان، کاکم چــوو مەنجەڵەکــانی هێنــا و خواردنەکانی کردە قاپەوە و هەموویان بەدڵیــان بــوو، منــیش دڵخــۆش بووم، هەستم دەکرد زۆر لەوە زیاتر لە دڵیاندا جــێگەم بــۆتەوە، لەوەی کە خۆم پێشبینیم دەکرد. و دواتر هاتنە سەر باسی پاک و خــاوێنی مــاڵ

و زۆر کەیف خۆش بوون و کاکیشم بەو حـاڵ و وەزعە دڵخـۆش بـوو، کەیفی دەکرد و چای لەسەر چایمان دەخواردەوە.

بۆ شەوەکەی بە هێمنی، چوومە تەنیشتی کاکم و وتم: مـن دەمەوێـت ئیش بکەم. چونکە خۆت وەزعـی مـاڵەوە ئەزانیـت چـۆنە و دواتـریش ئەبێت بە زووترین کـات ئەو پـارەیە بگەڕێنیـنەوە کە قەرزت کـردووە، سەیرێکی کردم و وتی: خۆشحاڵم کە دەبینم گەورە بوویت و ئەفامیـت، لە سبەینێ وە پرسیارت بۆ دەکەم، هەتا بتوانم ئیشێکت بـۆ بـدۆزمەوە، خەمت نەبێت ئیش هەر دەبێت.

بۆ ڕۆژی دواتر کە شەممە بوو، هەموویـان لە مـاڵەوە بـوون چـونکە ڕۆژانـی شـەممە و یەک شـەممە کەس نەدەچـوو بـۆ ئـیش، هەمـوو پشوویان بوو، هەموو دانیشـتبوون و سـەیری تەلەفیزیۆنیـان دەکـرد. دەفتەرە بچووکەکەم هێنا و دانیشتم منیش لەلایان و بۆخـۆم ڕاهێنـانم دەکرد لەسەر زمان، کەوتبوومەوە خەیاڵی ئەو کـاتەی کە لە شـوقەکەدا لەگەڵ کاک (شاسوار) دادەنیشتم و قسەمان دەکرد بە یۆنانی، لە ناکـاو لەدەمم دەرچوو ڕستەیەکم گوت بە دەنگـی بەرز، ئەوەی کە لەو زوورە دانیشتبوو سەیری ئەکردم و بەیەکەوە دایان لە قاقـای پێکەنـین. کـاک (تەها) کورێکی زۆر قسە خۆش بوو، لە تەنیشـتی مـنەوە دانیشـتبوو، شـتەکانی بینـی چەنـد پرسـیارێکی لێکـرد منـیش بە یۆنـانی وەڵامـم دەدایەوە، ئیتر کاکم حەپەسا بوو، ئەوە چی ڕوودەدات ئەو کوڕە سێیەم

ڕۆژێتى لە یۆنان و کەمێک یۆنانى فێر بووە، کاک تەها وتى: مـاوەیەکى تر ئەدا بەلاماندا و ئەبێت ئـێمە دواى بکەویـن، لە ڕاسـتیدا هەموویـان کەیف خۆش بوون بەو شتە لەهەمان کاتـدا شـتێکى پێکەنینـاوى بـوو بۆیان. بە کاکم گـوت: کـوڕێکم ناسـیووە لە تورکیـا و زمـانى یۆنـانى زانیووە و ئیتر ئەو یارمەتى داوم و هەتا توانییومە، ئەو تـۆزە یۆنـانییە فێر ببم.

بە هۆى ئەوەى کە تۆزێک یۆنانیم دەزانى و شەرمم نەدەکرد و قسـەم دەکرد، کاکم یەکسەر توانى ئیشێکم بۆ بدۆزێتەوە، بۆ ماوەى سێ مانگ، هەر جارەوە لە شوێنێک ئیشم دەکرد، مـاوەیەى دوو هەفـتە کرێکـاریم دەکرد لەگەڵ وەستایەکى کاشى. دواتر لەگەڵ دوو کەسى تـردا چـووین بۆ (دوورگەى زاگنتۆس) لەوێ لە ڕەزى ترێ ئیشیمان دەکـرد، تـرێمان لێدەکردەوە و دەمانخستە ناو سەتڵ و دواتر دەمانبردە نـاو ژوورێکـى ساردەوە، بۆ ئێوارەکەى جیامان دەکردەوە، باشەکەیمان دەخسـتە نـاو سندوقى پلاسکۆ و دەچوو بۆ مارکێت بۆ فرۆشتن. ئەو بۆڵانەى کە شـل و خراپ بوو، دەمانخستە ناو سەتڵێکى گەورەوە دەیاننارد بۆ دروسـت کردنى شەراب. دەنکە وردەکانیشمان دەخستە ناو تەشتێکەوە و لەسەر گوێنى دامان دەنا لەبەر هەتاوەکە بۆ ئەوەى وشـک بێـتەوە بـۆ مێـوژ، ئەو ئیشەمان تەواو کرد و گەڕاینەوە بۆ ئەسینا بۆ لاى کـاکم و کـوڕانى گەڕەک.

ماوەی دوو هەفتەیەک لەگەڵ بۆیاخچییەک ئیشم دەکرد و هۆتێلێکمان بۆیـــاخکرد نـــاوەوە و دەرەوەی. ئینجـــا مـــاوەی مانـــگ و نیوێـــک لە گەڕەکی(ئامۆنیا)* چایچی بووم لە (مەطعەم عەبـدولا)، لە ئەسـینا هەر ئەو چێشتخانە کوردیەی لێبوو ئەو سەردەمە.

هەر لەو ڕۆژەی کە دەگەیشتمە ئەسینا، خەیاڵم ئاسـودە بـوو، چـونکە موشـکیلەی سـنووورداش و پۆلیسـم نەمـا. ئیـدی ئیشـکردنیش وەکـو وەرزشێک بوو لەلام، چونکە من هەر لە منالّیەوە ئیشـم کردبـوو، ئەگەر هەفتەیەک بەبێ ئیش دابنیشـتمایە گیـانم ئەکەوتە ئـازار و هەسـتم بە ماندوویەتی دەکرد، ئیشکردن چوو بووە نـاو خـوێنمەوە. هەتـا زیـاتر ئیشم دەکرد، زیاتر ئاسودە و دڵخۆش و چالاکتر دەبووم.

کاک (پشکۆ) کوڕێک بوو لەگەڵ ئێمە دەژیا، بڕیاریدا کە سەفەر بکات بۆ ئیتالیا، منـیش ئیشـەکەیم لێکـڕیەوە بە سـەد دۆلار. لەو سـەردەمە خەڵکی ئیشی دەکڕی بە سەد یان دوو سەد دۆلار، کە دەیوسـت سـەفەر بکات بـۆ ئیتالیـا ئیشـەکەی فرۆشـتەوە. دوای سـێ ڕۆژ کـاک پشـکۆ سەفەری کرد و منیش چوومە جێگە ئیشیکەی ئەو، شـەقامێکی گشـتی دوو ساید بوو لە نێوان شەقامەکەدا (جەزرا وەسەطی) هەبـوو دەبـوایە من ئەو چیمەنە باریکە پاک بـکەمەوە و بەیانیـانیش ئـاوی چـیمەنەکە بدەم کە زیاتر بە پانزە کیلۆمەتر دەبوو. ئیشەکەم ئاسان بـوو، مـن هەر یەکەم ڕۆژم زەحمەت بوو هەر ئەوەندەی شتەکان فێر بووم ئیتر، هـیچ

*(ئامۆنیا):سەنتەری شاری ئەسینایە.

هەستم نەدەكرد لەسەر كـار بـم زۆر پێـی دڵخـۆش بـووم و هەفتـانە پارەمان وەردەگرت موچەیەكی باشمان هەبوو بۆ هەفـتەیە (دوو سـەد) دۆلارم هەبوو.

ماوەی چەند مانگێک تێپەڕی و مـن هەر بە ئیشـەوە خەریـک بـووم، هەموو شتێک هەر وەک خـۆی بـوو و كـاتیش بە خێرایـی تێـدەپەڕی. ڕۆژێک تەلەفونمان بۆ هات لە لەندەنەوە (مامۆستا هێمن) بوو، ئەویـش كوڕی گەڕەكی خۆمان بوو زۆر خۆشەویست بوو لەلام، هەواڵی پێـداین كە سێ كوڕی تری گەڕەكی خۆمان گەشتوونەتە ئەسینا. یەكسەر كـاک (فەرەیدون و عومەر و شیروان) لەماڵەوە بە خۆشـحاڵییەوە چـوون بە شوێنیاندا و لەوسەرەوە هەموویـان بەیەكەوە هـاتنەوە بـۆ مـاڵەوە، بە بینینی كـاک (دڵشـاد، بەهـمەن و هیـدایەت) زۆر دڵخـۆش بـووم، كە هەمووی مانگێک بوو لە كوردستانەوە هاتبوون، ئەگەر چی هەموویـان هاوتەمەنی كاكم بوون، بەڵام هیچ هەستم بە جیاوازی تەمەن نەدەكـرد، چونكە هەر وەكو هاوتەمەنی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەكردم. مـاڵەكە ڕێک بوو بە (زەرگەتە) و گەڕەكـی خۆمـان، ئیـتر سـوعبەت و قسـەی خۆش و پێكەنین هەر تەواو نەدەبـوو... بەڵام ئەوان تەنهـا مـاوەیەكی كورت مانەوە لە ئەسینا، بە خێرایی هەموویان سەفەریان كرد، هەرچـی قسەی خۆش و پێكەنین یادگاری هەبوو لەگەڵ خۆیاندا بردیان.

## - ٢٢ -

# نامەکەی ئازاد

هەستەکەم زۆربەی کات لەبەر خۆمەوە ورێنە دەکەم، دەبێت باسی شتێک بکەم، بەس نازانم لە کام وشە و بە چ پیتێک دەست پێبکەم، ژیانی من زۆر ئاڵۆزبوو، پڕ پڕ بوو لە لۆچ، هەموو یادگارییەکانیشم پڕ بوو لە ڕووداوی ناخۆش و چاوەڕوان نەکراو. ئەو خۆشییەی کە هەمبوو لە ئەسینا تەنها پێنج مانگی خایاند، ئیتر کاکم توشی جۆرێک لە نەخۆشی خەمۆکی بووبوو، بە تەواوی ساردبوو بوویەوە لە ژیان و ڕۆژ بە ڕۆژ دۆخی خراپتر دەبوو. لەگەڵ کاک (خەلیل) ی هاوڕێمان قسەم کرد و پلانێکمان دانا، کە بە زووترین کات سەفەر بکات و چیتر لە ئەسینا نەمێنێتەو، چونکە دەمزانی ئیتر حەوسەڵەی مانەوەی لە ئەسینا نەمابوو، ئەوە پارەی کە لەوماوەیەدا کۆمکردبوویەوە دام بە قاچاخچی بۆ کاکم، ئەگەرچی کاکم خۆشی هەندێک پارەی پێبوو، بەڵام هەر بەشی مەسرەفی ڕێگەکەی دەکرد. دوو نەفەری تریش لەو ماڵەکە لە گەڵمان دەژیان، لەگەڵ ئەو وەجبەیەی کاکم سەفەریان کرد، لە ڕێگەی ئەلبانیاوە ڕۆشتن بۆ ئیتاڵیا، خۆشبەختانە بە ماوەی هەفتەیەک گەیشتنە ئیتاڵیا و ئیتر ئاهێک بە دڵمدا هات. بەڵام ئەوەی کە نیگەرانی دەکردم، قسەی ئەو خەڵکە بوو کە لە نزیکەوە ئێمەیان نەدەناسی،

قسەی سەیر و سەمەرەیان دەکرد، دەیـان گـوت: خـۆی ڕۆشـت و بـرا بچـوکەکەی لێـرە جێهـێڵاوە، ئەوان هـیچ لە حـاڵ و ژیـانی ئـێمە تێنەدەگەیشـتن، بەداخەوە کەس لە دەردی کەس تێناگـات. بە تـایبەتی سێ نەفەری تر هاتبوون لەو مـاڵەدا لەگەڵـمان دەژیـان زۆر بێـزارکەر بوون.

لە دوای ئەوەی کاکم سەفەری کرد، من هەر سـەرقاڵی ئـیش بـووم و بیرم لە هیچی تر نەدەکردەوە، گوێم لە قسەی کەس نەدەگـرت، سـەری خۆم کز کردبوو و هەرچیان دەگوت بەبای خەیاڵمدا نەدەهـات، چـونکە من هەر کاتێک شتێک دەکەم بە قەناعەتەوە ئەو شـتە دەکەم لەبەر ئەوە ناترسم لە ئەنجامەکەی، هەرچییەک بێت پێی قـایلم، تەنـانەت ئەگەر لە دژی خۆشم بێت.

ئێوارەی شەممە بوو لە تەسجیلەکەوە دەنگـی گـۆرانیەکی (عەباسـی کەمەندی) ئەهـاتە گـوێمەوە و هاوڕێکانیشـم بەدەنـگە ناخۆشـەکەی خۆیان دەیانووتەوە وەکو کۆرس.

باوکم فاکسێکی بۆ ناردبووم دەمخوێنـدەوە و کەوتبـوومەوە داڵـغەوە، لەوکاتەدا دەرگاکە کرایەوە و سەرم هەڵبڕی کاک(ئازاد) بوو، ئەو وەکـو برا گەورە وابوو بۆم، لە تەنیای و غەریبیدا هاوڕێیەکی باش لە سەد بـرا و خزم باشترە! باوکم وەهای نووسیبوو لە فاکسـەکەدا. لە گۆشـەیەکی ژوورەکەدا بە بێدەنگی دانیشت و سەیری دەکردم وەکو ئەوەی بیەوێـت

شتێک بڵێت، لە چاوەکانی سەدان وشەم دەخوێندەوە لەنێو دەروونی ئاڵۆسکاوی.

چاییەکم دروست کرد و کۆپێک (چا)م بۆ خۆم و کوپێکم بۆ کاک (ئازاد) برد و دانشتین، لێم پرسی کە بۆ دڵتەنگ دیاریت و بیر لەچی دەکەیتەوە؟

ـ بە هەنسکێکی قوڵەوە وتی: بڕیارم داوە هەتا دوو مانگی تر، سەفەر بکەم بۆ ئیتاڵیا و لەوێشەوە بۆ بەریتانیا، کە گەشتمە ئەوێ، هەوڵێکیش دەدەم بۆ تۆ هەتا لە ئەسینا نەمێنیتەوە. منیش فاکسەکەم بۆ خوێندەوە کە باوکم بۆی ناردبووم زۆر خۆشحاڵ بوو، نوسرابوو (هیچ نیگەران نیم کە کوڕەکەم لە غەریبیدایە، چونکە ئێستا دەزانم هاوڕێیەکی دڵسۆزی هەیە کە لە برا باشترە، وە سوپاسی خودا دەکەم کە تۆی مرۆڤ دۆست هەیت، خودا هەردووکتان بپارێزێت).

چاییەکەی تەواو کرد و کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان وتی: من وەک تۆ نەبووم!. لە کوردستان ژیانێکی خۆشم هەبوو لە هیچم کەم نەبوو، هەر لە سەرەتای لاوێتیمەوە لە گەڕەکەکەی خۆمان عاشقی دروسێیەکمان بووم، ناوی (کۆچەر) بوو. ئەو کاتە من زۆر شەرمن بووم، لەڕووم نەدەهات بچم و باسی خۆشەویستی خۆمی بۆ بکەم، ئەو هەمیشە بە چاوی سەیری دەکردم و زەردەخەنەیەکی بۆ دەکردم، ڕۆژێکیان

نــامەیەكم بــۆ نووســیبوو زۆر بە دڵ ڕازانــدبوومەوە و دام بە كچێكــی پۆرزام كە هاوپۆلی ئەو بوو لە زانكۆ هەتا بیگەیەنێت بە ئەو.

پتر لە مانگێك چاوەڕێی نامەكەم دەكرد هەر وەڵامی نەبوو. بەداخەوە ئێوارەیەك خوشكەكەم خۆی گۆڕیبوو، وتی: دەچم بۆ ماڵی ئەو كــچەی دراوسێیەمان، ئێستا مارەی دەكەن لە كوڕێك، وەك ئەڵێن پــانزدە ســاڵ لەخۆی گەورەترە، نازانم بۆ ئامادەبووە شوو بەو پیاوە پیــرە بكــات، لە كاتێكــدا ئەم شــارە پــڕە لە كــوڕی گەنــج و جــوان، ڕەنــگە هەر لەبەر ئەوەبێت كە لە ئەوروپا هاتۆتەوە!.

كە گوێم لەو قسەیە بوو زرمەیەك لە دڵمەوە هات!، ئەوە ناخۆشــترین ڕۆژی ژیانم بوو، كە هەرگیز لەیادم ناچێتەوە.

نازانم چۆن كاتم بەڕێدەكرد، پاش چەند ڕۆژێك بینیم هەر خۆی بــوو، ئەگەر چی من مەست بــووم بەردەوام و هەر (مەی)م دەمخــواردەوە لە مەیخانەكان. بەتەواوی نزیكببوومەوە لەوەی كە ئالودەی ئەلكهول بــبم. چوومە بەردەمی (كۆچەر) و وتم: بۆ وەڵامی نامەكەت نەدامەوە؟

ـ وتی: نامەی چی؟ باسی چی دەكەی؟

وتم: بە (هاوناز)ی پورزام نامەیەكم بۆ ناردیت كە باسی خۆشەویســتی خۆم بۆ كردبووی بۆ وەڵامت نەبوو؟

بەبێ دەنگی تەماشای عەرزەكەی دەكرد، من زۆر پەست بووم خەریــك بــوو لە پێســتی خــۆم ئەهــاتمە دەردەوە، هەڵــئەلەرزیم وەكــو تەرزە

بەرزدەبوومەوە، نەمدەتوانی کۆنترۆڵی خۆم بکەم، چـونکە دەمویسـت قسەیەک بکات، وەلێ ئەو هەر بێدەنگ بوو هەناسەی هەڵئەکێشا، پاسان

ـ وتی: (ئازاد) گوێبگرە تۆ دوو جار هەڵەت کردووە!

پێم بڵێ بۆ من دووجار هەڵەم کردووە؟

تازە هەرچی بڵێم فایدەی نییە!..

من دڵم کەفی دەکرد و ئەویـش بە حەسرەتەوە قسـەی لەدەم ئەهـاتە دەرەوە، (ئازاد) شتێک هەیە ئەبێت بیزانیت. ئێستا ئەزانـم کە نازانیـت! بەڵام وەکو وتم: تازە فایدەی نییە، باسی هەرشتێکیشت بۆ بکەم، چونکە لەوانەیە بڕوام پێ نەکەیت.

یەکەم: تۆ هەڵەت کرد کە نامەی خۆشەویسـتی بـۆ مـن دەنێریـت بە کەسێکدا کە خودی خۆی خۆشیدەوێیت! بۆ نازانیت؟ (هاوناز) عاشـقی تۆیە! سەدان جار بەخۆمی ووتووە، کە چەند بە تین بـۆ تـۆ لە نـاخەوە دەسووتێت.

دووەم: تـۆ کاتێـک هـاتووی لەگەڵ مـن قسـە دەکەی، زۆر درەنـگە هەموو شتێک کۆتایی هاتووە! ( ئازاد) بڕوا بـکە منـیش تـۆم، لە دڵەوە خۆشدەوێت و بەئاواتەوە بووم کە بە دەنگی تـۆ گـوێم لێبێـت بڵێیـت: خۆشمدەوێیت، هەمیشە تۆم لە خەیاڵدا بووە، و بیرم لە تۆ کردۆتەوە، کە ڕۆژێک بێت و دەسم بگریـت و بەیەکەوە پیاسـە بکەیـن، حەزم دەکـرد هەتا مردن بەیەکەوە لەژێر سەقفێکدا ژیانمان بکردایـا، ئـازاد ئەوەنـدە

چاوەڕێم کردیت و هەر دەنگت نەبوو، لە چاوەڕوانی ڕازی تۆدا هەرچی جوانی عەشق هەیە مرد و لەناوچوو، بەڵام حەیف ئێستا هاتووی کە من لە ژیانی کەسێکی تردام، خۆزگە ئەم قسەیەم هەر گوێ لێنەبوایە لە زاری خۆتەوە، هەر بە بێدەنگی بمایتایەتەوە، چونکە ئێستا تۆ ژیانی منیشت تاڵ کرد، ئەزانی هەندێک شت هەیە لە دنیادا هەر بە بێدەنگی جوانە، ئەمجارەشیان حەیف بۆ تۆ، هەوڵبدە من لە بیربکەیت، ئیتر حەز ناکەم بتبینمەوە و جارێکی تریش نمایشم بۆ مەکە، دەبینم ماوەیە خۆت کردووە بە دیوانە و ئازادەکەی جاران نەماویت، بە هیوام هەر لە چاوی مندا ئاوابیت، کۆچەر ئاوای گوت و جێیهێشتم، من لەو جێگەیەدا ئەژنۆکانم شکا بوو، نەمدەتوانی هەنگاو بنێم، ئاوا بوو لەو ڕۆژە و لەو جێگەیە ژیانی من بوو بە قەفەس، دەڕۆم بۆ دوور، هەتا بتوانم دوور دەڕۆم بۆ ئەوەی جارێکی تر، چاوم بە چاوی کۆچەر نەکەوێتەوە.

لەگەڵ فرمێسکەکانی کاک ئازاد، منیش کەوتمەوە بیری (هەژان) و دابڕانم لەو عەشقە خێرایە، منیش دەگریام، بەس باسی هەژانم بۆ کەس نەدەکرد، چونکە دەمزانی کە بینینەوەی مەحاڵە و باشتر وایە لە بیری بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو منی وەکو برایەک خۆشدەویست، هیچ هەستێکی نەبوو بۆم، ئەو گڕ و تینە تەنها لە ناخی مندا بوو.

لە دوای سەفەری کاکم، ماوەی دوو مانگ بوو هەر ئیشم دەکرد، شـەش سەد دۆلارم کۆکردبوویەوە و توانیم کۆی ئەو پـارەیە بگەڕێـنمەوە بـۆ کاک(ئازاد) کە بە قەرز لێم وەرگرتبوو بۆ هاوکاری ماڵەوە ناردمەوە.
لە دوای دوو هەفتە کاک ئازاد سەفەری کرد بۆ ئیتاڵیا و دواتر ڕۆشت بۆ فەڕەنسا پاشان بۆ بەریتانیا، لە دوای مانگێک لە بەریتانیـاوە تەلەفـونی بۆ کردین و هەموومان دڵخۆش بووین بەو هەواڵە.

# - ٢٣ -

# پاسی ژمارە (٧٠٣)

هەموو شتەکان زۆر بە خێرای ڕوویدا، کە دەرگـای سـاردکەرەوەکەم کردەوە و وێنەکەی (ماریا)م بینی!، بەرچاوم ڕەش بوو، ئاگـام لەخـۆم نەما و پەرداخەکە لەدەستم کەوتەخـوارەوە و وەکـو دڵـم وردو خـاش بوو...

هێتفۆنەکەم کردە گوێم و گۆرانی سەید عەلـی ئەزغەری کوردسـتانی بـوو: (ئەی ڕەفیقـانی تەریـقەت، دەردی عیشـقم چـارەکەن.) دەمەو کازیوەی بەرەبەیان بوو، بەڕێکەوتم بەرەو وێستگەی (ئیگالیۆ)* پاسـی ژمارە (٧٠٣)، بۆسەر کار، بەنەرمی ئەو گەڵایانە دەکەوتە سەرشـانم کە تژی بوون لە شەونم، کە گەشتمە وێستگەکە، هەمان ئەو کچەم بینی کە هەموو ڕۆژێ بە نیگای چاوەکانی سـڵاوێکی لێـدەکردم و منـیش دڵـم ئەکەوتە تەپە تەپ، هەمیشـە لەوە دەترسـام بڵێـت: خەڵکـی کوێیـت و پیشەت چییە؟

بەڵام ئەم جارەیان زۆر پەشۆکابوو، هات بەرەو ڕووم و پرسی:

کاتژمێر چەندە؟

ڕوانیمە کاتژمێرەکەم وتم: پێنج خولەکی دەوێت بۆ حەوت.

ئاهێک بە دڵیدا هات وتی: تۆ بۆ زانکۆ دەچیت؟

---

*( ئیگالیۆ ):گەڕەکێکە لەشاری ئەسینا.

من بە زەردەخەنەیەکەوە وتم: خۆزگە! کەمێک ڕوانــی و بێـدەنگ بـوو، پاشان پرسی: ئەی بۆ کوێ دەچیت؟ هەموو سپێدەیەک لە هەمان کـات، لەگەڵ مندا سواری هەمان پاسی ژمارە (٧٠٣) دەبیت؟

ووتم: دەچم بۆ سەر کار

باشترین شت ئەوەبوو کە نەیپرسی کارەکەت چییە؟ چونکە ئەوکات زۆر نیگەران دەبووم، وەلێ بەڕوویەکی خۆشەوە وتی: من ناوم (ماریا)یە و خۆشحاڵم بە ناسینت.

وتم: ناوم (ڕزگار)ە، لەوکاتەدا پاسـەکە هـات و لە تەنیشـتی یەکەوە دانیشتین، ئەو بوو بەسەرەتایی یەکتر ناسـینمان، بـۆ ڕۆژی دواتـر کە یەکمان بینی زیاتر گفتووگۆمان کـرد، ئەو بە هێواشـی قسـەی دەکـرد چونکە دەیزانـی زمـانی وڵاتەکەی ئەو بەباشـی نـازانم، هێـدی هێـدی لەبارەی حەز و ئارەزووەکانمانەوە قسەمان دەکرد. لەسەر ڕۆژنامەیەک ژمارەی تەلەفونەکەی خۆی بۆ نووسـیم و دای بە دەسـتم، مـن زووتـر دادەبەزیم چونکە شوێنی کارەکەم لەو جێگەیە نزیکبوو.

نەمدەتوانی بە یۆنانی یان بە ئینگلیـزی نـامە بنوسـم، ناچـار بـووم تەلەفونی بۆ بکەم، ئێوارەکەی و بەو زمانە شەق و شڕەی خـۆم کەوتمە گفتوگۆ و دڵیشم تەپە تەپی بوو وام هەستم دەکـرد لە سـەربانێکەوە بە زۆر فـڕێم دەدەنە خـوارەوە، چـونکە یەکەم جـارم بـوو لە ژیانمـدا بە ئازادی لەگەڵ کچێکدا گفتوگۆ بـکەم، ئەگەرچـی لەنـاخەوە مـن ئـازاد

نەبووم. هێشتا دەرباز نەبوو بــووم لەخەمــی نەبینیــنەوەی (هەژان) و گرفتەکانی ژیــان و ئەو شــەرمەی کە لە کوردســتان لە ناخمــدا ڕەگــی کوتابوو بەرامبەر بە کچ.

ماوەی چەند ڕۆژێکم بەخۆشی بەسەر برد بــۆیەکەمین جــار بــوو لە ژیانمدا هەست بە بوونی خۆم بکەم، بەردەوام ئەچوومە بەردەم ئــاوێنە و لەخۆم دەڕوانی و حەزم ئەکــرد ڕیــش بتاشــم بەڵام خــۆ مــن ڕیشــم پڕنەبوویەوە تۆزێک سمێڵم هەبوو لەگەڵ هەندێک مــووی لاجانگەکــانم زیــادی کردبــوو تــازە تەمەنــم بووبــوو بە حەڤــدە ســاڵ. لە قــوڵایی داڵغەدابووم کە زەنگی تەلەفونەکەم لێیدا، وەڵام دایەوە باوکم بــوو دوای سڵاو هەواڵ پرسین گوتی: کوڕم هیمەتێک بکە و بڕێــک پــارە بنێــرەوە، ئیتر پرسیارم نەکرد بۆچی، چونکە خۆم بەباشی دۆخــی مــاڵی خۆمــانم دەزانی چۆنە، ئەوان هەموو هیوایەکیان بە من بوو.

لە هاوڕێیەکم هەندێک پارەم قەرز کردو ناردمەوە بۆ مــاڵەوە، پاشــان بڕیارمدا کە ئەو دوو ڕۆژەی پشووم هەیە لە کارەکەی خــۆم، شــەممە و یەک شەممە بچم بۆ مەیدانی کرێکارەکان بۆ ئەوەی لەوێ کــارێکی تــر بکەم و بە زووترین کات قەرزی هاوڕێکەم بگەڕێنمەوە چونکە ئەویــش پێویستی بەپارەبوو دوای مانگێکی تــر ســەفەری دەکــرد بــۆ ئیتاڵیــا و لەوێشەوە بۆ فەڕنسا و بەریتانیا.

مەیدانی کرێکاران لە نزیکی مـاڵی ئـێمە بـوو. هێـدی هێـدی بە پیـادە ڕۆشتم نزیکەی بیست خولەک دەبوو گەشتمە مەیدانەکە. ڕۆژی شەممە کاتژمێر هەشتی بەیانی بوو، هەر ئۆتۆمبێلێـک دەوەسـتا، هەتـا ئـاوڕم دەدایەوە دەیـان کەس لەدەوری کۆدەبـوونەوە. لەسـەرەتاوە زۆر نائومێدبووم لەو ڕاکە ڕاکە، گوتم گەر بەم شێوەیە بێت کە دەیبیـنم ئەوا مەحاڵە هەتا یەک ساڵی تری ئیشێکم دەست بکەوێت. چـونکە زیـاتر لە دوو سەد کرێکار وەستابوون هەموو کـوڕی گەنـج. خەڵکـی چەنـدین وڵاتی لێبوو وەک عەرەب، فـارس، ئەلبـانی، ئەفغـانی، بەنگلادیشـی، و چەندینی تریش بەڵام ڕێژە زۆرەکەی کورد بوو.

سەرم پڕ بوو لە ژاوەژاو، هەتاوەکەش زۆر بەتـین بـوو، بەتەواوەتـی گێژ ببووم خەریک بوو دەکەوتم. دەستم ئەلەزی لە برسا. دڵـم خەریـک بوو دادەکەوت. دەمەو نیوەڕۆ بـوو، لە نزیکـی مەیـدانەکە کۆشـکێکی بچوکی لێبوو، شەربەتێک و پاکەتێک پسکیتم کڕی و خواردم.

لە ناکاو مینی ڤانێکی کۆن لەبەدەمم وەستا و ووتی: ئیش دەکەی؟ ئەوەندە دڵخۆش بووم، بەبێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە دەرگاکەم کردەوە و سوار بووم:

وتم: بەڵێ: بەبێ ئەوەی بپرسم مافی ماندووبوونی مـن چەنـدە و چـی کارێک دەکەی، هیچ پرسیارم نەکـرد و بێـدەنگ بـووم، هەر بیـرم لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەو پارەیە بە خێرایی بگەڕێنمەوە بۆ هاوڕێکەم.

شۆفێرەکە وتی: من ناوم (یۆرگـۆ)یە و وەسـتای سیسـتەمی گەرمـی و کارەباییم، ئێستا دەچین بۆ ماڵێک شەش زەیتیـان هەیە دەبێـت بۆیـان دابنێین.

وتم: بە دڵنیایەوە تۆ هەر فەرمانێک دەکەی من جێبەجێـی دەکەم، لەو قسانەدا بوین و لەبەردەم ماڵێکی مامناوەند وەستا

ـ وتی: دەرگای دواوە بکەرەوە ئەو کەلوپەلانە دابگـرە و لە حەوشـەکە دایبنێ کە چوومە ژوورەوە خاوەن ماڵەکە ژنێک بوو تەمەنـی نـزیکەی پەنجا ساڵ دەبوو، پشتی چەماوە و بە ئاسانی هەسـتت بەو خەمە قـوڵە دەکرد کە لە ناخیدایە، سیمای ژنێکـی زۆر شـەکەت و کڵـۆڵی هەبـوو، پرچی کورت و ماشو برنجی بـوو، دوو چـاوی سـەوز هەر لە دوورەوە ئەدرەوشانەوە، ئەوەندە بە هێمنی قسەی دەکـرد، پێشـوازی لێکـردم بە ڕوویەکی خۆشەوە، کەلوپەلەکانم دانا.

ـ پرسی: چی دەخۆیەتەوە؟ گوتم تەنها ئاو

وەلێ ئەو کۆفی و پسکیت و دوو پەرداخ ئاوی ساردی لەسـەر سـینیەک هێنا و دایە دەستم، بەڵام من ئەوەندە شەرمم دەکـرد لەڕووم نەدەهـات سەربەرز بکەمەوە، وام هەست دەکرد یەکەم جـارە کە دەچـمە مـاڵێکی نامۆ، ماوەی دوو کاتژمێر بەبێ وچان کارمان کرد، پاشان وەستا یۆرگـۆ

ـ گوتی: نیو کاتژمێر پشوو دەدەیـن و نانێـک دەخـۆین، ژنەکە لەسـەر سـینییەک سـەموونی گەرم و پەنیـر و تەمـاتەوە زەیتـوون و مرەبـای

گێلاسی بۆ دانایین، لەکاتی نان خواردن وەستا یۆرگۆ لە منی پرسی:
خەڵکی کوێیت؟
من کوردم.
ـ وتی: کوردی تورکیا؟ ئێران؟ سوریا یان عێراق؟
من لە شوێنی خۆمەوە حەپەسام! لە دڵی خۆمدا وامگوت:
تۆ بڵێی ئەمە مامۆستای جوگرافیا بێت؟ یان سیخوڕی دەزگای هەواڵگری؟
ـ وتی: کوردی هەموو بەشەکان کاریان لەگەڵم کردووە و من هەندێک زانیاریم هەیە لەبارەی کوردستان، ئێوەم زۆر خۆش دەوێت و دەزانم کارەساتی ناخۆش بەسەرتاندا هاتووە و ئێوە گەلێکی ستەم لێکراون.
لەو کاتەدا سەرم هەڵبڕی لە ژووری نوستنەکە هەمووی ڕەسمی حەزرەتی مریم و هێمای و خاچی و مەسیح بوو، دیار بوو ماڵێکی زۆر دیندار بوون لە ناوەڕاستی وێنەکاندا وێنەی دەریاوانێکی گەنجی خوێن گەرم هەڵواسرابوو، کوڕێکی قژی ڕەشی چاو سەوزی ئەسمەر شێوەی زۆر لە کەسێک دەچوو، هەرچەن بیرم دەکردەوە ئەو کەسە نەدەهاتە خەیاڵم.
دەستمان کردەوە بە کارکردن سێ کاتژمێر بەردەوام بووین بە بێ وەستان چاڵمان هەڵکەند بۆ هەموو بۆریەکان و بەشێوەیەکی باش و لەسەر ئەو نەخشەیەی کە وەستا(یۆرگۆ) دەستنیشانی کردبوو، پاشان

هەموو زەیتێکانمان دابەش کرد، یەکێــک لە ژووری نوســتن، یەکێــک لە ڕاڕەوەکە، یەکێــک لە حەمــام و تەوالێــت و دووان لە ژووری دانشــتن و ئــاخر دانە لە چێشــتخانەکەدا. هەموویانمــان بەســت بە دیــوارەکەوە بۆرییەکانمان بۆ ڕاکێشا، بەڕاستی هەردووکــمان زۆر مانــدوو بــووین، بەبێ وەستان کارمان دەکرد. پاشان بیست خــولەک پشــوومان هەبــوو، ژنەکە دیسان هاتەوە بۆ لامان.

تۆ چی دەخۆیت کوڕەکەم؟

وتم: هەرچیبێت دەیخۆم.

- وتی: ئایا تۆ موسوڵمانیت؟

وتم: بەڵێ.

بەدەم هەناسەیەکی قوڵەوە گوتی: دەزانم کە موسڵمان بەراز و ئەلکهول ناخوات.

لەفەی مریشــک و کۆکــا کــۆلایەکی بــۆ مــن هێنــاو و لەفەی بەراز و بیرەیەکی بۆ وەستا (یۆرگۆ) هێنا، پشوومان داو نانمان خــوارد، پاشــان دەستمان کردەوە بەکار و مــن چیمەنتــۆم گــرتەوە بــۆ پڕکــردنەوە ئەو چاڵانەی هەڵمان کەندبوو، بە ســێ کــاتژمێر هەمــوو کارەکانمــان تەواو کرد، لە کۆتاییدا زۆر تینووم بوو، لە خاوەن ماڵەکەم پرسی چــۆن بتــوانم ئاو بخۆمەوە؟

- وتی:ساردکەرەوەکە لەچێشتخانەکەدایە دەتوانیت لەوێ ئاوبخۆیتەوە.

منیش بەرەوە ساردکەرەوەکە (سەلاجە) ڕۆشتم و ویستم دەرگاکەی بکەمەوە، وەلێ سەرم سوڕما و زرمەیەک لە دڵمەوە هات، وەک ئەوەی توشی کارەساتێکی دڵتەزێن هاتبێنم! چونکە وێنەی (ماریا)م بینی لەسەر دەرگای (سەلاجە)کە. ئەو (ماریا)یەی کە هەفتەی پێنج جار بەیانیان لە کاتژمێر حەوت دەمبینی لە شوێنی وەستانی پاسکە و دواتر بەیەکەوە سواری پاسی ژمارە (٧٠٣) دەبووین!. پەرداخێکی بەتاڵ بەدەستمەوە بوو لەدەستم کەوتە خوارەوە، ژنەکە لەگەڵ وەستا (یۆرگۆ) سەرقاڵ بوو گفتوگۆیان دەکرد لەبارەی چۆنێتی کاردنی زەیتێکان، ئیتر بەرەو لای من هاتن بە پەرۆشەوە.

وتیان: تۆ باشیت؟

من ساکا بووم لەو کاتەدا ویستم شووشەکان کۆبکەمەوە بەڵام پەنجەی خۆم بڕی: هەوڵمدا خۆم ئاسایی بکەمەوە و هەموو کەلوپەلەکانمان بردەوە ناو مینی ڤانەکە و لەدەرەوە وەستا بووم، ژنەکە هات بۆلام و عەلاکەیەکی بۆن خۆشی دایە دەستم دیار بوو جل و بەرگ بوو بەڵام نەمکردەوە هەر چۆن دایپێم ئاوا هەڵمگرت، و سوپاسم کرد و چووم لە ناو مینی ڤانەکە دانیشتم و لەگەڵ وەستا (یۆرگۆ) بەڕێ کەوتین، بۆ ماندوویەتی ئەو ڕۆژ، دوانزە هەزار (دراخما)ی داپێم کە ئەو بڕە پارەیە زۆر زیاتر بوو لە ڕۆژانەی کرێکارێک. ئەوەندە دڵخۆش بووم هەرچی هیلاکی ئەو ڕۆژە بوو هەمووم بیر چوویەوە.

بەرێ كەوتم بۆ مـاڵەوە و عەلاگە بـۆن خۆشـەكەم بەدەسـتەوە بـوو. ئەوەندە دەروونم ماندوو سەرم پـڕ بـوو لە ژاوەژاوە و شـەكەت بـووم بەدەم داڵخەوە ئاگام لە خۆم نەمابوو. بەرەو ماڵەوە هەنگاوم دەنـا هەر لە دوورەوە گوێم لە دەنگە دەنـگ بـوو، زانـیم كە بە كـوردی جنێـو بە یەكتری دەدەن، گەشتمە ماڵەوە هاوڕێكانم لەناو خۆیاندا شەڕیان بـوو كە لە هەمان ماڵ لەگەڵم دەژیان، هات و هاواریان بوو دەرو دراوسـێش سەیری ئەكردین وەكو سینەمامان لێهاتبوو! هەرچـی قسـەی نـاشرینە بەیەكیـان دەدا و زوو زوو وەكـو كەڵەشـێر بـۆیەك هەڵدەسـتان و دەیانویست لەیەكتری بدەن.!

لە مـاڵ چـوومە دەرەوە و لەبەردەم دەرگـای دەرەوە دانیشـتم، هەناسەیەكی هێند قوڵ هەڵمژی خەریـك بـوو دڵ و ڕووحـم بەتەواوی بێتەدەرەوە و بەدەم حەسرەتێكی پڕ ئـازارەوە دەمگـوت: خـودایە كەی ئەم شەڕە كۆتای دێت كە كورد لەنـاو خۆیانـدا دەیـكەن، خـودایە كەی كورد واز لەیەكتر دەهێنن و لەبری شـەڕ و ئـاژاوە بـۆ پشـتگیری یەك ناكەن، خودایە كەی ڕق و كینەی ناخی مـرۆڤ تەواو دەبێـت. هەنـدێك مرۆڤ ناخی ئەوەندە پیسـە دەبێـت زوو زوو ئەو پیسـاییەی نـاخی لە ئەدەبخانە بەتاڵ كاتەوە. ئیتر من هەچـی ئەو ڕۆژە ڕوویـدا بـوو بیـرم چوویەوە بەداخەوە. ئەو شەوە هەرچۆنێك بێت لەناو ئاپۆڕای ئەو شەڕ و هەرایە، من كە كفت و شەكەت بووم نوستم.

بۆ سبەی درەنگ بە ئاگا هاتمەوە بۆ کارەکەی خۆم ڕۆشتم لە وێستگەی (ئیگالێۆ) (ماریا)م بینی، بە ڕوویەکی خۆشەوە هات و قسەی کرد

ـ وتی: دەمێکە چاوەڕێتم بۆ دواکەوتیت؟

وتم: ببوورە درەنگ خەبەرم بوویەوە

ژوانێکمان دانا کە ڕۆژی شەممە ئێوارەکەی یەکتری ببینین لە پارکی (ئۆڵمپیاکۆس). کە ڕۆژی شەممە هات، نازانم چۆن کارەکەم تەواو بوو، من هەر خەیاڵم لەلای ئەوە بوو کە چۆن خۆم ئامادەبکەم بۆ ژوانەکەمان و دڵیشم تەپە تەپی بوو، ئیدی لە دوای (هەژان) ئەو یەکەمین کەس بوو کە خەریک بوو دڵمی دەبرد بۆ خۆی، بەڵام بەباشی هەستم بەوە دەکرد کە ئەو چەن مەیلی بۆ من هەیە، کە گەشتمەوە ماڵەوە چوومە گەرماوەکە و ئاوێکم کرد بەخۆمدا، نەمدەزانی چ جلێک لەبەر بکەم لە ڕاستیدا هیچ جلێکی وەها سەرنج ڕاکێشم نەبوو...

داوای پانتۆڵ و کراسێکم لە هاوڕێکەم کرد.

ـ وتی: ببورە تازە شۆردومە و تەڕە، زۆر نیگەران بووم.

چوار عەلاگەی گەورە لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا دانرابوو، پڕ بوون لە جل و بەرگ و پێڵاو، هەمووی تێکەڵ ببوون بەسەریەکدا، تەماشای دانەیەکیانم کرد، هەمووی چاکەت و پانتۆڵی کابۆی بوو. ئەوەی دووەمیان دوو بلوس و سێ کراسی جوانی گران بەها و دوو پانتۆڵی تیا بوو، هەمووی وەکو ئەوە وەها بوو کە منت بردبێتە دوکانەکەوە بە دڵی

من و بۆ بەری من کڕاون. زۆر زۆر دڵم خۆش بـوو نەمـدەزانی کامیـان لەبەر بکەم، ئەوەندە جلەکان جوان و قەشـەنگ و بـۆن خـۆش بـوون. پانتۆڵێکی سپی و کراسـێکی ئاودامـانی بێجـیم لە عەلاگەکە دەرکـرد و لەبەرم کرد، بەڕاستی زۆر جوان بوون. پێڵاوێکی تازەی ڕەشـم هەبـوو ئەگەرچی تەسک بوو بەپێم و ئازاری زۆری پـاژنەمی دەدا، بەڵام لەپـێم کرد و لەگەڵ جلەکاندا زۆر جوان ڕێکدەکەوتن. لەو کـاتەدا تەلەفـونێکم بۆ هات، (ماریا) بوو چاوەڕێی منی دەکـرد، بە پەلە پەل کەوتمە ڕێ بـۆ پارکی (ئۆڵمپیاکۆس)، لەڕێگادا بەدەم خۆمەوە قسەم دەکرد و ڕاهێنـانم دەکـرد کە چـۆن قسـە بـکەم و باسـی چـی بـکەم و چـۆن وەڵامـی پرسیارەکانی بدەمەوە، بینیم لە کافتریای تەنیشتی پارکەکە دانیشـتووە و منیش چووم بەرامبەری و سڵاوم لێکرد و دانیشتم.

وتـم: ببـورە کە دواکەوتـم، بەڵام ئەو بەجۆرێـک نیگـای منـی کـرد لەسەرمەوە هەتا بەرپێم بە بێدەنگی و هیچی نەگوت، لە دڵی خۆمدا وتم لەوانەیە زۆر دەمێک بێت چاوەڕێی منی کردبێت.

لەوکاتەدا گارسـۆنەکە هـات، هەردووکـمان فـوراپێمان داواکـرد بەر لەوەی کە خواردنەوەکان بێـت بۆمـان، دەمویسـت بـزانم بـۆچی لـێم نیگەرانە؟

پرسیم: چی ڕوویداوە؟

ـ وتی: هیچ نەبووە، بەڵام من کۆڵم نەدا و زۆرم لێکرد کە قسە بکات

پاش وەستانێکی زۆر بە بێدەنگی ئینجا وتی: جلەکانت!

مــن ســەیری دەوروبەری خــۆم کــرد و هــیچ هەڵەیەکــم نەدەدی وام دەزانی باڵندە پیسایی پیاکردووم یان شــوێنێکم دڕا بێــت، بەڵام هەمــوو شتەکان ئاسایی بوو.

وتم: دەتوانیت تێمبگەیەنیت جلەکانم چییەتی؟

ـ وتی: نازانیت؟

وتم: نەخێر دڵنیابە.

ـ وتی: تکایە ئەگەر جارێکی تر یەکمان بینی ئەم جلانە لەبەر مەکە؟

منیش وتم: بۆ؟

ـ وتی: چونکە ئەوە جلەکانی (میخایل)ی برامە.

بەڕاستی من لە شوێنی خۆمەوە سەرم سوڕما!

بەدەم هەناســەیەکی ســاردەو و دڵێکــی پــڕ لە حەسرەتەو وتــی: ئەو جلانەی کە لە بەری تۆدایە هی براکەمە، سەربازی هێزی دەریــای بــوو ساڵێک بەر لە ئێســتا لە ســنووری نێــوان یۆنــان و تورکیــا بەدەســتی تورکەکان بەبێ تــاوان کــوژرا. هەمــوو هەفــتەیەک خــۆم ئەو جــلانەم شۆردووە و ئووتــوومکردووە، لەبەر ئەوە هەر بــۆنی براکەمــی لێــدێت تکایە ئیتر ئەوە جلانە لەبەر مەکە.

پاشان من بیری ئەو ژنە خەمباری خاوەن مــاڵەکەم کەوتەوە کە کــارم بۆ کردبوون و لە فێنکەرەوەکەیان وێنەی (ماریــا)م بینــی و لە کۆتــایی

كارەكەدا عەلاگەیەك جلی دامێ، لەگەڵ هەندێك جلی هاوڕێكانم تـێكەڵ ببوو، من وام دەزانی هی هاوڕێكانمە، بەڵام نەمزانی ئەو جلەكـانە هـی (میخایل) ی برای مارپایەو دایكی وەكو چاكە و خێر بەخشـی بەمـن كە بەدەستی سەربازی توركی كوژرابوو، هەر بۆیە باسی موسـوڵمانی بـۆ كـردم و لەبـارەیەوە زانیـاری هەبـوو، ئەگەرچـی زۆر بە میهرەبـانی مامەڵەی دەكرد لەگەڵمدا.

منیش لە شوێنی خۆم هەستام و (ماریا)م جێ هێشت، ویستم هەمـوو شتێك لە بیری خۆم بەرمەوە، بەڵام نەمتوانی!.

## - ٢٤ -

# لە دوای ماریا

ماوەیەک توشی کەئابە بووبووم، هاورێکانم لەماڵەوە زۆر بە هەستیاری مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم، بەردەوام هەستم دەکرد سەرم پڕە لە وشە و ناتوانم دەریببڕم، زۆربەی کاتەکان بە گریان و هەڵرشتنی فرمێسک ناخی خۆم بەتاڵ دەکردەوە، بەڵام ئەوەندە دڵم شکا بوو، ئەو برینانەی سەر دڵم بە هیچ هەتوانێک سارێژ نەدەبوو. پارکێکی بچووک هەبوو لە نزیکی ماڵەکەمان، شێوان کە لە ئیش دەگەڕامەوە، زۆربەی کات دەچووم لەوێ دادەنیشتم بە تەنها و بۆخۆم بیرم دەکردەوە، شەوانەش هەر دەچووم لەوێ پاڵدەکەوتم لەسەر چیمەنەکە و چاوم دەبڕییە مانگ و ئەستێرەکان. بێدەنگییەکی زۆر قوڵ باڵی کێشا بەسەر پارکەکەدا، هەستم دەکرد لەو بێدەنگیەدا دەتوانم کەمێک پشوو بدەم، سەدان پرسیار لەسەرمدا دروست بووبوو، ئەمە چارەنووسە یان قەدەرە؟ ژیانی من بۆ ئەوەندە ئاڵۆزە و پڕ کارەساتە؟ هەتا کەی ئەمە بەشی من دەبێت لەم ژیانە؟ ئەرێ ژیانی خەڵکیش وەهایە؟ یان ئەمە سزای دۆزەخە و لەم ژیانەدا وەریدەگرم، دەی بۆ دەبێت بە ئازار و خەم و ژان مەحکوم بم، چ تاوانێکم ئەنجامداوە، کە شایەنی ئەو سزا بەردەوامە بم، وەڵامی هیچیانم بۆ نەدەدرایەوە، هەوڵمدەدا خۆم

دڵخۆش بکەم و خۆم گێل بـکەم لەوەی کە ڕوودەدات، بەڵام دەچـوومە هەر کوێ شتەکان وەکو فیلمێک دەهاتە بەرچاوم. لە کۆتایـدا بە خـۆمم گوت: دەی خەم لە چی بخۆم، من هیچم نییە هەتـا بیـدۆڕێنم، لەوەتەی هەم هەروا بووم، ئەمە شتێکی تازە نییە لە ژیانی منـدا، گرینـگ ئەوەیە کە جارێ هەناسە دەدەم، هێشتا تروسکایی هیوا ماوە بۆ ئەوەی گـۆڕان لە ژیانی مندا ڕووبدات، لەو شوێنەی کە نەمتـوانی هەناسـە بـدەم، لەو جێگەیە ژیان کۆتایی دێت.

کاک فەهمی، پیاوێکی زۆر بەڕێز بوو، دوای سەفەری کاکم هـاتە ئەو ماڵە و لەگەڵ ئێمە دەژیا، زۆر منی خۆشدەویسـت، ئێوارەیەکیـان داوای لێکردم کە پاکەتێک جگەرەی بۆ بکڕم لەو دوکانەی کە لە نزیکـی مـاڵی خۆمـان بـوو، کە ڕۆیشـتمە دەرەوە دالـغەم ڕۆیشـت و هەر وەکـو ئێوارەکـانی تـر چـووم لە پـارکەکە دەنیشـتم. لە ناکـاو کەسـێک لە تەنیشتمەوە و دانیشت لە دالغەکەم دایبڕیم کاک فەهمی بوو، سـەیرێکی کردم و وتی: زۆر بۆت گەڕاین دڵمان لات بـوو، دەمـێکە ڕۆشـتوویت و نەگەڕایتەتەوە، چیـت لێبەسـەر هـاتووە؟ مـاوەیەکی کەمە کە ئێـوەم ناسیووە، بەڵام لەم ماوە کەمەدا تۆ زۆر گۆڕاویت، ئەو کـوڕە نەماویـت کە بەردەوام وەکو نموونەیەکی باش و جوان باسیان دەکردیت، ئەزانـی تۆ لە هەمووومان ئـازاتر و گرجوگـۆڵتر بوویـت، بەس نـازانم بـۆ ئـاوا گۆڕاویت؟ ئەگەر کێشەیەکت هەیە، بە مـن بڵـێ، بـا هاوکاریـت بـکەم،

بەڵێنت پێدەدەم لەلای كەس باسی نەكەم، سەیرێكم كرد و هیچم نەگوت.

هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشا و بە حەسرەتێكەوە سەیری ئاسمانی دەكرد، پاشان چوو بۆ دوكانەكەی بەرامبەر پاركەكە و دوو ئایسكرێم و پاكەتێك جگەرەی كڕی و هاتەوە، لەلام دانیشت و لە پاكەتەكەی جگەرەیەكی دەركرد و خستییە سەر لێوی و چەند نەفەسێكی لێدا و لە نیوەی ئایسكرێم خواردنەكەدا بووم.

وتم: تۆ بۆچی هاتیت بۆ ئەسینا؟

- وتی: برایەكی لە خۆم منداڵترم هەبوو، دوو ساڵ لەمەو بەر، لەگەڵ كۆمەڵێك برادەر دەڕۆن بۆ سەیران، لەوێ دەخۆنەوە هەتا تەواو مەست دەبن و دواتر مەلە دەكەن، ئیتر لە ئاوەكەدا دەخنكێت. گرفتەكە لەوەدا بوو كە تازە خێزانی دروست كردبوو، هەموو سێ مانگ دەبوو ژنی گواستبوویەوە، ئیتر ماڵی هەموومانی وێران كرد و لەگەڵ مەرگی خۆیدا ژیانی ئەو ژنەشی شێواند. ساڵێك بەسەر مەرگی براكەم تێپەڕی و ئیتر ماڵی خەزووری براكەم، داوایان لە دایك و باوكم كردبوو كە من براژنەكەم مارەبكەم و منیش هەرگیز بەو شتە ڕازی نەدەبووم، ئەگەچی براژنەكەم زۆر گەنج بوو، بەڵام هیچ هەستێكم بۆی نەبوو، پاشان نەم دەویست ژیان لەگەڵ كەسێكدا دروست بكەم كە هاوسەری براكەم بووە، من خۆشەویستم هەبوو، هەر لە زانكۆوە بەیەكەوە بووین و سێ

ساڵ دەبوو یەکمان خۆشدەویست. ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە بـراژنەکەم ئامادەبوو، هاوسـەرگیری لەگەڵ مندا بکات، ئەوە زۆرتـرین ئـازاری دام، چونکە وامدەزانی کە ئەو بە هەمـوو شـێوەیەک ئەوە ڕەت ئەکـاتەوە و قبوڵی ناکات. پێمناخۆش بوو لە دوای مەرگی براکەم، هەرگیز بەو چاوە نەک سـەیری من بەڵکو هیچ کەسێکی بنەماڵەکەشـمان بکـات، تەنـانەت نەدەبوو قبوڵی بکات، ئەگەر لەناچاریشدا بوایە.

ماوەیەکی زۆر خزم و کەس و کار و خێزانی هەردوولامان، هەموویـان و دەنوکیـان لەسـەر مـن بـوو، چـونکە لە مـاڵی ئـێمەدا هەر مـن هاوسـەرگیریم نەکردبـوو. هەرچەنـد بە دایـک و بـاوکم دەگـوت کە دەمەوێـت هاوسـەرگیری لەگەڵ ئەو کـچەدا بـکەم کە سـێ سـاڵە خۆشمدەوێت، بەڵام ئەوان بە هەموو شێوەیەک ئەوەیان ڕەت دەکردەوە، دەیانگوت لەبەر دنیا و دین با ئەو براژنەت بێچـارە نەبێـت، لە ڕاسـتیدا کەوتبوومە نێوان دۆڵێکەوە کە دەرچوونم لێـی مەحـاڵ بـوو. ئیـتر ئەم بڕیارەمدا نە دڵی خۆم و نە دڵی کەس و کارم، هیچیـان نەکەم و سـەری خۆم هەڵگرم، لەداخی ئەو کێشەیە هاتم بۆ ئەوروپا و ڕێم کەوتە ئێـرە و ئێوەم ناسی.

دە ئێستا پێمبڵێ بۆ ئەوەنـدە خەمبـار دەردەکەویـت؟ منـیش باسـی هەژانم بۆ کرد، بەڵام زۆر بە کورتی، و ناوی هیچ کەسێکیشم نەدەهێنـا چونکە دڵنیا نەبووم، کە چی ڕوودەدات.

- وتی: تۆ تازە هەڕەتی لاویتە، لەبەر ئەوە دڵگـران مەبە و کچێکـی تـر هەر دێـتەوە نـاو ژیانـت، ئەو جـۆرە عەشـقانە لە داهـاتوودا دەبێـتە جوانترین یادگارێکانی ژیانت، ژیانیش بەو یادگاریانەوە خۆشەوە، وتی: هەستە با بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە، دەی ئێستا ئەوانـیش چـاوەڕێمانن. مـن هێشتا لە خەم و ئازاری دووری هەژان ڕزگارم نەبووبوو، کەچـی خەم و مەراقی ماریاش هاتە سەری ئەو هەمووە ئـازار و ناخۆشـییە کەڵەکە بووبوو لەسەر شانم، بارم ئەوندە قوڕس بوو نەمـدەتوانی هەنگـاوبنێم لەو کاتەدا، لەگەڵ کاک فەهمی گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، لە ڕێـگەکە لە کـاک فەهمیم پرسی: لە بڕیارەکەت پەشیمان نیت؟ هەست ناکەیت بـراژنەکەت مەحکومە بە شتێک، کە هەرگیز تـاوان نیـیە، ئەی ئەو بەدبەخـتە چـی بکات؟ هەرچۆنێک بێت ئەو کچەی کە خۆشتدەویست، دەتوانێـت لەگەڵ کەسێکی تردا زەواج بکـات، بەڵام بـراژنەکەت هەتـا هەتـایە ڕەنـگە بە گرفتاری سەربنێتەوە. سەیرێکی کردم و هیچـی نەگـوت، بە بـێ وەڵام مایەوە پرسیارەکەم، بەڵام هەستم بەو ئـازارە کـرد کە لە ناخیـدا هەیە، چونکە بە نەفەسی لە جگەرەکەیدا دەمزانی چەند بە حەسرەتە.

کە گەشتمەوە ماڵەوە، یەکێک لە برادەرەکانم وتی: کەمێک پێش ئێسـتا کـاک ئومێـد تەلەفـونی کـردووە و زۆر هەواڵـی تـۆی پرسـیووە، لە وەجبەیەکدا بووە و ویستوویانە بێن بـۆ ئەسـینا بەڵام سـەر سـنووری نێوان بولغاریا و یۆنان گیراون و ئێستا مەحکومە بە سێ مانگ زینـدانی

و دواتر لەوانەیە سنووورداشی تورکیا یان بولغاریاین بکەنەوە. بەڵام دڵنییا نەبوو کە چارەنووسیان چی لێدێت، هەر ئەوەندەی گوت و پەیوەندێکەی پچرا. لە تاو خەمی کاک ئومێد، هەژان و ماریام بەیەکەوە بیر چوویەوە، ئەوەندە بیرم دەکرد و خەمم بوو کە شتێکی لێنەیەت لەو ڕێگەیەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا متمانەم پێی هەبوو، دەمزانی کە چەند بە توانایە و دەتوانێت لە هەر جێگەیەک بێتەبەرگە بگرێت و چۆک دانادات، هەر هەوڵدەدات هەتا دەگاتە ئامانجەکەی.

## - ٢٥ -

# خۆری ئومێد لە ئەسینا هەڵدێتەوە

کاک خەلیل، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زۆر میهرەبان بوو لەگەڵمدا و زۆریش پشگیری دەکردم لە هەر شـتێک کە بمکـردایە. پـێش ئەوەی کاکم سەفەر بکات، ئەگەر لە شـتێکدا هەڵەم بکـردایە، کـاکم زۆر تـوڕە دەبوو، بەڵام ئەو هەر پشگیری دەکردم و بە کاکمی دەگوت: وازی لێبێنە گەنجە، لەبەر ئەوەی کاکم زۆر هاوڕێی کـاک خەلیـل بـوو، دوو سـاڵ بەیەکەوە دەژیان لە ئەسینا هیچی نەدەوت، لەوماڵەی ئەسینا ناسـیم و وەکو کاکم خۆشەویست بوو لەلام، بۆ زۆر شت پرسم بەو دەکرد.

شەوێکیان دایکم تەلەفونی بۆ کردم و قسەم لەگەڵ کرد هەردووکـمان کەوتینە گریان و هیچمان بۆ نەدەوترا، زۆر بیری دایکمـم دەکـرد تەواو هەستم بە تەنهایی دەکرد، یەکەمین جار بوو ئەو هەستەم لەلا دروسـت ببێت و بیری دایکم بکەم بەو شێوەیە، بە کوڵ دەگریام ئەو شەوە، کـاک خەلیل پێی گوتم: واز لە هەست و سۆز بهێنە، ئیتر پێویستە بە عەقڵ بیر بکەیتەوە، عەقڵ ئەگەر لە کاتی خۆیدا بەکاری نەهێنی بە باشی، دوایـی پەشیمان دەبیتەوە، هەتا لادەکەیتەوە کات تێپەڕییەوە و زۆر درەنـگە و ئەوە بزانە کە داری پەشـیمانی بەری نیـیە. کاتێـک عەقڵـت بە شـتێک نەشکێت بەهانە زۆر ئەدۆزیـتەوە، کـوڕم پێویسـتە چاوەکانـت جـوان

بکەیتەوە دەورووبەری خۆت بە جوانی ببینیت، دەبێت بزانیت بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە، بۆچی دەتەوێت بڕۆیت بۆ وڵاتێکی دوورتر لێرە، تۆ کە سەرەتا هاتیت بۆ ئەم ماڵە وەکو خۆرێکی درەوشاوە ڕووناکت کردەوە و ئێستا ئەوەندە گۆڕاویت خەریکە نوقمی تاریکی دەبیت!. کورم ئەو دایک و باوکە نەخۆش و هەژارەت لەیاد مەکە، ڕابردووی خۆت فەرامۆش مەکە. من متمانەم بە تۆ هەیە کە دەتوانیت ببیتەوە بە کوڕەکەی جاران، ئەها بزانە من ئێستا خەریکە شەرمەزار دەبم لەئاستی هاوڕێکانمان، تۆ وەکو ئامانەت وەهایت لەدەستی مندا، دواتر چی وەڵامی کاکت بدەمەوە، خۆت کۆکەرەوە شتێک پارە پێکەوە بنێ و سەفەر بکە، چیتر لەم وڵاتە دامەنیشە. داهاتووی تۆ ئێرە نییە.

لە دوای ئەوەی کە ماریام جێهێشت، تەنها بێدەنگیم هەڵبژارد، بەیانیان کە دەچووم بۆ ئیش، بە پاسێکی تر دەڕۆشتم، لە جێگەی وەستانێکی ترەوە چاوەڕێی پاسم دەکرد، هەتا بە هیچ شێوەیەک جارێکی تر ئەو کچە نەبینمەوە، هەستم دەکرد زۆر کاریگەری لەسەرم هەبوو، کاک خەلیل ڕاستی دەکرد، وەکو ئەڵێن دەستم خۆم شۆردبوو، لەو کاتەش خراپتر بووم کە لە هەژان دابڕام، هەستم دەکرد خەریکە دەکەومە ناو گۆمی بێ هیوایی و دەخنکێم، بەڵام کاک خەلیل نەیهێڵا و لەو گۆمە دەریهێنام و کەوتمەوە سەر ڕێگە ڕاستەکەی خۆم و هەنگاونان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەم.

بەتەواوی گۆڕانكاریم كردبوو لە ژیانی خۆمدا، سێ مانگ بە بەردەوامی ئیشم دەكرد و پارەیەكی باشم كۆكردەوە و بڕیارمدا كە سەفەر بكەم، بچم بۆ شاری (پاترا)* لەوێ لە ساحەی قاچاخچییەكەوە دەربچم بۆ ئیتاڵیا.

دوو كوڕ تەلەفونیان بۆ كردم، بۆ ئەوەی كە ئیشەكەم بكرنەوە، چونكە پارەكەی باش بوو وە ئیشەكەش ئاسان بوو گوتیان دوو سەد دۆلارت پێدەدەین. منیش گوتم باشە ئەگەر ویستم بیفرۆشم، سبەی خۆم تەلەفونتان بۆ دەكەم. كۆڵەپشتەكەم پێچایەوە، قورئانە بچوكەكەی دایكم هاتەوە بەردەستم، هەڵمگرت و ماچێكم كرد و لەبەر خۆمەوە گوتم ئای من چەن بێمرووەتم بەرامبەر بە تۆ، خەریكە تۆ لە یاد دەكەم، قورئانەكەم نوساندبوو بە دڵمەوە و كەوتبوومەوە داڵغەی دایكم و بیرم دەكردەوە، لە ناكاو مۆبایلەكە زەنگی لێدا، كە وەڵامم دایەوە ئەوەندە دڵ خۆش بووم، پڕ بە ژوورەكە هاوارم كرد، كاك ئومێد بوو، لە سەنتەری ئەسیناوە تەلەفونی بۆ كردم و وتی: ئێستا لە (ئامۆنیا)م وتم لەوێبە تەنها بیست خولەك دەگەمە لات، هەر نازانم چۆن چووم و چۆن دۆزیمەوە و جارێكی تر بەیەكتری شادبووینەوە و باوەشمان كردەوە

---

*.( پاترا) شارێكی گەورەی كەشتیاری یۆنانە، خەڵكی زیاتر لەوێ گەشت دەكەن بە باخیرە بۆ دوورگەكان وە زۆر بەی كامیۆن و سەیارەی بارهەڵگرەكان لەوێوە دەچنە ناو باخیرە و فێرێكان.

بەیەكدا، سەیرم كرد زۆر لاواز بوو بوو، وتــی لە زینــدانەكە زۆر خــراپ بوون لەگەڵمان، بەڵام كە ئازادیان كردین و هێنایانین بۆ ئێرە و ئێستا كە لەگەڵ تۆدام هەموو خەم و ئازارێكم بیرچوویەوە، زۆر بیرم دەكردیت.
چووینەوە بۆ ماڵەوە و جلی تازەم پێدا و چووە گەرماوەكەوە، هەتــا ئەو خۆی شۆرد و ڕیشی تاشی، منــیش بــرنج و شــلەیەكم دروســت كــرد و نانێكی باشمان خوارد و كەوتینە قسە و بــاس، ئەو ڕۆژە هەتــا بــوو بە شەو هەر قسەمان دەكرد و باسی ڕێگەكەی بۆ كردم كە چۆن گەیشتۆتە ئەسینا و چییان لێهاتووە لەو ڕێگەیە، پیش ئەوەی بخەوین، وتی: تەنها یەک شتم لە تۆ دەوێت، ئیشێكم بۆ بدۆزەرەوە.

لە ڕاستیدا لە ئەسینا من لە دۆخێكی زۆر باشدا بووم، زمانم دەزانــی و ئیشم هەبوو، شوێن و ڕێگەی خەویشم هەبوو، مۆبایل و ژمارەی خــۆم هەبوو، لەبەر ئەوە زۆر ئاسان بوو بۆم كە هاوكــاری خەڵــك بــكەم، بە تایبەتی كەسێک كە خۆم بە ئــاواتەوە بــووم ڕۆژێــک لە ڕۆژان منــیش چاكەیەكی بــۆ بــكەم، ئەوەی كە ئەو كــردی لەگەڵمــدا لە ئەســتەمبوڵ هەرگیز بیرم ناچێتەوە. بۆ بەیانیەكەی ســەعات شــەش لە خەو خەبەرم كردەوە و خۆی گۆڕی و قاوەڵتیم دروست كرد و چووین بۆ ســەركار. لە ڕێگەدا تەلەفونم بۆ خاوەنكارەكەم كرد، ئەوەی كە سەرپەرشتی ئــێمەی دەكرد، پیاوێكی زۆر باش بوو یۆنانی بوو، بەڵام ماوەی بیســت ســاڵ لە ئەڵمانیا ژیانی بەڕێكردبوو، لە هەستی غەریبە زۆر بــاش تێدەگەیشــت،

پێم گوت: من سبەی سەفەر دەکەم، ئەم کوڕەم هێناوە لە جێگەی من ئیش دەکات، ئەمڕۆ خۆم ئیشدەکەم لەگەڵیدا و هەمووشتێکی پیشان دەدەم، ئەم کەسە بۆ من لە برا باشتر بووە و زۆر باش دەیناسم و هەموو بەرپرسیارێتییەکی هەڵدەگرم چونکە دەزانم کە لە من باشتر ئیش دەکات، ئەویش قبوڵی کرد. هەموو ڕۆژەکە لەگەڵ کاک ئومێد بەیەکەوە ئیشمان دەکرد، لە تاقی نیوەڕۆ لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا بیست یۆرۆمان دۆزیەوە، بەیەکەوە چووین لە کافتریایەک کێک و فوراپێمان کڕی و دانیشتین، نیو کاتژمێر پشوومان هەبوو. کاک ئومێد جگەرەیەکی خستە سەر لێوی و باسی ئەوەی کرد، پێش ئەوەی سەفەر بۆ ئەسینا بکات، نزیکەی هەشت مانگ بۆ ژنێک ئیشی کردووە، لە غەسالەی جل شۆرین، ئیشکە باش بووە و پارەکەشی خراپ نەبووە.

ئەو ڕۆژەمان بە خۆشی بە ڕێکرد و کاک ئومێد زۆر دڵخۆش بوو؛ تەلەفونم بۆ دوو کوڕەکە کرد کە دەیانویست ئیشەکەم بکڕنەوە، داوای لێبوردنم لێکردن کە ئیشەکەم پێشکەشی هاوڕێیەکم کردووە.

بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر لە ماڵئاوایم لە هەموو هاوڕێکانم کرد و هەندێک پارەم دا بە کاک ئومێد و بەتانی و جێگە خەوەکەی خۆشم پێدا و ئینجا ماڵئاوایم کرد. چووم لە پارکەکەی لای ماڵی خۆمان دانیشتم، خەیاڵم زۆر ئاسودە بوو کە توانیوومە شتێکی باش بۆ کاک ئومێد بکەم، هەرچەن بیرم دەکردەوە شتێک لەسەرمدا بوو نەمدەزانی چییە، دەمزانی

که دەبێت شتێک بکەم بەڵام نەدەهاتەوە خەیاڵم، دواتر سەیری مۆبایلەکەم کرد، ژمارەکەی ماریام بینیەوە و تەلەفونم بۆ کرد، چەند جارێک ژمارەکەی داخرابوو، ماڵەکەشیانم نەدەدۆزیەوە و ئیتر وتم با کات لەوە درەنگتر نەبێت، چووم بۆ وێستگەی شەمەندەفەری ئەسینا و لەوێ بلیتم بڕی و بەرێ کەوتم بۆ شاری (پاترا). لەو ناوشەمەندەفەرەکە زۆر بیرم کردەوە کە چی بکەم، وتم وەکو رێزێک باشترین شت ئەوەیە کە نامەیەکی ماڵئاوایی بۆ بنوسم و ئەوەشی بۆ ڕوون بکەمەوە کە بۆ هەتا ئێستا تەلەفونم بۆ نەکردۆتەوە. بە چەند نامەیەک ئەو پەیامەم بۆ نارد

**سلاو**

**ئازیزم ماریا..**

**ئێستا کە ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنوسم، دواین چرکەی منە لە ئەسینا و لە ناو شەمەندەفەردام و بەرێدەکەوم بۆ (پاترا) لەوێشەوە دەچم بۆ ئیتاڵیا، دواین وێستگەی من بەریتانیا دەبێت. چەند جارێک پەیوەندیم کرد تەلەفونەکەت داخرابوو، زۆریش هەوڵمدا بەداخەوە نەمتوانی ماڵتان بدۆزمەوە. بڕوام وایە کە ئەمە چارەنوسی ئێمە بێت و لێرەدا هەموو شتەکان کۆتایی بێت و جارێکی تر یەک نەبینینەوە. دەمەوێت ئەمەت پێبڵێم، چیتر نامەوێت لە دڵمدا بیهێڵمەوە، مرۆڤ هەندێکجار**

نایەوێت شتێک بکات لە کە خواست و ویستی ئەودا نییە، بەڵام ناچاری زۆر شتی نامۆ بە مرۆڤ دەکات. ئەسینا بۆ من تەنها وێستگەیەک بوو لە نەخشەی ڕێگەکەم، دەمەوێت پێت بڵێم کە بیرم لە تۆ دەکردەوە، هەمیشە هەوڵمداوە تۆ لەیاد بکەم، بەڵام زۆر سەختە کەسێک لەیاد بکەیت کە دەبێتە برینێکی قوڵ بەسەر جەستەتەوە و هەمیشە قەتماخەی ئەو برینە هەڵدەداتەوە.

هەتا ئێستا بێدەگ بووم غروور نیم و خۆ بە زلزانیش نەبووم، کە لەو کاتەوە قسەم لەگەڵ تۆ نەکردووە، نا من هەمیشە لە هەستەکانم دڵنیا نەبووم لەبەر ئەوەی کە بەردەوام بیرم لەو جیاوازییە زۆرەی نێوانمان دەکردەوە، تۆ بڕوانە من کەسێکم هەتا ئێستا کیانی خۆمم نییە، ئاوارەیەک بووم لەم کوچە بۆ ئەو کوچە، لەم شار بۆ ئەو شار، لەم وڵاتە بۆ وڵاتێکی تر، هەمیشە وەکو کۆچەرییەک بووم. زوو بێت یان درەنگ، من هەر دەبێت سەفەر بکەم و ئەم وڵاتە جێبهێڵم، کە جێمهێڵا هەموو شتێکی جێدەهێڵم، تەنانەت یادگارییەکانیشی لە دڵمدا ئەسڕمەوە، وەک چۆن تورکیام جێهێشت و ئاواش دەبێت لێرە بڕۆم، لەبەر ئەو هۆکارانە، تۆ زۆر لەوە ئازیزیتر و شیرینتری کە من خۆشم بوێیت، باش دەزانم کە من شایەنی تۆ نیم، تۆ شایەنی کەسێکی لە من باشتریت، ڕاستی شەرمم دەکرد لە ڕووم نەدەهات بێمە بەرامبەرت و ئەم قسانە بکەم.

بە هیوام کە ئەم پەیامەت بینی، تۆش دوا قسەی خۆتت هەبێت.

## - ٢٦ -

# پاترا

که له ئهسـيناوه که بهڕێ کهوتـم، نـزیکهی چـوار کـاتژمێر شهمهندهفهرهکه بهڕێگهوه بـوو، ئینجـا گهیشـته شـاری پـاترا. دهمهو ئێوارهیهکی درهنگ بـوو، خهریـک بـوو ڕۆژ ئـاوادهبوو. ئهو شـاره که لهسهر ڕۆخی دهریا بوو، زۆر ناوازه و دڵڕفێن بوو، ههمـوو ماڵهکـان له ڕووی بهرزایدا بوون و دهیان ڕوانـی بهسـهر دهریـادا. دهیـان بهلهم و یهخت و باخیرهی گهوره له کهنارهکهدا لهنگهریـان گرتبـوو. له نزیکـی کهنارهکه چهند بانـدێکی گهورهی میوزیـک، لهسـهر سـهکۆ ئـاههنگی گۆرانیان ڕێکخستبوو، جهمـاوهرێکی زۆر له دهوریـان کۆببـوویهوه و گوێیان له گۆرانی دهگرت و کهیف و سهمایان دهکرد، دهیان گهشـتیار له کهنارهکهدا پیاسهیان دهکرد.

لە نزیکی کەنارەکە، گۆڕەپانێکی گەورەی وەستانی بارهەڵگری لێبوو، چەندین کامیۆن و شاحینە لەوێدا وەستا بوون، سەدان نەفەری قاچاخ لەو گۆڕەپانەدا بوون، هەموویان لەدەستی کۆماندۆکان هەڵدەهاتن، هەندێکیان خۆیان دەشاردەوە لە ناو شاحینەکان. لەگەڵ بینینی ئەو دیمەنە کەوتمە داڵغەی منداڵی، کە منداڵ بووم هەر ڕامدەکرد و ماندوو بوونم نەدەناسی، ڕاکردن لە کاتی چاوشارکێ، ڕاکردن بەدوای تۆپ هێنانەوە، کاتێک گەورەکان یارییان دەکرد، ئیشی ئێمە ئەوە بوو کە تۆپ بهێنینەوە لەدوای گۆڵەکان. ڕاکردن لە دوای لێکردنەوەی هەنار و هەنجیر و بەرسیلە، کە لە دیواری ماڵان دەهاتە دەرەوە. ڕاکردن لەدەستی دایکم بۆئەوەی لە گەرماوەکەدا نەمشۆرێت. ڕاکردن لە کاتی بیستنی زەنگی تەواو بوونی وانەکانمان و دەرچووین بۆ ناو گۆڕەپانی یاری، ڕاکردن کە لە مەکتەب تەواو دەبووین بەرەو ماڵەوە، ڕاکردن لەبەر باران بارینددا چونکە چەترمان پێنەبوو. ڕاکردن بەدوای ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و توێتا و خۆمان پێوە هەڵەواسی. ڕاکردن لە کاتی ورووژاندنی کوورەی هەنگ و زەردەواڵە. ڕاکردن بۆ پەیداکردنی نان، ڕاکردن لەکاتی کۆڕەوەکە. ڕاکردن بەدوای ئاژەڵەکاندا. ڕاکە ڕاکی ژیان هەر تەواو نابێت؛ ژیانی من هەمووی هەر ڕاکردن بوو.

لە نزیکی گۆڕەپانەکە، کۆمەڵێک کوردم بینی و بەرەو لای ئەوان ڕۆیشتم و پرسیارم لێکردن، ناونیشانی چێشتخانەیەکی کوردیان پێدام و

وتیان قاچاخچییەکان لەوێ دادەنیشن. دەتوانیت لەگەڵ کەسێک ڕێک بکەویت، ئیدی بەڕێ کەوتم بۆ ئەو چێشتخانەیە، شوێنێکی وێران بوو، لە شێوەی ماڵێکی ڕووخاودا بوو. کە چوومە ژوورەوە، لەسەر یەکەم مێز، کەسێکم بینی کە زۆر دڵخۆش بووم ئەویش (ئاریان) بوو، هاوڕێی مناڵیم و کوڕی گەڕەکی خۆمان بوو، باوەشمان بەیەکدا کردو، بەیەکەوە دانیشتین و باسی پاترای بۆ کردم، ئەو سێ مانگ دەبوو لە (پاترا) مابوویەوە، چەندین جار هەوڵیدا بوو، هەموو جارەکان شکستی هێنا بوو. ئیتر کەوتینە باسی هاوڕێکانی مناڵیمان و کێ لە ڕێگەدایە بۆ ئەوروپا و باس و خواسی خەڵک بە گشتی. دواتر لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ شوقەکەیان، لەگەڵ چەند کەسێک دەژیا، زۆربەیان قاچاخچی بوون، یەکێکیانی پێناساندم و گوتی: ئەوە باشترینی گۆڕەپانەکەیە، دەبێت شەو بڕۆیت لەگەڵیاندا و ئەوەی لە گۆڕەپانەکەدا بتخاتە ناو شاحینەوە. هەمان شەو، لەگەڵ چەند نەفەرێکی تردا کە نزیکە پانزە کەس دەبووین، لەگەڵ قاچاخچییەکە دەرچووین بۆ گۆڕەپانەکە، تاریکییەکی سامناک باڵی بەسەر دونیادا کێشابوو، حەشاماتێکی زۆر، خۆیان ترنجاندبوویە ناو چەند بارهەڵگرێک، کە لە و جێگەیەدا وەستا بوون بۆ پشوودان، هەتا لە گۆڕەپانەکەوە نزیک دەبووینەوە، ئێمە زیاتر دەترساین و دەکەوتنە پەلەپەلەوە، دەمانویست هەتا زووە قوتارمان ببێت، وەکو ئەوە دەهاتە پێش چاو کە لە ترسی مردن هەڵدێن، کەس

نەیدەزانی چارەنووسمان، بەرەوە چ کارەسات و دۆزەخێکی زەمینی دەروات، مەرگ ڕووحمان ناچار دەکات بۆ ئەوەی بکەوینە ناو ئەو ئاگرە.

قاچاخچییەکە دەرگای شاحینەیەکی کردەووە و هەموومانی خستە ناو شاحینەکەوە و دەرگاکەی قەپات کرد، لە هیچ شوێنێکەوە هەوا نەدەهاتە ژوورەوە، هەموومان نوقمی تاریکی بووبووین، چاو چاوی نەدەبینی، ترسێکی وەها لە ناخمدا دروست بووبوو، کە پێشتر ترسێکی وەها نەهاتبوویە ناو گیانمەوە، خەریک بوو ڕووحم دەردەهات، تاریکیەکی هێندە ترسناک بوو، لە دڵی خۆمدا شایەتمانم هێنا و بە توندی دەستم خستبوویە سەر قورئانەکەی دایکم و بیرم لە نزاکانی ئەو دەکردەوە و دەمگوت: ئەمە ئەو چارەنووسە ڕەشەیە، کە چاوەڕوانی مەرگی خۆمانی تێدا دەکەین، هەتا دەهات بەرەو بەڵای گەورەتر و هەنگاومان دەنا و هێندەی نەماوە کارەساتە چاوەڕوانکراوەکە ڕوویدات. زیاتر لە سێ کاتژمێر لەو جێگەیەدا بووین و کەسمان هەناسەمان پێنەما و هەر یەکەو لە جێگەی خۆیەوە بەلا دەکەوت و دەست و قاچ و جەستەمان بەریەک دەکەوت، وەکو ئەوەی کەسێک خەوی لێدەکەوێت و بێ هۆش بێت. لەو جێگەیەدا بۆنی مەرگی ئەو کەسانەم دەکرد کە لە تەنیشتمەوە بوون، لە بونی مەرگدا، خەریک بوو دەخنکام. هەستم کرد جوڵەیەک لە شاحینەکەوە هات و کەوتە ڕێ و

ئیتر ئەوە کەمێک هیوای بۆ گەڕاندمەوە. دەخـولەک ڕۆشـت و بەسـەر هەورازێکدا سەرکەوت هەندێک لە کارتۆنەکـان کەوتـن بەسـەرماندا، و ئیتر هەنـدێک لە نەفەرەکـان هاواریـان لێهەڵسـا، لەوکـاتەدا وەسـتا و دەرگاکەی کردەوە و لەبەردەم کـۆنترۆڵ بـووین و کۆمانـدۆیەک هـاتە ناوەوە و ئێمەی بینی، ڕێـک حەپەسـا چـونکە چـوار نەفەر لە نزیکـی منەوە بەلا هاتبوون، بە پەلە کۆماندۆکە هـاواری لە هاوڕێکـانی کـرد و پۆلیس و زۆر کەس کۆبونەوە بۆ ئەوەی یـارمەتی ئەو نەفەرانە بـدەن. لەو کاتەدا فورسەتم هێنا و هەتا توانیم ڕام کـرد بـۆ لای تەلبەنـدەکە و خـۆم دەربـاز کـرد و لە نەفەرەکـان دوور کەوتمەوە. گەڕامەوە بـۆ شـوقەکە، لە ترسـی ئەو دیـمەنەی کە بەچـاوی خـۆم بینـیم، خەوم لێنەدەکەوت، ئاریانم خەبەر کردەوە و ئەوەی کە ڕوویدا بوو بۆم بـاس کرد، سـەیری کـردم و وتـی: بـخەوە سـبەی قسـە دەکەیـن. ویسـتم مۆبایلەکەم بخەمە سەر زەنگی بە ئاگا هـاتنەوە، هەرچەنـدم کـرد بـۆم نەدۆزرایەوە، لەو کـاتەدا زانـیم کە مۆبـایلەکەم لە شـاحینەکەدا لێکەوتووە: ئیتر هیچ ئومێدێکم نەما، کە جارێکی تر لەگەڵ ماریـا قسـە بکەمەوە یان وەلامی نامەی ئەو وەربگرم، چونکە ژمارەی ماریـا تەنهـا لەو مۆبایلەدا هەبوو، ئەویشم لەدەست چوو.

بۆ سبەی هەر چۆنێک بێت خەبەرم کردەوە و دووبارە باسی شـتەکانم بۆ کرد، وتی: زۆر لەوانەش خراپترم بینیـووە، نـیگەران مەبە ئێـرە هەر

ئاوایە، نەفەر هەیە بە یەکجار دەردەچێت و هەندێک کەسیش وەکو مـن ئەوە سێ مانگە لێرەم و هەر هیچ، ئیتر شتەکان کەوتۆتەوە سەر خـۆت و شەنس. ماوەی هەفتەیەکم بەو شـێوەیە بەڕێکـرد، هەمـوو جارێـک دەگیرام لە کۆنترۆڵ. نیوەڕۆیەکیان زۆر گەرم بوو تەنها چوار شـاحینە وەستابوون لە گۆڕەپـانەکە، لەمـبەری شـەقامەکەوە لەژێـر سـێبەری درەختێکـی گەورەدا، دانیشـتبووین لەگەڵ قاچـاخچییەکە شـوتیمان دەخوارد، لەوکاتەدا بە منی گوت: ئەو شاحینەی کە ڕووی کردۆتە ئـێمە و ڕەنگی سپییە دەبینیت؟ وتم: بەڵێ

- وتی: بڕۆرە ناو کڵاوەکەیەوە، کەس دیار نیـیە، بە هیواشـی چـوومە تەنیشتی و چومە سەر کڵاوەکەی و لەوە خۆم پاڵخسـت ڕێـک لەسـەر سەری شۆفێرەکەدا دانیشتبووم، خەوم لێکەوت ئێوارە بـوو شـاحینەکە کەوتە جوڵە، منیش خۆم بێدەنگ کردبوو و جـوانیش خـۆم گرتبـوو بە لاتەنیشتەکەیەوە، بە ئاسانی لە کۆنترۆڵ دەرچووم، پاشـان چـووە نـاو باخیرەکەوە و لەوێدا وەسـتا و شـۆفێرەکە دابەزی و چـوو بـۆ بەشـی سەرەوەی باخیرەکە بۆ لای گەشتیارەکان. نزیکەی نیو کاتژمێری پێچوو دواتر بـاخیرەکە کەوتە جـوڵە و منـیش خەوم لـێکەوت، لە تەقەتەق و دەنگە دەنگـی ئۆتۆمبێلەکـان خەبەرم بـوویەوە، و خـۆم کـۆکردەوە و ئەوەندەی نەبرد شاحینەکە کەوتەوە ڕێ و لە باخیرەکە چـووە دەرەوە لە کۆنترۆڵی ئیتاڵیا دەرچوو. دنیا تاریک بوو، دیار بوو کە شـەوە، بەس

نەمدەزانی کاتژمێر چەندە، ماوەیەکی زۆر بەڕێوە بوو، لەسەر شـەقامی خێرا دەرۆشت تابلۆیەکم بینی نوسرابوو: (ناپۆلی) دە کیلۆمەتری مـاوە، لەوێدا چەند جارێـک کێشـام بەسـەقفەکەدا، لە (سـێرفس)ێـک نزیـک بوویەوە و وەستا، لەوێدا شۆفێرەکە دابەزی و دارێکی (بـیس بـۆڵ)*ی بەدەستەوە بوو خۆشی کڵاوێکی وەرزشـی لەسـەردا بـوو، کـابرایەکی سوورکەلانەی کەتە بوو، ئیشارەتم بۆ دارەکە کـرد، ئەویـش تێگەیشـت زانی کە من ئەترسم، دارەکەی فڕێدا، و منیش هـاتمە خـوارەوە، هیچـی نەگوت: بە بێدەنگی چـوومە نـاو سێرفسـەکە و لەوێ تەوالێـتم کـرد و دەموجاوم شۆرد و بەڕێ کەوتم بـۆ ناوشـار، هەتـا گەیشـتمە نزیکـی سەنتەری شار، لەوێ بە پرسیار کردن، وێستگەی شەمەدەفەرم دۆزیەوە، بەڵام کە سەیری کاتژمێرم کرد کات درەنگ بوو دوانزەی شەو بوو، ئیتـر هەر لە دەرەوەی وێستگەکە پارکێکی بچوک هەبوو، لەوێ لەسەر پارچە کارتۆنێک، خەوتم هەتا ڕۆژ بوویەوە. کە هەسـتام لە وێسـتگەکە بلیـتم بڕی بۆ ڕۆما، و بە شەمەندەفەر نزیکەی شەش کاتژمێری پێ چوو کە تا گەشتمە ناو ڕۆما.

---

*(بیس بۆڵ) جۆرە وەرزشێکە، بەتایبەتی لە ئەمریکا خەڵکێکی زۆر خولیایەتی.

# - ٢٧ -

# لە ڕۆماوە بۆ کۆڤەنتری*

ئەو کاتەی شەمەندەفەرەکە گەیشتە ڕۆما، لە وێستگەکە چوومە دەرەوە و سێ کەسم بینی بە عەرەبی قسەیان لەگەڵ یەکدا دەکرد، پرسیارم لێکردن کوردەکان لە کوێن. ئیشارەتی لای پارکێکیان بۆ کردم. کە چوومە پێشەوە دەیان کوردم بینی لەو پارکەدا. کاتەکە دوا نیوەڕۆ بوو، هەموو گیانم پیس بوو و جلەکانیشم دڕابوو. کوڕێک بردمی بۆ کەنیسەیەک، لەوێ خۆم شۆرد و جلی تازەیان پێدام بەبێ بەرامبەر، و دواتریش لەگەڵ دوو کوڕی تردا ڕۆیشتین بۆ کەنیسەیەکی تر لەوێ نانمان خوارد.

ئەو شەوە لە پارکەکە خەوتم لەسەر پارچەیەک کارتۆن، باران بە نەرمی دەباری، چومە ژێر درەختێکەوە و ئەوەندە ماندوو بووم یەکسەر خەوم لێکەوت. بۆ سبەی کە خەبەرم بوویەوە، پرسیارم کرد کە چۆن بڕۆم بۆ کالاس، هەندێک زانیاریان پێدام و لەسەر پارچەیەک کاغەزێک نووسیم بەڕێکەوتم. لە وێستگەی شەمەندەفەری ڕۆما بلیتم کڕی بۆ پاریس. نزیکەی حەوت کاتژمێر بەڕێکەوە بووم و دواتر لە پاریس

---

*(کۆڤەنتری) شارێکە لە نەخشەدا دەکەوێتە ناوەڕاستی بەریتانیا و لە شاری (بێرمینگهام)ەوە نزیکە.

دابەزیتم؛ لەوێش بلیتم بڕی بۆ کالاس بەڕێکەوتم بە شەمەندەفەر، کە گەیشتمە کالاس، بە تەکسی چووم بۆ کەمپی پەنابەران.

لە کەمپەکەوە تەلەفونم بۆ کاکم کرد، ئەو کاتە ئەو نزیکەی شەش مانگ دەبوو لە سویسرا دەژیا، خۆی تەسلیم کردبوو چاوپێکەوتنیشیان لەگەڵ کردبوو، بە ڕەش ئیشی دەکردو پارەی کۆکردبوویەوە، شەش سەد دۆلاری بۆ خەواندم لای قاچاخچییەک و لە کالاسەوە چووم بۆ (دانکیخ)*، ماوەی هەفتەیەک لە جەنگەڵدا بووین لەگەڵ دەیان نەفەری تر کە لە چاوەڕوانیدا بوون، دوو جار ئێمەیان دەخستە ناو شاحینەوە، بەڵام لە کۆنترۆڵ دەرنەدەچووین.

شەوێکیان باران دەباری کاتژمێر سێی بەیانی بوو، بەڕێیان کردین بۆ گۆڕەپانی شاحینەکان، لەوێ ئێمەیان خستە ناو شاحینەیەک، ناوەکەی پڕ بوو لە پارچە ئاسنی جۆراوجۆر، ئێمە حەوت کەس بووین لەناو ئەو شاحینەیەدا، چادرەکەی لە هەندێک شوێنەوە کونی تێبوو بوو، باران هاتبووە ژوورەوە و ژێرمان تەڕ بووبوو، لەناو باراناودا بووین، شاحینەکە چووە ناو باخیرە و لە کۆنترۆڵ دەرچووین، ماوەی دووکاتژمێر بە ڕێگەوە بوو، دواتر باخیرەکە لەنگەری گرت و شاحینەکە کەوتەڕێ ماوەی سێ کاتژمێر ڕۆیشت، لە ناو خاکی بەریتانیادا بووین.

---

*(دانکیخ) شارۆچکەیەکی بچوکە لە فەرەنسا، گۆڕەپانێکی لێیە کە شاحینەکان لەوێ دەوەستن و قاچاخچییەکان لەوەێ نەفەر دەخەنە ناو شاحینەکانەوە.

لە شوێنێک وەستا و دەرگاکەی کردەوە و هەمووومان وەکـو مردوومـان لێهاتبوو، تەنانەت نەماندەتوانی لە شاحینەکە بچینە خـوارەوە. پـۆلیس هاتوو دەستگیریان کردین، لە بنکەی پۆلیس وەرگێڕی کوردیـان خسـتە سەر هێڵی تەلەفون و هەموو ڕێنمایەکانی بۆ وەردەگێڕاین و هەتا ناو و ڕۆژ و سـاڵی لەدایـک بوونمـان تۆمـارکرا و لە کۆتایـدا ئینجـا پەنجەمۆریشمان وەرگیرا.

من و کوڕێکی تر کە ناوی (هـێمن) بـوو، لەبەر ئەوەی تەمەنمـان لە خواروو هەژدە ساڵ بوو، پیـاوێکی بەتەمەنـی ئینگلیـز هـات بۆلامـان، وەرگێڕێکی کوردیشی لەگەڵدا بوو، وتی: ئەم پیاوە سۆشیالی ئێـوەیە و ئێستا دەتان بات بۆ (هۆستێل)* ماوەی هەفتەیەک لەوێ دەبـن و دواتـر دەتانبات بۆ خانووی خۆتان، لەوێ دەژیـن هەتـا تەمەنتـان دەبێـت بە هەژدە ساڵ، بەڵام لەبەر ئەوەی مـن زۆر نەخـۆش بـووم، لەو ڕێـگەیە سەرمام بووبوو، هەروەها توشی کۆکەیەکی زۆر خراپ بووبووم، منـی بـرد بـۆ نەخۆشـخانە، سـێ شـەو و سـێ ڕۆژ لە نەخۆشـخانەیەک خەواندیانم. لەسەر تەختەی بیمارستان بیـرم دەکـردەوە لە بێکەسـی و غەریبی و خەم و ئازاری ئەو ڕێـگەیە، لەوانەش ناخۆشـتر لەدەسـتانی ماریا و دابڕانم لە هەژان بە تەواوی بێ هیوای کردبووم.

---

*(هۆستێل) شوێنێکە وەکو هۆتێل وەهایە.

ئیتر گەیشتنم بە بەریتانیا و ئەو ویستگەیەی کە خۆم دەمویست هیچ بەهایەکی نەمابوو لەلام. ئەوەندە ماندوو بووم لە ژیان و نائومێدی وەها باڵی بەسەرمدا کێشابووم، چیتر نەمدەتوانی هەناسەش بدەم!.

بۆ ڕۆژی چوارەم، سەرلەبەیانییەکەی دکتۆرێک و وەرگێڕێکی کورد هاتن بۆ لام، هەندێک پشکنینی بۆ کردم و دواتر دکتۆرەکە وتی: کەمێک باشتر بووە. دەتوانێت بچێتەوە بۆ ماڵەوە بشوو بدات و هەندێک دەرمانی بۆ نووسیم و لەگەڵ هەندێک ڕێنمایی. وەرگێڕە کوردەکە، بەتەلەفون لەگەڵ سۆشیالەکەم قسەی کرد و دواتر بە سەیارەی خۆی بردمی بۆ (هۆستێل). دوای دوو ڕۆژ سۆشیالەکە هات بۆ لامان، من و ئەو کوڕەی برد بۆ خانوویەکی نوێ لە شاری (کۆڤەنتری). خانووەکە دوو نهۆم بوو. لەسەر ڕووبەرێکی گەورە دروست کرابوو، پێنج ژووری خەو و هۆڵێك و چێشتخانە و ژووری دانیشتنی تیادا بوو. هەروەها هەموو کەلوپەلێکی نوێی تیا بوو، ئێمە زۆرمان بەدڵ بوو، ئیتر هەندێک پارەی پێداین و وتی: بچن بۆخۆتان جلی تازە و خواردن بکڕن. لەو ماڵەدا (مەریوان)م ناسی، زۆر نێوانمان خۆش بوو، سێ کەسی تریش هاتبوون بۆ خانووەکە. هەر کەسەو ژووری خۆی هەبوو. بەڵام من زۆربەی کات هەر لەگەڵ مەریوان دادەنیشتم و قسەم دەکرد، ئەو تاکە کەس بوو کە زۆرم خۆشدەویست و متمانەم پێی دەکرد. کە تەلەفونی

دەكرد بۆ ماڵەوەیان، ئەوەندە باسی منی كردبوو، تەنانەت دایك و برا گەورەكەشی بەردەوام قسەیان لەگەڵ دەكردم.

یەكەم هەفتە كە لەو خانووەدا بووم، تەندروستیم هێشتا بە تەواوی باش نەبووبوو، یەكێك لە كوڕانەی كە لە ماڵەكە لەگەڵمان دەژیا، چەند خزمێكی لەو شارەدا دەژیان و زوو زوو هاتو چۆیان دەكردین، بەهۆی ئەوانەوە ئیشێكی ڕەشم دۆزییەوە، پێیان دەگوت: (ئیشی پیازەكە)، كاتژمێر چواری بەیانی، ڤانێكی نەفەر هەڵگر دەهات بەشوێنمدا و لەبەر دەرگای خۆمانەوە كە سەردەكەوتم، ماوەی سێ كاتژمێر بەڕێوە دەبوو، هەتا دەگەیشتە كێڵگەیەكی گەورە، خاوەنەكە هیندی بوو، ئیشی ئێمە لەو كێڵگەیە (تەڕە پیاز) مان هەڵدەكێشا و جوان پاكمان دەكردەوە لە خۆڵ و قوڕەكەی، دواتر دەمان كرد بە چەپك و ئەمانخستە ناو پلاسكۆی گەورەوە. ئیشەكە بە دەستی خۆت بوو، هەتا زۆرتر و خێراتر ئیشت بكردایە، ئەوەندە زۆرتر پارەت وەردەگرت. بۆ هەر پلاسكۆیەك چوار پاوەنیان پێدەداین، یەكەم ڕۆژ كە ڕۆیشتم شەش پلاسكۆم كرد، بەڵام ئیتر وردە وردە دەستم پێی ڕاهات و خێراتر دەمتوانی ئیشەكە بكەم. ماوەی مانگێك بەردەوام بووم، جاری واهەبوو نزیكەی دوانزە پلاسكۆم دەكرد. بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر ئەو ڕێگە دوورە بوو كە بۆی دەڕۆشتین، هەموو ڕۆژێك زیاتر لە شەش كاتژمێر بەس بە ڕێگەوە بووین. ماوەیەك دەچووین لە كێڵگەیەكی تر شیلكمان

لێدەکردەوە و دەمانخستە نــاو قــاپی پلاســتیکی بچـوک و قاپەکانمــان دەخستە ناو پلاسکۆی گەورەوە، لە ڕاستیدا ئیشی شیلکەکە لە پیــازەکە خۆشتر و ئاسانتر بوو هەروەها پارەکەشی باشتر بوو.

ڕۆژێکیان تەلەفونم کرد بۆ ئەسـینا و لەگەڵ هاوڕێکـانم قســەم کــرد بەتایبەتی کاک خەلیل و ژمارەی کاک (ئازاد)م وەرگـرت. پەیوەنـدیم بە کــاک ئــازادەوە کــرد، ئەوەنــدە دڵخـۆش بــوو بــاوەڕی نەدەکــرد کە گەیشتووم، زوو زوو تەلەفونی بۆ دەکردم و قسەمان دەکـرد، ئەو کــاتە دوو مانگ دەبوو لە بەریتانیا بووم، کاک ئازاد هات بۆلام، شــەوێک لەلام مایەوە و زۆر دڵخۆش بــووین بە دیــداری یەکـتری. ئەوە شــەوە هەتــا بەیانی قسەمان دەکــرد و باســی بــرادەران و هەواڵپرســین و هەروەهــا باسی ئەوەم بۆ دەکرد کە لە پــاتراوە چـۆن هــاتووم هەتــا کـۆڤێنتری. ئەویش باسی خۆی و ژیانی خۆی کرد بۆم.

## - ٢٨ -

# لەیدی گۆدیڤا

ڕۆژی شەممە بوو، لەماڵەوە دانیشتبووم سەیری تەلەفیزیۆنم دەکرد، دەمەو ئێوارە بوو، میوانێکمان هات خزمی سامان بوو کە لەو ماڵەدا دەژیا لەگەڵم، میوانەکە کەسێکی زۆر بەڕێز بوو، ماوەی پێنج ساڵ بوو لەو شارە دەژیا ناوی (تەها) بوو. وتی: بۆ هیچ شوێنێک ڕۆشتوون پێشتر؟ من و سامان سەیری یەکمان کرد و وتمان نەخێر. وتی: وەرن با برۆین، بە سەیارەکەی خۆی بردینی بۆ ناو سەنتەری شار، لەجێگەیەک سەیارەکەی وەستاند و بۆخۆمان پیاسەمان دەکرد لەناو سەنتەری شاری کۆڤەنتری.

پەیکەری ژنێکم بینی کە لەسەر پشتی ئەسپێک بوو، قژی درێژ بوو بە جەستەیدا بڵاو بووبوویەوە، خەڵکێکی زۆر لەچوار دەوەری پەیکەرەکەدا وەستابوون و هەندێکیش لەو کەسانە وێنەیان دەگرت لەگەڵ پەیکەرەکەدا. لە کاک (تەها)م پرسی: ئەمە پەیکەری کێیە؟ هیچ دەزانیت لە بارەیەوە؟

- گوتی: ئەمە پەیکەری ((لەیدی گۆدیڤا))یە کە خێزانی دەسەڵاتداری کۆڤەنتری بووە لە سەدەی یانزە، مێردەکەی پیاوێکی زۆر زاڵم و چاوچنۆک بووە، خاوەنی هەموو زەوی و زاری کۆفەنتری و

دەورووبەری بـووە، خەرجـی و بـاجی زۆر دەخـاتە سـەر خەڵكـی ناوچەكەو جوتیارەكان. هەموو خەڵكی نـاوچەكەش دەنـاڵێن بەدەسـت ئەو زاڵمەوە، (لەیدی گۆدیڤا) ژنێكـی زۆر میهرەبـان بـووە و خەڵكـی هەژاری زۆر خۆشویسـتووە، بەردەوام تكـا لە مێـردەكەی دەكـات و لێیدەپاڕێتەوە، كە خەرجی و بـاج لەسـەر هەژاران كەم بكـاتەوە و هەر كۆڵنادات. مێردەكەشی دەیەوێت داوایەكی ئەوەندە قورسـی لێبكـات كە هەرگیز نەتوانێت بكات، شتێك بێـت كە نەكرێـت، بـۆ ئەوەی ئیـتر ئەو داوایەی لێنەكـاتەوە و ئەوەنـدە پشـتگیری هەژاران نەكـات. بـۆ ئەو مەبەستە بە لەیدی گۆدیڤا دەڵێت: ئەگەر تۆ توانیـت بە ڕووت و قـووتی بە سەر ئەسپێكەوە بە ناو شەقامەكانی شاردا بڕۆیت ئەوا من دەسـت لە باج و خەرجی هەڵدەگرم!. داواكەی دەسـەڵاتداری كـۆڤەنتری بە نـاو شاردا بڵاو دەبێتەوە.

بۆ بەیانییەكەی لەیدی گۆدیڤا داواكەی مێردەكەی جێبەجێ دەكات، بە سواری ئەسپێكەوە بە ڕووت و قووتی، تەنها بە پرچی خۆی هەنـدێك لە لەش و لاری دادەپۆشـێت، خەڵكـی نـاوچەكەش هەمـوو دێـنە بەردەمماڵەكانیـان و سـەر دادەخەن، وەكـو ڕێزێـك لەو ژنە ئـازایە. كاتێـك دەسـەڵاتدار دەبیسـتێتەوە كە چـی ڕوویـداوە لە شـوێنی خـۆیەوە دەحەپەسێت و بە ناچاری بڕیارەكەی جێبەجێ دەكات و دەست لە بـاج و خەرجی هەڵدەگرێت لە سەر هاوڵاتیـان. دواتـر دەبێـت بە ئاهەنـگ و

خۆشی لە ناوچەکەدا و ناوی لەیدی کۆدیڤا بە پرشنگداری ماوەتەوە لە مێژوودا و لە زۆربەی شارەکانی بەریتانیا، پەیکەری ئەم ژنە ئازایە هەیە.

ئەو ڕۆژەمان زۆر بە خۆشی تێپەڕاند لەگەڵ کاک تەها، دواتر بردینی بۆ پارکێکی گەورە و لەوێ ماینەوە هەتا درەنگ و پاشان چووین بۆ مارکێت خواردنمان کڕی و ئینجا ئێمەی بردەوە بۆ ماڵەوە و دواتر خۆشی ماڵئاوای لێکردین چونکە برادەرەکانی پەیوەندیان پێوەکرد.

## - ٢٩ -

# مەرگێکی ناوەخت

بە خێرایی بەرەوە وێستگەی شـەمەندەنەفەر دەڕۆیشـتم، نەرم نەرم باران دەباری، بەڵام هیچ هەستم پێ نەدەکـرد. هەمـوو ڕۆژێ کـاتژمێر پێنجی ئێوارە لە ئیش تەواو دەبووم. ودلێ ئەو ڕۆژە زۆر دەنگ کەوتین چونکە سەیارەکەمان پەکی کەوت و ناچار بڕیارمدا کە بە شـەمەندەفەر بگەڕێمەوە بۆماڵەوە. کە گەیشتمە وێستگەی شـەمەندەفەر، خەڵکێکـی زۆر وەسـتابوون. لەو کـاتەدا لە بڵنـدگۆکانەوە گـوێم لێبـوو کە وتـی: شەمەندەنەفەری (کۆڤەنتری) بیست خولەکی تـر دوادەکەوێـت تکـایە ببوورن.

لەسەر کورسیەک دانیشتم، لە تەنیشتمەوە کوڕێکی منداڵکـار بە پێـوە وەستابوو، کابۆیەکی شین و کراسێکی شەکەری لەبەردا بوو، بە ئامێری فلووتەکەی ئاوازی (تایتانیک)ی دەژەند. هێنـدە بە ناسـکی ئەو دەنـگە دەهاتە گوێم، منـی خسـتە نێـو ئەندێشـەیەکی قـوڵەوە، گەڕامەوە بـۆ سەردەمی منداڵی و کۆڵانەکەی خۆمـان و هاوڕێکـانم کەوتەوە یـاد. ئەو ئێوارەیەم بیرکەوتەوە کە یاریمان دەکرد. لەناکاو بەردێک دای بەسەرمدا و سـەرم شـکا. ئەو هـاوڕێیەم کە بەردەکەی کێشـا بەسـەرمدا، زۆر ڕووخساری لەو کوڕە دەچـوو کە فلـووتەکەی دەژەنـد لە وێسـتگەکە.

دواتر ئەو ڕۆژەم بیرکەوتەوە، کە قۆنـاغی خوێنـدنی سـەرەتاییم تەواو کرد، لەبەر ئەوەی کە من پلەی یەکەمم بەدەست هێنـابوو. بەڕێـوبەری قوتابخانەکەمان جوتێک پێڵاوی بەدیاری پـێ بەخشـیم. ئەو کـاتە مـن تەمەنم دوانزە سـاڵ بـوو. بـۆیەکەمین جـار پـێڵاوی چەرم لەپێکـردا!. هەستێکی زۆر خۆش بوو. وەک ئەوەی زەوی کێشم بکـات بـۆ خـۆی، زیاتر قاچەکـانم ڕۆئەچـوونە نـاو زەوی، تەزوویەک بەلەشـمدا هـات. خۆشـترین ڕۆژی ژیـانم بـوو، چـونکە پێشـتر هەر پـاتەی لاسـتێکم لەپێدەکرد. ئەوە سەرەتای پەیوەندی مـن و پـێڵاو بـوو کەلەو سـاڵەدا دروست بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێڵاو چیرۆکی تایبەتی هەبوو لەژیانمدا لە خۆشـی و ناخۆشیکانیشـمدا پـێڵاو هەر بـوونی هەبـوو!. تەنـانەت ئەوکـاتەی کە چـوومە خوێنـدنگەی ناوەنـدی، دوای تەواو بـوون لە خوێندن، ئێواران کارم دەکرد، لە شەقامێکی گشتی شاردا پـێڵاوم بۆیـاخ دەکـرد. لەیـادمە ئێـوارەیەکی هەینـی بـوو لەو شـەقامەدا یەکێـک لە هاوپۆلەکانم هات و پێڵاوەکانی خستە بەردەستم کە بۆی پاکبکەمەوە و بۆیاخی بکەم!. ئای چەند بە حەسرەت بوو ئەو دیمەنە، لەناخەوە ئازارم ئەچەشت، وەلێ بە بەشی خۆم قایل بووم، چونکە هیچ ڕێگە چـارەیەکی ترم لەبەردەمم نەمابوو دەبوایە کار بکەم.

لەناکاو دەنگێکی بەرز هـات و کە سـەرم هەڵبـڕی شـەمەندەفەرەکە لەبەردەمم وەسـتا، ئیـدی گەڕامەوە بـۆ مـاڵەوە، کە گەیشـتمە بەردەم

دەرگای ماڵەوە (مەریوان) و (سامان) م بینی لەبەردەرگـا وەسـتابوون لەگەڵ (سـتیڤ)ی دراوسـێمان قسـەیان دەکـرد. (سـتیڤ) پیـاوێکی خانەنشینی تاک و تەنهـا بـوو، زۆربەی کـات شـۆرتێک و تیشـێرتێکی لەبەردابوو، پیاوێکی وەجاخ کوێر بوو، پێش چەنـد سـاڵێک ژنەکەی بە نەخۆشی شێرپەنجە ڕووحی سپاردبوو. ئەو پیاوە زۆر مـرۆڤ دۆسـت بوو، زۆر کات هاوکاری ئێمەی دەکرد و هەموو شتێکی لەبارەی ئـێمەوە دەزانی. (ستیڤ) هیوایەتی کۆکردنەوە پول و پارەی کۆن بوو، چەنـدین ئەلبومی هەبوو کە پڕ بوون لە پول و پارەی کۆن. لە زەرفێکدا نامەیەکی دەرکـرد و خوێنـدەوە، پاشـان باوەشـێکی میهرەبانـانەی پێـداکردم و پیرۆزبایی لێکـردم و گـوتی مـافی پەنابەریـت وەرگرتـووە. ئەوەنـدە دڵخـۆش بـووم نەمـدەزانی شـەوە یـان ڕۆژە!. لەگەڵ (سـامان) و (مەریوان) باوەشمان بەیەکدا کرد و تێر تێر گریاین.

مەریوان لەبەر ئەوەی ئیشی دەکـرد، زۆر کەم دەمبینـی، تەنهـا یەک شەممان دەردەکەوت لە ماڵەوە، ڕۆژەکانی تـر بەیـانیەکی زوو دەچـوو بۆسەر کار و درەنگانی شەو دەهاتەوە. مەریوانیش وەکو خۆم هەمـوو ژیانی پڕ بوو لە تاڵی و چێژی شیرینی نەهاتبوویە سەر زمانی. شـەوانە جار جار مەریوان دەهات بۆ ژوورەکەم و قسەمان دەکرد، زۆربەی کات ئەو هەر باسـی بـرا گەورەکەی دەکـرد کە نـاوی (نەوشـیروان) بـوو. ئەفسەری مروور بوو، کەسایەتیەکی زۆر ناوازەی هەبوو مەریـوان زۆر

خۆشی دەویست هەمیشە ناوی ئەوی لەسەر زمان بوو، دەگوت: لە دوای دایكم بەس كاكم خۆشدەوێت. كە تەلەفونی بۆ دەكرد منیش قسەم لەگەڵ دەكرد، زۆر بەڕێز بوو، بەڕاستی ئەو وەسفانەی كە مەریوان دەیكرد شایەنی بوو.

سامان هەموو ڕۆژانێكی یەک شەممە. بەیانییەكەی زوو دەچوو بۆ هەفتە بازار كەلوپەلی دەستی دوو هەبوو، زۆربەی هەر بەكار نەهاتبوون و دەیانفرۆشت بە نرخێكی هەرزان لەگەڵ سامان دەچووم بۆ حەفتە بازاڕ هەتا دیاری بكڕین بۆ هاوڕێ و كەس وكارمان. ماوەیەكی زۆر من و سامان لە حەفتە بازاڕ كەلوپەلی كۆنمان دەكڕی و كۆمان دەكردەوە وەكو چۆن (ستیڤ) پول و پارەی كۆنی كۆدەكردوە!. بەڵام من و مەریوان و سامان، هەموومان لەیەک دابڕاین. ئیتر پەیوەندیم كرد بە سدیق و عوسمانی ئامۆزام ئەوان لە شاری (داربی)* دەژیان، و جارێكی تر لەگەڵ ئامۆزاكانم یەكمان گرتەوە. ئیتر لەگەڵ ئەواندا دەچووم بۆ ئیش. ئێوارانیش دەچووم بۆ كۆلێژی فێربوونی زمانی ئینگلیزی. مەریوانیش چوو بۆ شارۆچكەی لافبۆرۆ و لەوێ دەژیا و ئیشی دەكرد. سامان هەر لە كۆڤەنتری مایەوە.

*(داربی) بە شارێكی پیشەسازی دادەنرێت لە بەریتانیا، سەدان كارگەی بەرهەم هێنان لەوێ هەیە و مەحاڵە بێ ئیش بیت لەو شارە. یەک كاتژمێر دوورە لە بێرمینگهامەوە ئەویش هەر لە ناوەڕاستی بەریتانیادایە.

کات زۆر بە خێرایی تێدەپەڕی ڕۆژ بووبوو بە کاتژمێرێک، هەفتە بووبوو بە ڕۆژێک، مانگ بووبوو بە هەفتەیەک، ساڵیش بووبوو بە مانگێک، هێندە بە خێرایی کات تێدەپەڕی. لە دوای سێ مانگ کە لە مەریوان دابڕابووم، ڕۆژێک بەسەردان چووم بۆ لای ئەو، بۆ شارۆچکەی لاقبۆرۆ، لە ماڵێک دەژیا لەگەڵ پێنج کەس، یەکێکیان کاک هونەر بوو، خێرا ناسیمەوە چونکە لە ئەسینا لە هەمان خانوو بەیەکەوە ژیابووین و زۆر کەیف خۆش بووین بە بینینەوەی یەکتری، لەوەش خۆشتر ئەوەبوو کە لەناکاو، کەسێک لە ئیش گەڕایەوە بۆ ماڵەوە کە بینیم (شیروان) بوو باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد، خێرا ئەو منی ناسییەوە. شیروان، کە لە ساڵی ۲۰۰۰ لە سجنەکەی ئیبسەلا چەرچەفەکەی ژێری خۆی پێدام، هەتا گەرمم بێتەوە ئەو کەسەی کە بەردەوام باسی سیاسەتی دەکرد. بەڕاستی ئەوەندە دڵخۆش بووم بە بینینەوە ئەو کەسانە وامدەزانی تازە جارێکی لەدایک بووم و ژیانم لەسەرەتاوە دەستی پێکردۆتەوە.

نەورۆزی ساڵی ۲۰۰٤ مەریوان تەلەفونی بۆ کردم و وتی: پەساپۆرتەکەم بۆ گەڕاوەتەوە، زۆر دڵخۆش بووم بەو هەواڵە، وتی: لە کاتێکی زۆر باشدا گەیشتەوە بە دەستم، چونکە کاک نەوشیروانی برام خێزانی مارە بڕیووە و سێ مانگی تر، ئاهەنگی گواستنەوەی بۆ دەکات. بۆ کاتی ئاهەنگەکەی دەگەڕێمەوە، وەها بلیتەکەی کڕی کە دوو هەفتە

پێش ئاهەنگەکە لە کوردستان بێت. من و سامان چووین بۆ لای و هەندێک کەل و پەلمان پێدا ناردەوە، لەوانەی کە لە حەفتە بازاڕ کڕیبوومان. ئیتر سەفەری کرد بۆ کوردستان.

ڕۆژی هەینی بوو، مەریوان تەلەفونی بۆ کردم و وتی: هەفتەی داهاتوو، ڕۆژی سێ شەممە، یەکەم ڕۆژی مانگی شەش، دەگەڕێمەوە بۆ بەریتانیا هیچتان پێویست نییە؟ پێم گوت: تەنها سەلامەتی خۆت هەموو شتێکە. ئیتر چاوەڕێی هاتنەوەی مەریوانم دەکرد ڕۆژی سێ شەممە دەمویست بچم بۆ فرۆکەخانە بەشوێنیدا، بەڵام هەر دەنگی نەبوو، دواتر تەلەفونم کرد بۆ ماڵیان و لە تەلەفونەکەوە بەس گوێم لە گریان و هات و هاوار بوو، دراوسێیەکیان وەڵامی دامەوە و گوتی لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەر سنوور سەیارەکەیان وەردەگەڕێت و کاک نەوشیروان بە سەختی برینداردەبێت و توشی خوێن بەربوون دەبێت.

هەتا دەیگەیەننە سلێمانی لە باوەشی مەریواندا هەر خوێنی لێدەڕوات هەتا گیان دەسپێرێت، ئەو کە لە مانگی هەنگونیدا بوو ڕووحی سپارد لە ناو باوەشی مەریوان، وەک بۆیان باس کردم مەریوان هەموو گیانی شڵپەی هاتبوو لە خوێنی برا گەورەکەی، هەتا دەیگەیەننە خەستەخانە بەڵام ئەو هەر لە ڕێگە گیان دەسپێرێت.

## - ٣٠ -

# مەرگی ئازاد

ئەو شوقەیەی کە لێی دەژیام لەگەڵ ئامۆزاكانم، تەنها یەک ژوور بوو، ئێمەش زۆر بووین، ئیتر لە ناچاریدا چوومە لای سێ کوڕی تر، ئەوان خانوویەکی چوار ژووریان هەبوو، ئەو خانووە زۆر باش بوو، چونکە هەر کەسەو ژووری خۆی هەبوو، دەم توانی زیاتر پشوو بدەم و ئازادتر بم، لەوەش خۆشتر ئەوە بوو کە هەموومان لە هەمان کارگە ئیشمان دەکرد لەگەڵیەکدا. ژیانێکی سادە و خۆشمان هەبوو. یەکێک لەو کوڕانەی کە لەگەڵماندا بوو ناوی ئارام بوو، ئەو کوڕە زۆر قسەی خۆش بوو، بەردەوام باسی کوڕێکی زاوای بۆ دەکردین کە ناوی(هیوا)بوو.

ئارام سەری زمانی و بنی زمانی کاک هیوای زاوای بوو، هەمیشە وەسفی بۆ دەکردین، کە چەند کەسێکی باش و بەڕێزە و خەڵکی کە دەیبینن، هەموو لەبەری هەڵدەستن و هەندێک کەس سوێند بەسەری کاک هیوا دەخۆن، بەڕاستی هەموومان سەرسام بووین بەم کابرایە.

ئەو کاتە لە کارگەیەکی مریشک ئیشم دەکرد کە ناوی (دۆڤالی) بوو، مریشکەکە بە مەکینەیەک پارچە پارچە دەبوو، ئیتر هەر پارچە و دەچوو بۆ لای چەند کەسێک و ئەوانیش دەیانکردە ناو قاپەوە، من لە بەشی ڕانەکان بووم، چوار دانەمان ئەچەمانەوە و دەمانکردە ناو

قاپێکی پلاستیک، لە گەرمەی ئیش کردندا بوو، ئارام هاتە لامەوە و وتی: ئێستا کاک هیوای زاوام تەلەفونی بــۆ کــردووم و ئەم یەکشــەممە دێــت بۆلامان، تکایە خواردنێکی خۆش بکە با شەرمەزار نەبین.

ڕۆژی یەکشەممە لە بەیانی زووەوە هەســتام و دەســتم کــرد بە مــاڵ پاکردنەوە و خواردن دروست کــردن و ئــارامیش ژووری دانشــتنەکەی ڕێکدەخست. ئیــتر خــۆم تێکــدابوو بــۆنی خۆشــم بــڵاو دەکــردەوە لە ژوورەکە جار جارەش بە برادەرانم دەگوت: کاکە گیان جگەرە مەکێشــن لە ژوورەوە ئەمڕۆ کاک هیوا دێت بۆلامان.

تاقی نیوەڕۆ بوو کاک هیوا لە جەرەسیدا و خۆی کرد بە ژووردا. نــای چیم بینی؟، هەر مەپرسن:

کاک هیوا، مەست و مەدهۆش بوو. شــڵپەی دەهــات ئەوەنــدە بیــرەی خواردبوویەوە ئینجا بۆنی حەشیشی لێدەهات. من حەپەســام و ســەرم کەوتە ژان. ئینجا دەستی کرد بەقسەی سەیر و ســەمەرە، هەر خۆشــی تێنەدەگەیشت باسی چــی دەکــات. هەر لەیەکەم چرکەســاتەوە دەیــان درۆی کــرد بۆمــان. لەوانەش خــراپتر کاتێــک ســفرەم ڕاخســت و خواردنەکەم دادەنا. بانگی کاک هیوام کرد کە لەسەرەوە دانیشێت، بەڵام کە لە شــوێنی خــۆی هەڵســا لە گیرفانەکــانیەوە (کۆنــدۆم)ی لێبەردەبوویەوە. ئیتر مــن خــۆم پێنەگیــرا و ســەیری (ئــارام)م کــرد و پێکەنیم. ئەویش وتی: وەڵا بێ هیوای کردین.

هەفتەیەک تێپەڕی بەسەر ئەو ڕووداوەدا، شەوەکەی کاک ئازاد تەلەفونی بۆ کردم، دوای هەواڵپرسین گوتی: برادەرێکم هەیە بەیەکەوە ئیش دەکەین، کوڕێکی زۆر باشە و کچێکی کوردی لە سوید ناسیووە و مارەی کردووە و ئەم شەممەیە بێتەوە ئاهەنگی هاوسەرگیری بۆ دەگێڕێت. وەرە بۆ ئێرە و بەیەکەوە دەچین بۆ ئەو ئاهەنگە، منیش زۆر خۆشحاڵ بووم. بۆ ڕۆژی دواتر داوای پشووم کرد لە سەرپرشتیاری کارەکەم بۆ ڕۆژی هەینی و شەممە هەڵبەت هەموو یەکشەممەیەک ئێمە پشوومان هەبوو. بۆ ڕۆژی هەینی چووم بۆ شارەکەی کاک ئازاد بە شەمەندەفەر، کە نزیکەی سێ کاتژمێر لەمنەوە دوور بوو، کە گەیشتمە وێستگەکە و دابەزیم، کاک ئازاد چاوەڕێم بوو، زۆر خۆشحاڵ بوو بە دیداری من. شەوەکەی زۆر قسەمان کرد، بە کاک ئازادم گوت: ئەی تۆ کەی بیر لەوە دەکەیتەوە ژیانی هاوسەرگیری دروست بکەیت؟

ـ گوتی: لە دوای کۆچەر مەحاڵە دڵم بدەم بە هیچ کەسێک، زۆر ئەستەمە جارێکی تر عاشق ببمەوە، ڕەنگە لە داهاتوودا حەز لە کچێک بکەم و هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم، بەڵام عەشق تەنها یەکجارە و من هەتا مردن هەر عاشقی کوچەرم. ئەو شەوە هەتا بەیانی بە قسەکردن تێمانپەڕاند و بۆ سبەی کە بەخەبەر هاتین خۆمان شۆرد و نانمان خوارد و ئیتر کەوتینە خۆ ئامادەکردن بۆ ئێوارەکەی بۆ ئاهەنگەکە. هێدی هێدی خۆمان دەگۆڕی و کاتژمێر بوو بە چواری ئێوارە، ئیتر بەڕێ

کەوتین بۆ هۆڵی ئاهەنگەکە، ئەوکاتەی کە گەیشتینە هۆڵەکە تارادەیەک چۆڵ بوو، ئیتر دانیشتین و هەر بە چواردەوری خۆماندا سەرمان دەسوڕاند، وردە وردە خەریک بوو هۆڵەکە پڕ دەبوو لە میوان. لە ناکاو بوک و زاوا هاتن و بوو بە چەپڵە لێدان و هەڵپەرکێ لەگەڵ بووک و زاوادا دەیان کەس و خێزان هاتنە ژوورەوە. نزیکەی کاتژمێرێک تێپەڕی بەسەر ئاهەنگەکەدا، هەرچاوەڕێی کاک ئازاد بووم و نەگەڕایەوە، وامدەزانی چووە بۆ تەوالێت، بەڵام کە بۆی گەڕام لە پارکەکەی دەرەوە بینیم، هەموو گیانی دەلەرزی و جگەرەیەکی بەدەستەوە بوو، کاک ئازاد پێشتر جگەرەی نەکێشابوو، ئەوە یەکەمین جار بوو ئەو پیاوە ببینم بەو شێوەیە، وتم: ئەگەر نەخۆشیت با بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە و لەوێ پشوو بدە. گوتی نا دەمەوێت لێرە بم و ناڕۆم بۆ هیچ لایەک. گوتم: چیت لێبەسەر هاتووە؟ گوتی: کۆچەر،

وتم: کۆچەر چی؟ تەواوی بکە..

هێندە بە تین دەگریا نەیدەتوانی قسە بکات، کە هەناسەی دەدا هەردوو شانی بەرز دەبوویەوە، وەکو ئەوەی هاکا ڕووحی دەرچێت و گیان بسپێرێت. بە گریانەوە گوتی: ئێستا لە ئاهەنگەکە کۆچەرم بینیەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی و منداڵێکیش لە باوەشدایە.

وتم: باوەڕت پێناکەم، هەتا پیشانم نەدەیت

دەستی گرتم و بردمییە ژوورەوە لە لای چەپی هۆڵەکە، لە گۆشـەیەکەوە زۆربەی مێزەکان چـۆڵ بـوون تەنهـا مێزێـک نەبێـت، ژنێکـی گەنـج دانیشتبوو لەبەرامـبەر پیـاوێکی بەتەمەنـدا کە زیـاتر لە کـچ و بـاوک دەچوون، قسەیان دەکرد و منـداڵێکیش لە بەردەمیانـدا یـاری دەکـرد، گوتی: ئەوە کۆچەرە، کە بینیم جلێکـی سـووری کـوردی لەبەردا بـوو، زیاتر لە کیلۆیەک ئاڵتوونی پێوەبوو، جـلە سـوورەکەی داپۆشـیبوو بە گۆبەرۆک و پشتوێن و گەردانە و زنجیر و بازنەکانی دەستی.

باوەشم کرد بە کاک ئازاد و وتم: بـڕۆ بـا بـڕۆینەوە، تاهەنگەکەمـان جێهێڵا و کە گەڕاینەوە بۆماڵەوە، هەتا دەهات دۆخی دەروونی خـراپتر دەبوو. ئیتر ئەو کوڕەی کە لە ماڵەکەدا لەگەڵیدا دەژیا، توانی خزمەکانی ئاگادار بکاتەوە. سێ کەس هـاتن بـۆ ئەو مـاڵە و شـەو لەوێ مـانەوە لەگەڵماندا. ئازاد دەیزانی ئەگەر ماوەی سێ ڕۆژ لە ئیشەکەم دوابـکەوم و نەچمەوە دەرم دەکەن، لەبەر ئەوە زۆر تکای لێکـردم کە بگەڕێـمەوە بۆ شارەکەی خۆم و بۆسەر ئیشەکەم.

بۆ ڕۆژی یەکشەممە منیش ئازادم جێهـێڵاو گەڕامەوە بـۆ شـارەکەی خۆم، بەڵام بەردەوام بە تەلەفـون پەیوەنـدیم بە کـاک ئـازاد دەکـرد و ئاگاداری بووم.

مانگێک تێپەڕی، ڕۆژێک لەسەر ئیش، کاتی پشوو بوو نانم دەخـوارد لەسـەر مێـزەکەی منـیش، سـێ کەس دانیشـتبوون، یەکێکیـان وتـی:

بەداخەوە ئەڵێن کوردێک خۆی کوشتووە لە بەریتانیا، لە ماڵپەڕێکی کوردی بەرچاوم کەوتووە و ئەوانیش هەواڵەکەیان لە ڕۆژنامەی تەلەگرافی ئەو شارە بینیووە و وێنەی ڕۆژنامەکەشیان داناوە و هەواڵەکە ڕاستە. کە ناوی ئەو شارەی ئازادم بەر گوێ کەوت زرمەیەک لە دڵمەوە هات، خێرا تەلەفونم بۆ مۆبایلەکەی خۆی کرد داخرابوو و ژمارەی هاوڕێکەشیم نەبوو. ناچار چووم سەیری ئەو ماڵپەڕە کوردییەم کرد، نوسرابوو ئەو کەسە لەسەر پردێکەوە خۆی هەڵداوەتە خوارەوە و گیانی سپاردووە. بۆ بەیانییەکەی چووم بۆ ئەو شارە و خزمەکانی پرسەیەکی بچکۆلەیان بۆ دانابوو دواتر تەرمەکەیان ڕەوانەی کوردستان کردەوە. مەرگی ئازاد ئەوەندی تر نیگەرانی کردم و ئەوندەی تر توشی خەمۆکی کردم.

کاک ئومێد تازە گەیشتبووە بە ڕیتانیا لە شاری (بێرمینهگام)* بوو، چووم بۆ لای و باوەشێکی گەرممان بەیەکدا کرد و ماچ بارانی کردم.

هەر تەماشای دەکردم، گوتی: گەورە بوویت و چیتر مناڵەکەی جاران نەماویت، بوویت بە پیاوێکی تەواو. بینینەوەی (کاک ئومێد) جارێکی تر کەمێک سەبووری دامەوە و هیوایەکیشی بۆ گەڕانمەوە و کە دەبێت بەردەوام بە هیواوە بژیم و ژیان بەردەوامە.

---

*(بێرمینگهام) دووەم گەورەترین شاری بەریتانیایە لە سەر نەخشە دەکەوێتە ناوەڕاستی بەریتانیا.

لەوە تێگەیشتم کە دەبێت ئەو خەمانەشم خۆش بوێت، کەدەبنە هۆی گەورەبوون و سەرکەوتنم!. ئیتر ژیان بەردەوامە هەر وەک ئەو گەڵایەی کە سەرەتا چەکەرە دەکات و سەوز دەبێت و دواتر لە پایزدا زەرد دەبێ و هەڵدەوەرێ، بەڵام نابێت لەیادمان بچێت، چونکە جارێکی تر لە بەهاردا چەکەرە دەکاتەوە و سەوز دەبێتەوە.

لە دوای مەرگی ئازاد، پارکێک هەبوو لە شاری داربی، کوردەکان پێیان دەگوت: (پارکی قازەکە)، ئێواران دەچووم بۆ ئەوێ و چەند کیسەیەک سەموونم دەکڕی و وردم دەکرد، پاشان ڕۆم دەکرد بۆ باڵندەکان و هەندێکیشم دەخستە ناو ڕووبارەکەو بۆ مراوی و قازەکان. ئەو کاتانەی کە ئەوەم دەکرد ڕووحم ئاسوودە دەبوو، ئیدی هەموو هەفتەیە چەند جارێک ئەوەم دەکرد.

ئێوارەیەکیان ئاریانم بینی لە پارکەکە، بەڕاستی زۆر دڵخۆش بووم بە بینینەوەی ئاریان جارێکی تر، ئەو کە هاوڕێی منالی و کوڵانی خۆمان بوو، ئیتر زوو زوو بەیەکەوە دادەنیشتین، ئەویش هەر لە شاری (داربی)* دەژیا.

*(داربی) بە شارێکی پیشەسازی دادەنرێت لە بەریتانیا، سەدان کارگەی بەرهەم هێنان لەوێ هەیە و مەحاڵە بێ ئیش بیت لەو شارە، یەک کاتژمێر دوورە لە بێرمینگهامەوە ئەویش هەر لە ناوەڕاستی بەریتانیادایە.

## - ٣١ -

# پێڵاو

## بەریتانیا، ساڵی ٢٠٠٤

سەردانی پارێزەردەکەم کرد و چوار وێـــنەم بـــۆ بـــرد بـــۆ ئەوەی داوای پەساپۆرتم بۆ بکات، لە وەزارەتی ناخۆ (هۆم ئـۆفیس). کە مەریـــوان لە کوردستان گەڕایەوە. دۆخی زۆر تێکچـــوو بـــوو. ویســـتمان پرســـە بـــۆ براکەی دابنێین بەڵام نەیهێڵا ئەوە بکەین. وتی: هەر دوعـــای خێـــری بـــۆ بکەن و تەواو، ئێوەش ئیش و کارتان هەیە و هەر کەســـەو بچێـــت بەلای ژیانی خۆیەوە. ماوەی هەفتەیەک لەگەڵیدا مامەوە و کەمێک باشتر بوو. من زۆر باش مەریوانم دەناسـی، دەمزانـــی چەنـد بەجەرگە و هەرگیـــز ناکەوێت لە ئاستی سەختی و کارەساتەکانی ڕۆژگاردا.

دوای ســـێ مانگێـــک منـــیش پەســـاپۆرتەکەم بـــۆ گەڕایەوە. و بلیتـــی گەڕانەوەم کڕی و بـــۆ دوو هەفـــتەی دواتـــر کە ســـەفەر بـــکەم بـــۆ ئەو ژینگەی کە لێی هاتمە دنیاوە، بگەڕێمەوە بۆ باوەشـــی دایکـــم، گـــوێ لە نزاکانی بگرم و بۆنی مێخەکی دەست و پەنجەی بکەم، ئەوەندە بیـــری ئەوم دەکرد کە تەماشای ئاسمانم دەکرد هەموو هەورەکانم لێـــدەبوو بە دایکم. گەڕانەوەی من زۆر شـــتی دەگـــۆڕی لە ژیـــانی خـــۆم و دایـــک و باوکیشم. ئای چەن ئامەزرۆی ئەو خاکە بووم، کە چوار ساڵ بـــوو لێـــی

دابڕابووم، وەکو ماسیەک خۆم دەهاتە پێش چـاو کە لە ئاویـان دابـڕی بێت.

ڕۆژی شەممە کە پشووم هەبوو سەردانی (سامان)م کـرد، ڕۆژی یەک شەممە تاقی بەیانیەکەی. لەگەڵ( سامان) چووین بۆ حەفتە بـازاڕ، هەر لە دەروازەکەدا کچێکی قـژ زەردی، چـاو کـاڵی، لێـو ئـاڵم بینـی کە لە تەمەنی منـدا دەبـوو، لەبەردەم مێزێکـدا وەسـتابوو، سـیمایەکی زۆر شەرمن و شیرینی هەبوو، یەکسەر شیعرەکەی (گۆران)م هاتەوە یاد کە دەڵێت: (قژ کاڵی لێو ئاڵی، پرشنگی نیکا کاڵ، ئەی کچە جوانەکەی، سەر گۆنا نەختێ ئاڵ) چووینە بەردەمی و سەیری سـەر مێـزەکەیمان کـرد، جوتێک پێڵاوی قـاوەیی زۆر نایـاب دانـرا بـوو، یەکسـەر سـامان ئەو پرسیارەی کرد: ئەمە بۆ دەفرۆشیت و نرخەکەی چەندە؟

ـ گوتی: ئەو پێڵاوە ژنێک هێناویەتی بۆی بیفرۆشم و پارەکەی ببەخشێت بە(چاریتی)* بۆ کاری خێرخوازی، پێشـتر ئەو پـێڵاوەی بەدیـاری بـۆ هاوسەرەکەی کڕیبوو، کە لە جەژنی کریسمس پێشکەشـی بکـات، بەڵام بەداخەوە هاوسەرەکەی کە سەربازی بەریتانیە شەهید بوو، لە جەنگـی ڕزگار کردنی عێراق لە دەستی دیکتاتۆر!.

سامان، یەکسەر کڕی و پاشان ڕووی کردە من و گوتی: ئەمە دواهەمـین پـێڵاوە کە بیکـڕم، لەبەر ئەوەی زۆر تـایبەتە دەیبەخشـم بە بـاوکم!.

---

*(چاریتی) واتە خێرخوازی.

سامان تەنها باوکی هەبوو. ئەو کاتەی کە دێتە دونیا دایکی لەسـەر ژان ڕووحی دەسپێرێ و باوکیشی هەر ژن ناهێنێتەوە و هەموو ژیانی خۆی بۆ گەورەکردنی سامان تەرخان دەکات. ئەو هەمیشە باسی ڕەز و باخ و گوندەکەی خۆیانی بۆ دەکردم. باسـی ئەو ئەسـپەی دەکـرد کە هەر لە منـاڵیەوە لەگەڵیـدا بـووە و نـاوی نـاوە (ئەسـتێرە). هەمـیش باسـی خۆشەویستی ئەستێرەی بۆ دەکرد، بەدەم قـوڵپی گریـانەوە دەیگـوت: زۆر بیری دەکەم ئەوە تاکە هاوڕێم بووم لەژیانمدا من بێوەفـا بـوو کە بەجێمهێڵا، زۆر کـوڕێکی بـێکەڵکم، بـاوکم هەمـوو ژیـانی خـۆی بـۆ گەورەکردنی من تەرخانکرد، کەچی منیش کە گەورە بووم سەفەرم کـرد بۆ ئێرە و دوای حەز و ئارەزووەکانی خۆم کەوتـم. ئـاوا پاداشـتی ئەو باوکە بریندار و دڵ سووتاوەم دایەوە. هاتم بۆ ئەم تەنهاییە و ئێسـتاش لێرە دەست و قاچم بەستراوە و هەموو ڕۆژێ چاوم لە کونی پۆستەکەیە کە وەڵامێکم بەنەوە ئەم وڵاتەوە و سەردانێکی ئەستێرە و باوکم بکەم.

بە گریانەوە وتـی: ئەم دیاریـانەت ئەدەمـێ، خـۆت دەزانیـت کە ئەم پێڵاوە زۆر تایبەتە و چیرۆکـی خـۆی هەیە. بیـدە بەدەسـتی بـاوکم و لەباتی من تێـر مـاچی بـکە و بـاوەش بە ئەسـتێرەدا بـکە و هەنـدێک بۆخۆتان غار غارێن بکەن.

لە فڕۆکەخانەی (هیثرۆ)*ی شاری لەنــدەن. لە دوای چــوار ســاڵ بــۆ یەکەمین جــار بەســەردان دەگەڕێـمەوە بــۆ کوردســتان. دوو ســاڵ بە بەردەوامی ئیشم کردبوو، بڕێک پــارەی باشــم نــاردبوویەوە و مــاڵمان بەتەواوی نۆژەن کرابــوویەوە، بە مانــدوو بــوونی هەمــوو ئەنــدامانی خێزانەکەمــان. خەیــاڵم تەواو ئاســودە بــوو، بەخۆشــحاڵیەوە بەرەوە فڕۆکەکە دەڕۆیشتم. هەموو شــتێک بەباشــی دەڕۆی هەتــا ئەو کــاتەی فــڕۆکەکە لە تــارانی پــایتەختی ئێــران نیشــتەوە. هەڵــبەت ئەو کــاتە فڕۆکەخانەی سلێمانی و هەولێر نەکرابوویەوە و گەشــتیار بە ناچــاری دەبوایە بچووبایە بۆ ئێــران یــان بــۆ تورکیــا. لە بەردەم فڕۆکەخــانەوە دەبوایە چوار کەس بەیەکەوە بە تەکسیەک بڕۆین بۆ شــاری مەریــوان. بۆئەوەی هەرزانیتر بێت ســەفەرەکەمان، ڕێگەکەمــان نــزیکەی حەوت کــاتژمێر دەبــوو. گــرفتەکە لەوەدابــوو، کوڕێــک لە تەنیشــتی مــنەوە دانیشتبوو زۆر کەســێکی بێــزارکەر و بەفیــز بــوو. تیشــێرتێک و ســێ زنجیرێکی کردبوویە ملی، دوو تاتوی لەسەر قــۆڵی هەڵکۆڵیبــوو، ئیــتر هەر فیشکە فیشکە جگەرەی بوو، جا کە قسەی دەکرد، یەک جۆر خــۆی ناسک دەکردەوە من لە شوێنی خۆمەوە شەرمم دەکرد.

---

* (فڕۆکەخانەی هیثرۆ) لە شــاری لەنــدەن و یەکــێکە لە گەورەتــرین و قەرەبــاڵغ تــرین فڕۆکەخانەکانی ئەوروپا و پێکهاتووە لە پێنج تەرمیناڵ. لە ساڵی ١٩٣٠ دروست بووە، و لە سەرەتادا وەکو فڕۆکەخــانەی ســەربازی بەکارهــاتووە و بەتــایبەتی لە جەنگــی جیهــانی دووەمدا.

بەکوردی و بەکورتی لەو کەسانە بوو، کە خـودا دوو عـانەی ئەداتـێ و یەکسەر لەخۆی بایی دەبێ و ڕابردووی لەیاد نامێنێ.

لەو ڕێگەیە دوو سێ جار ئەمویست دابەزم، ئەوەندە بێزاری کردبووم. ئیدی خێـزان و کەس و کـاری هەموومـان لەسـەر سـنوور چـاوەڕێی دەکردین لە (مەرزی باشماخ)، عادەت وەها بوو ئەو کاتە: کە گەشـتینە سەر سنوور. لەو کاتەدا ژنێک بەڕاکردن و بەگریانەوە بەرەوو ڕوومـان دەهات، دیار بـوو دایکـی یەکێـک بـوو لەو چوارکەسـەمان. دایکێکـی ماندووی دەستی ڕۆژگار، ئەوەندە شیرین بـوو، پـڕ بە دڵ حەز دەکـرد دەستی ماچ کەم و تێر بۆنی سمڵ ومێخەکەکەی ملـی بـکەم، جلەکـانی تەپ و تۆزاوی کەمێک خـرپن وەکـو دایکـی زۆربەمـان. بە گریـانەوە باوەشـی کـرد بەو کـوڕە بێـزارکەرەی کە باسـم کـرد، بەڵام بەداخەوە لەوکاتەدا کوڕەکە کارێکی زۆر نامرۆڤانەی کرد، خۆزگە من بمردمـایە و ئەو دیمەنەم نەدیبایە. زۆر بێباکانە دایکی لە خۆی دوور خستەوە

بە دایکی وت: تۆ نەخۆشیت

کوڕم بۆ وادەڵێت؟ وەڵا عەیبم نییە

دایکە تۆ قەڵەو بوویت! قەڵەوی نەخۆشییە!

من خۆم لە ڕێگەکە زۆر لێ پەست بووم، ویستم لەوکاتەیا پێی بڕێـژم، بەڵام کە باوکم و ڕێبواری برام بینـی، تەواو سـارد بـوومەوە. ئەوەیـش لەبەرچاوما ون بوو.

باوکم باوەشی پێداکردم و تێر تێـر مـاچی کـردم و دڵـی پـڕ بووبـوو، فرمێسکی خۆشی دەڕشت، لە پێنجوێنەوە بەڕێ کەوتین بۆ سلێمانی، بە کەیف و سەفاوە گەڕاینەوە بۆ مـاڵەوە، خوشـک و براکـانم باوەشـیان پێداکردم و دواتر دایکم بینی خۆشـترین کـات بـوو لە ژیانمـدا، ئەوەی خەم و ئازارە لە بیرم چوویەوە و وەکو ئەوەی کۆرپەیەک بم و جارێکی تر هاتووبێتمە دنیاوە. ماڵمان پڕ بووبوو لە میوان و خزم و کەس و کـار هەموویان هاتبوون بۆ پێشوازیم، هەتا ماوەی هەفتەیەک هەر میوانمـان دەهات و هەمـوو دڵخـۆش بـوون بە بینیـنەوەم و هەمـوو دەیـانگوت گەورەبووە و بەم چوار ساڵە ئەوەندە گۆڕاوە وەکـو ئەوەی چـل سـاڵ بێت، سەفەری کردبێت و تازە دەیبینینەوە.

یەکەمین شت کە کردم سەردانی دایک و باوکی مەریوانم کرد و چونکە ئەوان هێشتا هەر پرسە دار بوون. بۆ هەفتەی دووەم بڕیارم دا کە بـڕۆم بۆ گوندەکەی (سامان) و سەردانی باوکی بکەم و ئامانەتەکەی کە پێـی سپاردبووم پێی بدەم. بەر لەوەی بـگەمە گونـدەکەیان چەنـد کەسـێکم بینی، کە زانیان لای سامانەوە هاتووم. بەگەرمی پێشـوازیان لێکـردم و هەموویان لەدەورم کۆبوونەوە بەڕێ کەوتین بۆ ماڵی سامان، یەکسـەر مامی هات بۆلام منی برد بۆ ماڵی خۆیـان و لەوێ لەددورم کۆبـوونەوە، هەموویان هەواڵی سـامانیان دەپرسـی و خۆشـحاڵ بـوون بە بینیـنم، خەڵکێکی زۆر سادە و بەڕێز و میوان دۆسـت بـوون. لە مـامیم پرسـی

باوکی سامان لە کوێیە؟ هەندێک قسەی کرد و پرسیاری لێکـردم وەکـو ئەوەی بیەوێت پرسیارەکەم لەبیر بباتەوە، بەڵام من دیسان پرسـیارەکەم دووبارە کردەوە، گوتی: ئێستا لێـرە نیـیە. هەرچۆنێـک بێـت قەنـاعەتم نەدەکرد. ئەو کاتە گەیشتینە دەروازەی گونـدەکە زۆرێـك لە هـاوڕێ و دۆست و خزمەکانی هاتنە پێشوازیم، بەڵام دیسان هەر بـاوکیم نەبینـی، وتم: باشە ماڵی ئەوانم پیشان بدە و لەگەڵم هـات کە ڕۆشـتمە بەدەردەم ماڵیان، نە ئەستێرە دیار بوو نە باوکی. چـوومە ژوورەوە لە هەیـوانەکە بـاوکیم بینـی. لەسـەر بەرماڵێـک دانیشـتبوو هەردوو دەسـتی بەرزکردبوویەوە و نـزای دەکـرد، کە بینـیم هەردوو قـاچی نەمـاوە و چاوەکانیشی لەدەست داوە!. مامی بە گریـانەوە گـوتی: لە دوای ئەوەی سامان سەفەر دەکات (ئەستێرە) زۆر خراپی لێبەسەر دێـت و نەخـۆش دەکەوێت و کەس ناوێرێت لێی نزیـک بێـتەوە، چـونکە توشـی هـاری دەبێت و هەر کەس دەچێتە لای بە جووتە لێی دەدات و شەوێک دەچێتە نـاو کێڵگەیەکـی ئەڵغـامەوە، کـاکم دەیەوێـت ڕزگـاری بکـات، بەڵام بەداخەوە (ئەستێرە) دەجوڵێتەوە و ئەڵغام هەنجـن هەنجـی دەکـات و باوکی سامان وایلێدێت کە دەیبینیت!.

دیـارییەکەی سـامان، پـێڵاو بـوو بـۆ بـاوکی، بەڵام بـاوکی هەردوو قاچەکانی لەسەروو ئەژنۆیەوە بڕابوویەوە!.

**سوپاس بۆ ئەم بەڕێزانە کە ماندووبوون بەم بەرهەمەوە:**

- ✓ هونەرمەند هوشیار سەعید: تابلۆی بەرگی کێشاوە.
- ✓ سۆما بابان: هەڵەچنینی کردوود.
- ✓ عومەر عوسمان: دیزانی ناودڕۆکی کردووە.
- ✓ ئیبراهیم سالّح: دیزانی بەرگی کردوود.

**کۆتایی**

**٢٠٠٤**

**نزاکانی دایکم بەردەوام دەبێت..**